# کارەسات

جەلال مەلەکشا



# کارەسات

جەلال مەلەکشا



# کاره‌سات

# جێگەیەک بۆمردن

شار لە ژێر بارانی بۆمبا و تۆپ و ڕاکێت و گوللەدا. لە خوێن گەوزابوو. لە هەموو لاوە، شاریان دەکوتا. دەنگی تەقینەوەی هـاوەن. شـریخ و هـۆڕی فانتۆم، ویزەی گوللە... گرمەی تۆپ... زرم و هۆڕی تانک و زرێپۆش. هەرا و هوریای پێش مەرگە و نەڕە وگوڕەی سەرباز و شین و شەپۆڕی تازیەباران و نالەی بریندار و گرم و قالّی خەلّک ئاوێتە و تێکەلاو ببوون... بیست ڕۆژ بوو شار لە گەمارۆدا بوو.... ئەوانەی کە پێشبینی ئەم بارودۆخەیان کردبوو، پێش دەستپێکردنی شەڕ، شاریان بە جێ هێشتبوو... لە ئاسمانەوە مەرگ دەباری و لە زەوینەوە خوێن هەلّدەقولا... ئەوانەی کە دەرفەتی هەلاتنیان پەیدا نەکردبوو، لە ژێرخانی مالان و پەناگا، خزابوون.

تەرمی کوژراوان، لە شەقام و کۆلان، لە ژێر خۆرەتاوی داخی سـەرەتای هاویندا، هەلّمسابوون و بۆگەنی کەلاک فەزای شاری ئـاخنیبـوو. مـەرگ ئاسایی‌ترین هەوالّ بوو... کەس چاوەڕێ نەبوو، هەلاتنی هەتاوی سبەینێ ببینێ... شەوانە، هەر کە تەقـە بـە ڕێـژەی ڕۆژ، نـەختێ ئـارام دەبـوو... هەرکەس، بیوێرایە و پێی لە جەرگی خۆی دابنایە، لە تەنیا ڕێگەی پشـتی شارەوە، خۆی بەرەو گوندەکانی پشت چیا، دەرباز دەکرد...

حەمەی مام ئەوڕەحمان، لەو کەسانە بوو، کە نەیتوانیبوو تـا ئـەو کاتـە، خۆی و خێزانەکەی لەو دۆزەخە ڕزگار بکات. پێی وابوو، شەڕەکە یەک دوو

ڕۆژ ناخایەنێ... سەرەڕای ئەوە، حەمەی مام ئەوڕەحمان، مرۆڤـێکی ڕژد و چرنۆک بوو... دین و ئیمانی پووڵ بوو... بۆقرانێک، گیانی دەدا... حازر بوو، بیکووژن و داوای فلسێکی لێ نەکەن.... پێی سەیر بوو، ئەو خەڵکە چـۆن مـاڵ و ژیـانی خۆیـان بـەجێدەهێشـت و هەڵـدەهاتن... دەترسـا، لـە خوانەترسێکی دزە، ماڵ و حاڵی تالان بکات...

بیست ڕۆژ بوو، پەسترابوونە ژێرخان، بە هەر تەقینەوەیەک، کاکە حەمە وەک فیشەکە شێتە هەڵدەبەزی.

هـاواری دەکـرد: ڕاکشـێن! ڕاکشـێن... هاوەنـە... بـەزاتی خـودا، لـە ماڵەکەیان دا... خودایە، ڕەحممان پێ بکە!

بەسەر ژنەکەیدا دەینەڕاند:ئەمە قوڕی ئێوەیە من دەیشێلم.... ئەگەر تۆ و ئەم تووتکە سەگانە نەبوونایە...

ڕووی لە ئاسمان دەکرد و: ئەی خوا هەڵینەگری! ... ئا ئەمە چ بەلایەکە ئەوقـەمان بـووە... نـازانم ئەمانـە چییـان دەوێ، مـیراتی بابیـان بـەش دەکەن؟!... ئەو خوا... هەر دوو لایان نوقمەسار کـە!... نـەخێر... ئیتـر جێگەی مانەوە نییە.

بە گرمەی تەقینەوەیەک دەرکە و پەنجەرەکان کەوتنە شەکانەوە.

ـ هەی هاوار کوژراین، هەی داد... هەی بێداد...

کاکە حەمە، لەپڕ تەکانێکی بە خۆی دا و هەستا و وتی:

ـ دەبێ هەر ئەو شەو بڕۆین. هەستە، هەستە منداڵەکان گورجەوە کە.

ـ بۆکوێ بڕۆین پیاوەکە؟ هەر ئەم ژێرخانی خۆمانە لە هەموو جێگایەک ئەمینترە... تفاقیشمان هەیە.

ـ دەتەوێ زیندەبەگۆڕمان کەن!؟ من نامەوێ بمرم. شـار کەسـی تێیـا نەماوە... شار چۆڵ بووە!

لە گۆشەیەکی ژێرخانەکەدا، لای فەرشەکەی هەڵدایەوە و خاکەکەی دا لاوە و جانتاکەی دەرهێنا و تۆز و خاکەکەی سڕییەوە و توندتوند لە باوەشی گرت.

ـ هەر کە هەوا لێڵ بوو، وە ڕێ دەکەوین. لێرە دەرچوونمان نییە. دەبێ زووتر بڕۆین.

دەستێکی پڕ لە خۆشەویستی بە چەمەدانەکەدا هێنا و...

ـ کاری چاکم کرد، پووڵەکەم لە بانک دەرهێنا... دەڵێن بانک نەماوە تالانی نەکەن...دا ژنەکە ئەو ڕادیۆیە بکەوە، بزانین چ باسە؟

کابرایەک لە ڕادیۆکە دەینەڕاند و خەڵکی بە بەرگری و داکۆکی لە شار بانگێشتن دەکرد.

ـ نەخێر، ئەم شەڕە، بەم حاڵەحاڵە تەواو نابێ.

ژنەکە وتی:

ـ ئاخر ئێمە کوێمان هەیە... تۆ بەم ئەخلاقە شیرینەت قەوم و خزمێکت بۆمان نەهێشتووە، بۆ کوێمان دەبەی؟

ـ دەچین بۆ دێ!... دێی خۆمان... هێشتا قەوم و خزممان ماوە... خۆ دەزانن شار لێی قەوماوە. تۆ بکەوە خۆت، هەرچیمان پێویستە کۆی کەوە. بزانم دەتوانم بچمە دەرەوە سەر و گوێیەک دە ئاو بدەم.

کاتێ دەرکەی حەوشەی کردەوە، لە نێو کۆڵاندا، چەن کەسێ ڕاوەستا بوون، دەر و جیران بوون.

ـ کاکە حەمەمەرحەبا! ئەوە تا ئێستا ماوی؟!

ـ دوژمنم بمرێ...

دایانە قاقای پێکەنین.

ـ وەڵڵا خۆ تا ئەم شارە نەنێژی، سەر نانێیتەوە.

-کا حەمە! ئەوە چۆن تۆ نەڕۆیشتووی؟ماڵتە، خۆ کەس لە شار نەماوە.
- ئەی ئێوە چۆن ماونەتەوە.
- بۆ کوێ بڕۆین کاکە حەمە! بە کۆڵێ منداڵەوە، ڕوو لە کوێ بکەین؟
چەند پێشمەرگە، بە هەرا و هۆریا، بە لایاندا تێپەڕ بوون.
کاکە حەمە یەکیانی بانگ کرد:
- ئەرێ کوڕە، کام ڕێگە بۆدەربازبوون ئاوەڵایە؟!
- تەنیا ڕێگەی خدری زیندە ئاوەڵایە... خدری زیندە!
یەکێ لە هاوسێکان وتی:
-مامە حەمە دەتەوێ هەڵێی؟
- ئەی چ بکەم باوکم؟ دانیشتم تا دەمکوژن!
- مەرگ و ژیان بە دەستی خودایە کا حەمە...
-بەلام پیاو چوزانێ، ڕەنگە یەکێ لەم گوللە و تۆپانە ئیزراییل بێت!
قرمەی تەقینەوەیەک، ئەو ئاقارەی هەژاند و سەدمیترێ لەو لاترەوە خانوویەک خاپوور بوو و تۆز و خاک، بەری ڕۆژی گرت.

* * *

هەوا تاریک ببوو. حەمەی مام ئەوڕەحمان و ژن و سێ منداڵەکەی لە ماڵ دەرچوون. لە هەموو لایەکەوە هەرا بوو. خولخولەی ڕۆم بوو. تەقە، گرمە، شریخە، هاوار، جنێو، ناڵە، شیوەن...

کارەبا نەبوو. کۆلانەکان تاریک بوون. حەمەی مام ئەوڕەحمان لەنوا و خێزانەکەی لە دوای دەڕۆیشتن. جانتای پوولەکەی، وەک منداڵێکی نازدار و خۆشەویست بە سنگەوە گرتبوو. ژنەکەی جانتایەکی بە دەستەوە بوو. کوڕە مێرمنداڵەکەیان، کچە چکۆڵەکەی لە کۆڵ نابوو. منداڵە نێوەنجییەکەش لۆی کراسەکەی دایکی گرتبوو. حەمە پەیتا پەیتا دەیوت:

- ونم نەکەن. بە دوامدا وەرن.

گەیشتنە ئاخری کۆڵانەکە. حەمە بۆناو شەقامی ڕوانی. چەند لاشەیەک لە نێوەڕاستی شەقامەکە کەوتبوون. بۆنی گەنیو دەهات. سەگێکی شەل بەسەر لاشەکاندا دەگەڕا. بۆنیانی دەکرد و سەری بەرز دەکردەوە و دەیلووراند.

ئێستا لە سەری کۆڵانەکە، چەند خێزانێکی‌تر، بەتەما بوون، لە دەرفەتێکدا، لە شەقامەکە بپەڕنەوە، بەڵان زاتیان نەدەکرد. گەنجێک وتی:

- من دەڕۆم، ئەگەر پەڕیمەوە، ئێوەش بە دواما بێن. گەنجێکی قولچماغ، گەیشتە نێوەڕاستی شەقام، لەپڕ دەسترێژێکی قورس، جێگەنی کرد و مێشکی پژاند. حەمەی مام ئەوڕەحمان حەپەسا. پیرەژنێک بە سینگ کوتان و قژ ڕنین، بە دوای جەوانی کوژراودا، خۆی هاویشتە نێو شەقام؛ دەسترێژێکی‌تر ئەویشی لە زەوی هەڵبڕی. ئیتر جێی مانەوە نەبوو. هەموو، گەڕانەوە کۆڵان بە کۆڵان، بە کۆمەکۆم و پسکەپسک. گەیشتنە ئەوپەڕی شار. حەمەی مام ئەوڕەحمان بە دیتنی جەماعەتێکی‌تر سوکنایی بە دڵیدا هات و بە خۆشحاڵییەوە وتی:

- ڕزگاریمان هات. ئەو ڕێگە...

هەر لەم کاتە، زیڕەی هاوەنێک، جەماعەتەکەی شڵەژاند. هاوەنەکە تەقیەوە. شەپۆلی تەقینەوە حەمەی فڕێ دا. بە زەرب دای بە زەویدا و گێژبوو. دڵی بوورایەوە. شین و ڕۆڕۆ کەوتە نێو جەماعەتەکە، پێی وابوو، بریندار بووە، دەنگی ژنەکەی خۆی دەبیست، بانگی دەکا. چاوی کردەوە، بەم لا و بەو لایدا چەند کەسێک کەوتبوون.لەپڕ خورپەیەک دڵی تەکان دا:

- جە... جانتاکەم... جا...

چاوی ورد کردەوە. جانتاکەی لەولاتر کەوتبوو. دەرکەکەی کرابۆوە و

چەند سەفتەپارەی پەرش و بڵاو ببوون. بە پەلەپەل، پووڵەکەی کۆ کردەوە و بە سینگیەوەی نووساندن و کەوتە بیری ژن و منداڵەکانی.

ـ ئێوە ساغن؟ منداڵەکان ساغن؟

ژنەکە وتی:

ـ پیاوەکە بۆخاتری خودا بچینەوە بۆ ماڵ. ژێرخانەکەی خۆمان لە هەموو جێگایەک ئەمین‌ترە.

حەمە وتی:

ـ ناگەڕێینەوە؛ زیندەبەچاڵ دەکرێین.

لە شار دەرچوون، کاروانی هەڵاتوان، وەک مێرووولە، ڕێچکەیان بەستبوو و بە هەورازدا هەڵدەزەنان.

لە نیوەی ڕێگەدا قاو کەوتە نێو قافڵە.

ـ ڕێگەکەیان داوە بەر گوللە.

یەکەم هاوەن، لەسەر گردەشانی ڕووبەڕوویان، دڕی بە کارواندا. بوو بە زڵە. هەرکەس بە لایەکدا هەڵدەهات. کەس لە کەسی نەدەپرسی. حەمەی مام ئەوڕەحمان کاتێ بۆ ئەم لا و ئەو لای خۆی ڕوانی، ژن و منداڵەکەی نەبینی؛ لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ لەگەڵ خەڵکەکەدان، لەو دیوی چیا، دادەنیشم تا دێن.

دوو زەلامی زەبەلاح، خۆیان گەیاندە حەمە، یەکیان وتی:

ـ خاڵە! ئەم جانتا زلە چییە؟

دووەمیان وتی:

ـ تۆ بڵێی پڕ لە پووڵ نەبێ؟

حەمە پەشۆکابوو، ڕەنگی هەڵبزرکابوو.

ـ نا، نا... بە سەری ئەنگۆ پووڵ نییە. جا کوانێ ئەو بەخت و ئیقباڵە، جل

و بەرگی منداڵانە. نیگایان، ترسێنەر بوو، ناوچاویان گرژ و مۆن. هەنگاوەکانی شل کردەوە و کەمکەم خۆی وەدوا خست.

ـ دەبێ ونیان کەم.

کەوتبووە هەناسەبڕکێ، عارەق خوساندبووی، گەیشتە لای گاشەبەردێک. پاڵی پێوە دا و بو شاری ڕوانی. دەستڕێژی گوللە، ئاسمانی شاری خەت خەت دەکرد. نەفەسێکی قووڵی کێشا:

ـ ئای ڕزگار بووم!

لەپڕ، هەمان دوو کابرای دیتەوە. بەرەو لای دەهاتن. نەفەس لە گەروویدا گرێچن بوو. یەکیان وتی:

ـ خاڵە، ئەوە لە مەرگمان بێزاری، وا خۆتمان لێ دەشاریەوە.

حەمە، بە پێکەنینێکی پڕ لە ترس و تورەتور وتی:

ـ نەوەڵڵا، ئە... ئەمقسانە چییە. من... مـن، منداڵـەکانم ون کـردووە.

هەردووکیان، دایان لە شاخەی پێکەنین و یەکیان وتی:

ـ خاڵە ئەگەر ماندوو بووی، جانتاکەت بدە هەڵیگرم تا...

ـ نا، نا، نەوەڵڵا ماندوو نیم. نا، زۆر سوپاس.

جانتاکەی بە هەر دوو دەست بە سنگەوە توند گرت و پای لێ توند کرد و بەدەم ڕاکردنەوە هاواری کرد:

ـ دز... دز! چەتە! ئەی هاوار، تاڵانیان کردم، فریام کەون، چەتە!

چەنـد کەسـێ لـە دوورەوە پێـی پێدەکـەنین و حەمـە وەک سـوورە کەروێشـکێکی هەڵـۆ لێـدراو دەکـەوت و هەڵدەسـتایەوە. یـەکێ لـە دوو زەلامەکە وتی:

ـ بەخوا برا چاک ترسا. دەیناسـی؟ حەمـەی مـام ئەوڕەحمانـە، حەمـە چڕنۆکی پێ دەڵێن.

* * *

لەو دیوی کوێستان، قافلەی هەڵاتوو، بار و بنەی خست. هەموو، ماندوو، شەکەت و بێهێز. حەمە هێندە چاوەڕێ ما تا ژن و منداڵەکەی گەیشتن. ژنەکەی بە ڕق و قینەوە بەسەریدا زریکاندی:

ـ هەی ناپیاو! جانتای پووڵەکەت لە منداڵەکانت خۆشەویستتر بوو؟

ـ بێدەنگ بە ئافرەت، ئابڕوومان چوو. کارێ مەکە خەڵک بزانن. هەزار دز و درۆزن لە نێو ئەم خەڵکەدان. ونتانم کرد؛ چ بکەم، تاریک بوو.

ـ تف لە غیرەتت پیاو!

دیسان کەوتنەوە ڕێ. حەمەی مام ئەوڕەحمان لە خوشـیدا حـەجمینی نەبوو:

ـ ڕزگار بووین، ئافرەت! ئەگەر لە شاری بمابایینەوە، وەڵلاهی لـە سـەت گیان گیانێکمان دەرنەدەکرد! زیندە بە چاڵیان دەکردین، تیکەی گەورەمان دەبوو بە گوێمان! ئێستا ئیدی لێیان گەڕێ، هەرچی دەکەن بە بیکەن. با یەکتری خاڵسەکەن کەن!

لای ئێوارە گەیشتنە گوند. قەوم و خزم بە پیریانەوە هاتن. حەمەی مام ئەوڕەحمان قەت بە مێشکیدا نەدەهات ئەو خزم و خوێشانەی کە ئەم عاری دەهات خۆی لە قەرەیان بدات، ئاوەها پێشوازییان لێی بکەن.

هەردەست بە جێ ماڵێکیان دەربەست بۆ ئامادە کرد:

ـ ئای ئافرەت حەسامەوە.

ژنەکەی وتی:

ـوەڵلاهی من شەرم دەکەم. بزانە چییـان دەرحـەق کـردین، تـۆقـەت چاکەت بۆیان نەبووە.

ـ وەزیفەیانە ئافرەت! ئەی خزم و قەوم بۆکەی دەبێ.

لەپڕ ویزەی گوللەیەک هات، شووشەی پەنجەرەکە شەق و پەق بوو.

حەمەی مام ئەوڕەحمان، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، لە پەنجەرەکەوە سەری هێنا دەر و هاواری کرد:

- ئەوە چ باسە، چی قەوماوە؟

ساحیب ماڵەکە، لە حەوشەوە، وتی:

- هیچ نییە مامەگیان مەترسن، دوو نەفەر بۆتە شەڕیان، سەنگەریان لە یەک گرتووە!

لە ناکاو گوللەیەک، ڕاست نێو تەوێڵی حەمەی سمی و لەو دیو، سەری هەڵتەکاند و مێشکی بە دیوارەکەدا پرژاند و لاشەی لە پەنجەرەکەوە بەر بۆوە و لە کۆڵانە بەردەلانەکەدا نەخشی زەوی بوو. زاری بە ئاخێکی ناتەواو نیوە ئاوەلا مایەوە و چاوە پڕ لە پرسیارەکانی، بە تاقی ئاسمانەوە مۆڵەق بوون.

## چاوەکانی قازی

لە دەرەوە غەڵبەغەڵب و هەرا و هوریای خەڵک لەگەڵ شریخ و هـۆڕی گوللە و ناڵە و هاواردا ئاوێتە ببوو. خرمە و زرمەی پێـی، هـەڵات هـەڵات، نەڕەی پۆلیسە دەمشڕەکان و و شیعاری خەڵک: «مەرگ بەر شاه، مەرگ بەر شاه».

نایب قاسمخان، پەردەی پەنجەرەکەی دادا و لە نێو ژوورەکەدا دەستی بە هاتوچوو کرد؛ بێئۆقرە و بێقەرار بوو.

ـ کەی ئەم هەرا و بەزمە تواو ئەوێ، کەی؟ کەی؟ نازانم بۆچـە بـەریان ناگرن؟! مشتێ منالەوردەلە گەرەکیان سەڵتەنەت لە ناو بوەن، هەی تڕ هاو! ئەیژیتە شا، دار بەلەکە! کوڕە شاهەنشا گەرەکی نییە دەس لە ڕووی مەردما بکاتەوە، جا چۆن؟ مەگەر هەروا کەشکە! شا، بەم گشتە دەم و دەزگاوە بە قووڵە و فیکەی منالەوردکە دەس لە تاج و تەخت هەڵگرێ...

کوڕەکەی نایبعەباسخان بە دەم جلگۆڕینەوە وتی:

ـ باوکە گیان! منالەوردەڵەی چە؟ تواو مەردم هەڵساگن. سەرانسەر ئێران یەکپارچە خوێن و ئاگرە! تەواشای ڕۆژنامە بکە، کار لە کار ترازیاگە! بێـرە دەرەوە بزانە دنیا ها بە دەس کێیەوە؟!

نایب قاسمخان، هەردوو چاوی پەڕییە تەوقی سەری و بە سەر کوڕەکەیدا نەڕاندی:

ـ فڵتەفڵت قورمساق! جارێ‌تر لەم قسە مفتگەلە بکەی دەم و دیانت ورد ئەکەم! ئەمانە خائینن، نۆکەر بێگانەن، گەرەکیانە مەملەکەت بخەنە باوەش ڕووسە لادینەکان، قسەی قۆڕ! داس و چەکۆش سەرەنێزە مەحکووم دەکا! ئەی نایکا! شیرەی تێ، موسەدیق بەو گشتە شان و شەوکەتەوە تڕی گۆزەڵەی شای نەشکان! ئیسە چەن ئاموزگارە کوتەرە... لاالەاڵاالله... پیاگ لە داخا سکی ئەماسێ!

بەرەو لای پەنجەرەکە چوو، نەختێ پەردەکەی لا دا و بۆ ناو شەقامی ڕوانی، شەقام چۆڵ ببوو، بۆنی لاستیکی سووتاو و دووکەڵ فەزای شەقامەکەی ئاخنی‌بوو. ئاخێکی هەڵکێشا:

ـ تۆ نازانی ڕۆڵە، نازانی. منالی، هیچت نەدیگە. شا، بەم منالٚبازیگەلە نالەرێتەوە. ئیمریکا، ئیمریکای لە پشتە. ئێرانی کردگە جبەخانە! تۆچوزانی چەی هەس. من دەزانم، من! سی‌ساڵ خزمەتم کردگە، من ئەزانم پادگان‌گەل چەی هاتێیا. ئاخر مشتێ منالەوردکە... دای لە قاقای پێکەنین:

ـ کوڕە، جا بێ و لە داخا مەمرە! هێشتا هیچێ نەوگە شوعار خودموختاریم بۆ ئان! خودموختاری! وا ئەزانن هەروا شۆخییە... ئەرێ وەڵڵا! نیاگیانە ناو سینی بۆتان! خودخوختاری!!

کوڕەکەی، لە بەر دەرکەی ژوورەکەدا، ڕاوەستا بوو، بۆدەرفەتێ دەگەڕا، خۆی دەرباز کا، خۆی بۆ ڕانەگیرا و وتی:

ـ باوکە، میللەت حەق خۆیان گەرەکە، چاو مەردم کریاگەسەو... ئەشێ بۆچە میللەت کورد بە (٣٠)میلیۆنەوە، مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆی نەبێ؟...

ـ فڵتەفڵت، بە زات خوا قەسەم جارێتر لەم قسە گەوجانە بکەی، هەر بە شەق هارتەکەم! سیگارێکی گیراند و مژێکی قووڵی لێ دا و دووکەڵەکەی بە

تووڕەییەوە بڵاو کردەوە. بۆ ساتێ چاوەکانی نووقاند و لەبەر خۆیەوە:
- هە... خودموختاری! قازی محەمەد بەو گشتە... ناوی قازی تەزێکی خستە گیانی.
کوڕەکەی وتی:
- باوکە، ئەزانی مەردم لە بارەتەوە چە ئێژن؟ باوکە! وەختێ قازی محەمەدیان لە دار دا، تۆ لە مەهاباد بووی؟
چاوی دەپەڕاند:
- مەردم چەیژن؟
کوڕەکەی، بێدەنگ سەری داخست. ئەم نەڕاندی:
- وتم مەردم چەیژن؟ لالی؟
- ئەیژن تۆ... تۆ... قسەکەی نەتوانی تەواو بکا،دایە قوڵپەی گریان:
- ئەیژن تۆ ئەو ڕۆژە... باوکە! درۆوە... مەگەرنە؟ درۆوە...
عەباس خان، سەری داخست، شریخەی دەستڕێژی گوللە و هەرا و هوریای خۆپیشاندەران، لە دەرەوە دەبیسترا، تەپەتەپی ڕاکردن و بوەستەی پۆلیس.
تاریکی بەسەر شاردا زاڵ دەبوو، عەباس خان بۆ سەعاتە دیوارییەکەی ڕوانی، کوڕەکەی وتی:
- من ئەچمە دەرەو! عەباس خان وەک فیشکە شێتە ڕاپەڕی.
- بۆکوێ؟ مەگەر نازانی حوکوومەت نیزامییە، هەرکە بگرن نەجاتی ناوێ.
- منیچ وەک ئەم گشتە!
- دانیشە ڕۆڵە، دانیشە! خۆت مەخە ناو گێچەڵ. تلیفوون کە ماڵ خاڵۆت، بێژە دایکت و منالەکان ئیمشەو لە ماڵ خاڵۆتا دانیشن!
کوڕەکەی وتی:

ئیمشەو تەزاهورات شەوانەس!

عەباس‌خان وتی:

بەتۆچە؟ یانێ ئەگەر تۆ نەچی، سەرناگرێ؟! مەگەر تۆ حەچەی بەر ڕانی؟ تۆ بە نان ئەم دەوڵەتەوە گەورە بووگی، تۆ کوڕ...

ـ ئەزانم، ئەزانم. من کوڕ نایب‌عەباس‌خانم! باوکە! ئەزانی ڕەفیقەکانم چۆن تواشام ئەکەن؟ بە چاو گومانەوە تواشام ئەکەن، چونکە کوڕ نایب‌عەباس‌خانم!

ـ مەگەر من ساواکیم؟

ـ کاشکایە ساواکی بوایی و...

ـ بێدەنگ بە قورمساق.

کوڕەکەی، دەرکەی کردەوە و خۆی خستە دەرەوە، عەباس خان دەلەرزی لەسەرما بوویان...

ـکاشکایە ساواکی بوایی. یانێ خەڵک لە بیریان ماگە؟ چەند ساڵە؟ دوای سی‌ساڵ... سی‌ساڵ! ڕەفێقەکانم بە چاو گومانەوە تواشام ئەکەن. کوڕ نایب‌عەباس‌خان. مەردم هیچێ فەرامۆش ناکەن. ئەگەر شا، بڕووخێ تەکلیف من چەس؟ ئەگەر مەردم لە بیریان ماوێ، ئەشێ لەم شارە بارکەم بڕۆم. وەلێ بۆ کوێ بڕۆم، بۆ کوێ سەر خوەم هەڵگرم؟!

هەستی بە سەرما ئەکرد. ددانەکانی یەکیان نەدەگرت؛ دەلەرزی. پاڵتوە نیزامییەکەی توندتوند بە خۆیەوە پێچا.

* * *

بەیانی زوو ـ وەک جاران ـ لە ماڵ هاتە دەرەوە. پاڵتوەکەی بە خۆیەوە پێچابوو. بایەکی سارد پێستی چرچی مل و دەم و چاوی دەرزی‌ئاژن دەکرد. نانەواخانە جمکوت بوو. نایب‌عەباس‌خان خۆی کرد بە نانەواخانەکەدا

و بە دەنگێکی بەرز وتی: شاتر! چوار نانم بۆ بگرە.

خەڵکەکە، ئاوڕیان بۆ دایەوە، شاتر وتی:

ـ بە نۆگە! بە نۆگە نایب! ئەم گشتە بۆ نان وێسیاگن! بە قرپەی پێکەنینی چەند کەسێ،تەریق بۆوە، بەڵام بە ڕووی خۆیدا نەهێنا و وتی:

ـ دەی باشە باوکم! وا بۆچە؟ بێژە بە نۆگە!

لە پاڵ دەرکەکەدا ڕاوەستا. سەری خستە خوار و چـووە نێـو فیکـرەوە. چەند نیگایەک وەک دەرزی دەچەقینە دەم و چاویەوە. لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ دەورت نەماگە نایبعەباس‌خان، خوا عەفووت کا!

دوای سەعاتێک ئەم پا و ئەو پا کردن نانەکانی وەرگرت و گەڕایەوە. کاتێ گەیشتە بەر دەرکە ماڵ، لە پڕ دڵی داخورپـا؛ وەک بـە گۆپـاڵ لـە تەپڵـی سەریان دابێ، گێژ بوو. بە خەتێکی دروشت، لەسەر دەروازەکە نووسرابوو: «مرگ بر قاتل قاضی محمد».

بە خەتێکی وردتر «نایبعەباس خان، قاتل قاضـی محمـد، اعـدام بایـد گردد»!

نانەکان لە دەستی بەر بوونەوە. دەست و پێی کەوتنە لـەرزین. تەقـەی ددانەکانی خۆی دەبیست. ڕەنگی بزرکابوو. دوای ماوەیەک هاتـەوە سـەر خۆی، بە پەلەچووە ماڵەوە. سەتڵێکی ئاو و کوتێ پەڕۆی هێنا. هەرچی کرد خەتەکە نەسڕایەوە، نەوتی هێنا. دوای سڕینەوەی خەتەکە، بە هەزار حاڵ خۆی هاویشتە ژوورەکەی؛ لەرزی گرتبوو، دڵی دەبوورایەوە.

ـ ئەمکوژن، هەزار گیانم بێ گیانێ دەرناکەم! کێ ئەم شوعاریە نووسیگە، قاتڵی قازی محەمەد. ڕووی باوکتان ڕەش بێ، من بۆچە؟ مەگەر مـن کـێ بووگم؟ چۆن تۆمەت و تاوان دروست ئەکەن! کوڕەکە وتی بە چاو گومـان تواشام ئەکەن! کاشکای ساواکی بوایی... ئاخر مـن بۆچـە؟ دادگـا قـازی

محەمەدی کوشت، بە فەرمانی شا، ئیمریکا، ئەریّ ئیمریکا. ئەو شەوە، کابرای ئیمریکایی، نازانم ژنراڵ بوو، تەڕەماش بوو، هاتە پادگان. من تازە چووبوومە سەربازی، گرووبان سیّ بووم.

بە زڕەی زەنگ، مووچرکێکی پێدا هات:

ـ کێیە؟ ناشیّ منالەکان بن، ئاژاوەچییەکان نەون، چە بکەم؟ مۆڵەتم بڕیاگە، ئەشیّ لەم شارە بار کەم، ئەچم، ئەچمە شارێک کەس نەمناسیّ!

هەمیسان زڕەی زەنگی دەرکە، مێشکی هەژاند:

ـ نا، نایکەمەوە، ئاژاوەچین. زانیگیانە تەنیام. زانیگیانە کەس لە ماڵ نییە. ئەو کوڕە بەرەڵلایچە لە ماڵا نییە! خوا ئەزانیّ ئیسە خەریک چەس، ئەو ڕاپۆرتمی نەداویّ؟!

زڕەی زەنگەکە ئەمجارە توندتر لە پێش، نایبعەباسخانی خستە لەرزە.

ـ ئەوە بۆچە ئەونە ترسنۆکم تێیا دەرهاتگە، لە پەنجەرەکەوە تواشا ئەکەم؛ ئەگەر ئەوان بوون، هاوار ئەکەم! خۆ شار بیّخاوەن نییە. جا ئەوە هاتوو هاواریچم کرد، لەم ڕۆمەڵخەزا کیّ بە کێیە. مەردم بۆ سەرم ئەگەڕن، خو دیتان شاتر ئەولەسەن چۆن جواومی داوە. جاران نایبعەباسخان وتنی کەر نەیئەکێشا!

هەڵستا، بە هەنگاوی شل و لەرزۆکەوە چوو پەنجەرەکەی کردەوە، سەری کێشا دەرەوە؛ سپووری گەڕەک بوو. بە فەرخوونەکەیەوە، زەبڵ و زاڵی کۆ دەکردەوە.

ـچەت گەرەکە کوڕە، بەم مەلا بانگدانا شێتمانۆکرد.

ـ ئەشخاڵ، ئەشخاڵ...

ـ ئەشخاڵ، ئەشخاڵ، قورمساق! وەختیّ کەس درگا ناکاتۆ یانیّ ئەشخاڵ نییە، سپوورەکە، سەری هەڵبڕی و وتی:

ـ قورمساق هاوناوتە! باوەحیزەی سەگ‌باوکە. شێت‌بووگی بە خوەتـەوە جوێن ئەدەی؟ ئەگەر پیاگی پات بنە خوارەوە تا کەر بکێشم لە دایکت!

ـ کوڕە، ئەوە ئەزانی تەک کێیا قسە ئەکەی؟

ـ ئەرێ، ئەزانم. تەک یابووە گەڕەکەی چەم قەسـاوخانە قسـە ئەکـەم. دەورتان نەماگە بەگیان ئاغەشاتان! جارێ‌تر لەم گووگەلـە بخـوەی کتـک ئەخەمە ناو شوالت، حالی بووی؟

نایب‌عەباس‌خان، بێ‌دەنگ،ئاخێکی هەڵکێشا و پەنجەرەکەی پێـوە دا و بۆی ڕاکێشا و چاوی بڕیە بن میچەکە:

ـ خەریکم ئەلەرزم، تەکانم خواردگە... مرگ بر قاتل قاضی محمد، هەی هاوار! بە کێ بێژم. من گورووبانە شڕەیەک بووم، من ئەو کارەم نەکردایـە یەکێکی‌تـر ئـەیکرد. گشـتمانیان جـەم کـرد، هاوردمانیانـە چـوارچرا، تـا ئیعدامییەکانیان نەهاورد نەمانزانی چە باسە؟ قازی محەمەد کوایەکی شۆڕی لە بەر کردوو، بیجامەکەی چەرمگ بوو، ئەیژی دوێکە بوو. باڵابەرز و لاغر، گشتمان تواشـامان ئـەکرد. دارەکـەیان هەڵخسـتوو، کـابرای ئیمریکـایی جل‌وبەرگ ئـەرتش ئێـرانی لەبـەر بـوو. سـەرهەنگ هومـایوونی تواشـای سەعاتەکەی کرد. هەوا بوومەلێڵ بوو. سەرهەنگ هومایوونی ڕووی کـردە گرووبانی مەهابادی وتی:

ـ تو گروهبان! تو طناب را بە گردن آن یکی بینداز؛ ئیشارەی بۆ قـازی کرد. گرووبانەکە ڕەنگی پەڕی وتی قوربان من هەرگیز ئەو کارە ناکەم، من خەڵک مەهابادم، نـا، هـەرگیز. ئەگـەر دەریشـم کـەن ئـەو کـارە ناکـەم. سەرهەنگ بە هەر کەسی وت، کەس قەبووڵی نەکرد. دوایی ڕووی کردە من، وتی:

ـ تو اهل کجایی؟ (تۆ خەڵکی کوێی؟)

وتم: ...، قربان!

وتی: اینجور کارها از هرکسی برنمیاد، مرد میخواد، مرد! تو مرد این کار هستی گروهبان!

وتم: قربان، هرچە شما بفرمائید! نازانم بۆچە نەمتوانی سەرپێچی کەم. ئەترسیام دەرم کەن. عومرێک هەژاریم کێشابوو، کرێکاریم کردبوو، برسیەتیم چەشتبوو، ئەترسیام دەرم کەن.

قازی بە لای چاو تواشایەکمی کرد، سینگم دا بەرەوە، بەڵام خوا ئەزانێ قاچم ئەلەرزی. چوومە سەر سەکوەکە وەختێ تەنافەکەم ئەخستە ملی، زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

ـ من بۆ پاراستنی میللەتی کورد ئەم دارەم هەڵبژارد، بەڵام هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات کوردێکی هەڵخەڵەتاو تەناف دەخاتە گەردنم!

خەریک بووم تەنافەکە تووڕ بدەم و ڕاکەم، وەلێ وتم پێ دەکەنن، دەرم دەکەن! تەنافەکەم خستە ملی ڕاست تواشای ناوچاومی کرد، ئەوەندە چاوگەلی بە هەیبەت بوون، خۆم بۆنەگیریا، گمێزم بە خۆما کرد.ئیتر لەو زەمانەوە دوچار گمێزەچۆرتی بووم. دوکتور نەما نەچمە لای، بێفایدە، من مەعموور بووم.

مەعموور و مەعزوور! جا گوناح من چەس؟ ئەی خوایە لەرز کوشتمی، بۆچە منالەکان نەهاتنەوە. تۆ بێژی ئەوانیش وەک مەردم لە بارەمەوە قەزاوەت ئەکەن! ئەی هاوار، ئەم غەڵبەغەڵبە چەس؟ چوارچرای مەهاباد، این کار مرد میخواد... ئای، نا، من سەرهەنگ هومایوونی، من ناتوانم، نا، خەریکن بەرەو ڕووم دێن. خەڵک تووڕەن. دەمیان کەفی کردگە، هاوار ئەکەن، وا مەکە، وا تواشام مەکە قازی محەمەد! من... من مەعموورم، مەعموور و مەعزوور. ئای، وا تواشام مەکە... ئەو تۆ لەو سەرمیچە...

چاوەکانی قازی... ئامان، ئامان! قـازی پێیـان بێـژە نـەمکوژن، ئـەوە خـۆ هەتیمەکەی خوەیچم ها لـە تـەکیانا، ئـەی نمـەک بـە حـەرام. خێـزانم، کەنیشکەکانم،گشتیان کەفتگنە دوای قازی. ئەوە کێ تەنافەکەی پچـڕی. دەرم ئەکەن، لە برسیا ئەمرم. ئیمریکاییەکە چەی پێ هات؟ بۆکوێ چوو؟ سەرهەنگ هومایوونی بۆکوێ ئەچێ؟ ئەی من؟ من تـەنیام. مـەردم وەک هێلانە زەردەواڵە خرۆشیاگن، ئای، من بێ‌گوناحم. مەکەن، مەکەن. ئـەی نمەکبەحەرام. کوڕەکەی خوەم، بە ئیشارەی قازی، تەنافەکە ئەخاتە ملم، دە بمکوژن با ڕزگار بم لە چاوەکانی قـازی، چاوەکـان قـازی... چاوەکـان قازی!

## سەگی ژینەخۆر

هەناسەسوار، شەکەت، سەراپا شەلاڵی عارەق، هەڵدەهات. چەقۆیەکی بە دەستەوە بوو، بە ناو مژ و دووکەڵێکی چڕ و خەستدا هەڵدەهات. جار ناجارێ، هاواری دەکرد:

ـ ڕاوەستە... ڕاوەستە مەلعوون!

* * *

بە مەودای چەند هەنگاو لە نوا، سەگێکی ڕەش، بە نووزەنووز غاری دەدا. دەکەوت، هەڵدەسایەوە، تلی دەخوارد، هەمیسان هەڵدەستایەوە. بڕێجار ئاوڕێکی دەدایەوە، بریسکەی چەقۆکەی دەدیت و دەینووزاند.

ـ دەتکووژم! بەدزات، بێشەڕەف، هار، هار... دەتکووژم!

نووزەی سەگەکە لە نێو مێشکیدا دەنگی دەداوە، چما خۆی دەنووزێنێ، چما خۆی بوو.

ـ نا، نا، ئیتر فریوی ئەو قەلافەت و سیما مەزڵوومەت ناخۆم، سەگی هار دەبێ بکووژرێ.

سەگ هەمیسان کەوت. ماندوو ببوو. زبانی دەرکێشا بوو، خۆی گەیاندێ. بە نفرەتەوە پێکەنی، لەسەر سەگەکە ڕاوەستا، دەم و پلی سەگەکە خوێناوی بوو.

ـ خوێنی منداڵەکانم! خوێنی ژیانم، خوێنی دڵم!

سەگ مەزڵوومانە لێی دەڕوانی. وەک سکاڵای دەکرد. بە چاو دەپاڕایەوە. ئەم هاوارێکی کرد و چۆکی نایە سەر سینگی سەگ و تا دەسکە چەقۆکەی لە سنگی سەگ داچەقاند، نووزەیەکی کرد. ئەمیش بە دەم ژانەوە، زریکاندی. دەستی نایە سەر سینگی خۆی، خوێن لە بەین قامکەکانیەوە فیشقەی کرد. نووزەی سەگ و زریکەی ئەم ئاوێتە بوون.

بە هاواری خۆی لە خەو ڕاچڵەکا. دەلەرزی، عارەقی کردبوو. چاوەکانی گلۆفت، سەگ ئارام و لەسەرخۆ لە پاڵیا خەوتبوو و مرەی دەهات.

* * *

قەساب گوتی:

ـ وەک هەموو ڕۆژێ؟

گوتی:

ـ بەڵێ، وەک هەمیشە.

قەساب گۆشتەکەی بۆ کێشا و پێچایە نێو ڕۆژنامەیەکەوە و دایە دەستی و گوتی: ئەو ڕۆ پووڵی گۆشتەکەت لە کوێ پەیدا کردووە.

ـ ئەم هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

ـ ئەی خودا، گەورەیە.

قەساب گوتی:

ـ لێی گەڕێ پیاو! ئاخر تا کەی؟ مەگەر تۆ غیرەتت نییە، خۆت ئەسیری سەگێ کردووە. ئەم سەری شۆڕ کردەوە. پووڵەکەی ئەژمارد و دایە دەست قەساب. قەساب بە واقوڕمانەوە لێی دەڕوانی.

ئەم گوتی:

ـ چ بووە، بۆ وا تەماشام دەکەی؟

قەساب ئاماژەی بۆ گەردنی کرد و گوتی:

ـ ئەو قەللادە چییە بە ملتەوە؟

ڕەنگی هەڵبزرکا و هیچی نەکوت، قەساب بە داخ و کەسەرەوە سەرێکی لەقاند و کوتی:

ـ قەللادەی کردووی. سەرئەنجام لە غاوی کردە زارت، هەی داد! دەزانی تۆ کێ بووی؟ کوانێ ئەو هەموو شەڕەف و غیرەتە؟ کوانێ ئەو نێوبانگ و... ئاخر پیاو! لەگەڵ ئەو سەگە چ پێوەندییەکت هەیە؟ بۆچی بەرەڵلای ناکەی؟ دەزانی خەڵک چی دەڵێن؟

هات قسەیەک بکات. قەساب ماوەی نەدا:

ـنا، ئیتر کارت گەیشتۆتە ئاکام، دەبێ خاس‌خوایەک خەبەر بدا، ئەم سەگە هار بووە.

ئەم سەری هەڵبڕی، بە لەحنێکی پڕ لە تکا و پاڕانەوە:

ـ خۆ تۆ خەبەر نادەی... نادەی، نا؟

قەساب گوتی:

ـ ئاخر شەڕ، من نەیکەم، خۆ هەر یەکێ پەیدا دەبێ خەبەر بدا، ئەم سەگە هارە. یەکەم قوربانیشی هەر خۆتی.

ئەم بە دەنگێکی کپ کوتی:

ـ ئاخر چۆنت تێ بگەیەنم. ئەم سەگە، سەگێکی ئاسایی نییە، بەرەڵلا نییە، خاوەنی فام و ئاوەزە.

قەساب کوتی:

ـ سەگ هەر سەگە، چ ئاسایی بێ چ نائاسایی!

ـ ئەم قسە پڕ و پووچانە بیانووە. ئەگەر فام و ئاوەزی ببوایە، نەدەبوو بە سەگ!

ئەم کەوتە ڕێ، بەسەری شۆڕ و پشتی کووڕ و جەستەی گرمۆڵەوە، بەرەو

ماڵ بۆوە.

* * *

سەگ ڕاوەستا بـوو، بـە دوو چـاوی سـوور و خـوێن‌تێـزاو، لەسـەر ئـەم ڕاوەستابوو. گەردنی بەرز گرتبوو، ئەم بێ‌دەنگ و گرمۆڵە لە ژێر پێی سەگدا هەڵترووشکابوو. گۆشتەکەی پل‌پل دەکرد و لە پێش سەگی دادەنا. سەگ گۆشتەکەی بە کاوەخۆ دەخوارد و بە مرەمڕ ڕەزامەندی خۆی دەردەبـڕی! کاتێ سەگەکە تێر بوو، خزایە سووچێک و بۆی ڕاکشا. ئەمیش هەستی بە تێربوون دەکرد. بە ڕق و کینەوە لە سەگی ڕوانی. سەگەکەش سەری لەسەر دوو پەنجەی دەستی دانابوو و لە ژێرەوە بۆ ئەمی دەڕوانی؛ دەڵێی دەیزانی چی لە دڵی ئەمدایە. ئەم زۆر جار ویستبووی سەگەکە بکـووژێ. زۆر جـار خەونی بە کوشتنی سەگەکەوە دەدیت. بـەڵام هـەرکات سـەگەکە برسـی دەبوو، ئەمیش ئۆقرەی لێ دەبڕیا. دەست‌بەجێ بۆ تێرکردنی دەست بە کار دەبوو. کاتێ لە خەڵوەتی خۆیدا بوو، بڕیاری بـە کوشـتنی سـەگەکە دەدا، بەڵام تا سەگەکەی دەدی، بڕیارەکەی لە بیر دەچۆوە. سام و ترس ڕۆحـی داگیر دەکرد. تەنانەت شەوێک کاتێ سەگەکە بە پەنجە و ددان قەڵادەکەی خـۆی لـە گـەردنی ئـەم ئاڵانـد، بـێ‌جووڵـە، بـێ‌دەنـگ، لـە ئەوپـەڕی بێ‌دەستەڵاتییەوە، خۆی بە دەستەوە دا. شتێکی بەڵاجەوی بوو. بەیانی زۆر کەس دیمەنێکی سەیر و سەمەرەیان دیت. «سـەگێک، قـەڵادەی لـە مـل پیاوێ کردبوو، لە کووچە و کۆڵانان، پیاوەکەی بە دوای خۆیـدا دەکێشـا.» ئەوانەی کە نەیاندەناسی، پێدەکەنین و ناسراوەکانیش، سەری ئەفسووس و داخیـان دەلەقانـد. زۆری هەوڵـدا قەڵادەکـە بکاتـەوە، بـەڵام دەڵـێی قەڵادەکەیان لە پێست و گۆشتی جۆش دابوو.

سەگ، تێر و تەسەل و ئارام لە سووچێکدا، خەوتبوو. ئەم بە پـێ‌دزکـێ

دەرکەکەی کردەوە. خەم پەنجەی لە دڵی هەڵپێکابوو. تەنیا بوو، تـەنیای تەنیا، نە دۆستێ، نە ئاشنایێ، نە خزمێ، لە کاتێکەوە لەگەڵ سەگدا، ببوو بە هەمخانە و هەمکاسە، ئیتر هەموو دەوریان چۆڵ کردبوو. تەنانەت قسەشیان لەگـەڵ نـەدەکرد. کاتـێ ئـەمیان دەدی، ڕوویـان وەردەگێـڕا و ڕێگـەیان دەگۆڕی. ویستی بچێتە چایخانە. بەڵام چایچییەکە بە ئاشیرە دەری کرد و ڕێگەی نەدا. بە دڵشکاوی گەڕایەوە بۆ ماڵ و لە خۆیدا غەرق بوو.

* * *

لە دەرکەیان دا، سەگەکە بە بیستنی دەنگی دەرکە شڵەژا و بە تـرس و لەرزەوە خۆی باریکەوە کرد و لە سووچێکدا هەڵترووشکا. کـێ بـێ باشـە؟ قـەت کـەس سـۆراغی نـەدەگرت. دڵـی تونـد لێـی دەدا، بـە چـاوێکی سەرزەنشتبارەوە لە سەگەکەی ڕوانی. سەگ هەستی بە مەترسی دەکرد. سەگ و خاوەنسەگ هەردووکیان بە یەک ئەندازە ترسابوون. ئەمیش ڕۆیی و لە پاڵ سەگەکەدا هەڵتووتا. سەگ دەینووزاند، ئەم گوتی:

ـ بێدەنگبە! کاتێ بزانن کەس لە ماڵ نییە دەڕۆن. ئاخۆ کێبێ؟ چییان دەوێ؟ نەکا پەنێکت دابێ؟

دیسان لـە دەرکـەیان دا. ئـەمجارە تونـدتر. دەنگێکـی سـامناک دڵـی ڕاتڵەکاند:

ـ دەزانین لە ماڵی، دەرکەکە بکەوە، نەیکەیتەوە دەیشکێنین!

سەگ خۆی گرمۆڵە کردبوو. مچوڕکی پێدا دەهات. ئەم بەسەر سـەگدا نەڕاندی.

ـ سەگی سەگباب! چیت کردووە؟ ها، هەمیسان زیـانی کێـت کـردووە، نەفام، سەگ سار!

سەگ گرمۆڵە ببوو. وەک هەمبانە دڕاو باکەی خاڵی ببوو. دەلـەرزی و

دەینووزاند، ئەم هەستایە سەر پێ و بۆ لای دەرکە چوو:
ـکێیە؟
ـ پۆلیس!
دەرکەی کردەوە، هاتە نێو حەوشەکە:
ـ لە کوێیە؟
ئەم بە سەر ئاماژەی بۆ ئەو دیوە کرد سەگەکەی تێدا بوو:
ـ لەوێیە سەرکار، چی کردووە؟
ـ بڵێ چی نەکردووە؟ هار بووە هار! گازی لە لاقی چەند کەسێ گرتووە، زیانی جیران و دراوسێ کردووە. خەڵک لێی جاڕز و عارز بوون.
ـ من بێخەبەرم. نازانم بۆ کوێ دەچێ و چی دەکا.
پۆلیس سەرانسەر حەوشە و دیوەکان گەڕا و کوتی:
ـ من لێرە سەگ نابینم.
ئەم کوتی:
ـ بە دوایدا مەگەڕێ، نایدۆزیتەوە. ئاخر، ئەو سەگە، سەگێ سەیرە؛ بڕێ جار ون دەبێ، غەیب دەبێ، تەنانەت منیش نایدۆزمەوە!
پۆلیسەکە وتی:
ـ من بە ناوی قانوون بە بۆنەی ڕاگرتن و بەخێوکردنی سەگێکی هار تۆ بە تاوانبار دەزانم و دەستبەسەرت دەکەم.
یەکێ لە دراوسێکان کوتی:
ـ شوورەییە پیاو! ئیتر بەسە، شەرم بکە!
یەکێتر کوتی:
ـ ئەمجارە هەوڵ بدە پیاو، هەوڵ بدە!
پۆلیس ویستی کەلەبچەی لە دەست بکا، بەڵام کاتێ قەللادەکەی

گەردەنی بینی، کەلەبچەکەی لە گیرفان نا و سەری قەللادەکـەی گـرت و ڕایکێشا.

* * *

سەگ تێر و تەسەل باوێشکێکی دا، سەری نایە کۆشی ئەم. ئەم بەڵام لە خۆی کردەوە.

ـ بە تەناف دەیکووژم. هەڵیدەواسم. تۆزێ ئێشی هەیە و تـەواو، چەنـد دەقیقە پەلەقاژێ و تەواو! دەڵێن هەرکە بۆشکە یا سەندەڵییەکەت لە ژێـر پێی ئیعدامی لابرد، بە تەوژم بەر دەبێتەوە و دەس‌بەجێ دەماری دەقرتێ و بێهۆش دەبێ و ئیتر بە پەلەقاژەکەی خۆیشی نازانێ. بۆ زگم پێ دەسووتێ. لێی گەڕێ با ئێشی مەرگ سۆ بخاتە دڵـی. عومرێکـە دەمچەوسـێنێتەوە؛ حەقی خۆیەتی! لێی گەڕێ با تا حەز دەکا هاوار کا، تا دڵی دەخوازێ بوەڕێ و هەڵنووزێنێ. بەم شەوە درەنگانە کەس وە فریای ناگا. ژیان و مەرگی بۆ کەس گرینگ نییە. ڕەنگە مردنی ئۆخژن بخاتە دڵی خەڵـکەوە... سـەگ وەنەوزی دەدا.

کاتێ پەیدام کرد، سەگێکی چکۆڵە و توڵەفەرنگییەکی لەبـەردڵان بـوو. فریوی چاوەکانیم خوارد. توڵەفەرەنگییەکی چووکەڵە و لەبەردڵان. غەریب بوو؛ غەریب و تەنیا. گەلەسەگ لێی هالابوون، سەرەتا دەهـات و دەچـوو، جێی مەترسی نەبوو.

* * *

دەرکەی گەورەی زیندان کرایەوە و ئەم پێی نایە دەرەوە. پڕ بە سینگی هەوای تازەی هەڵمژی. لەپڕ، سەگەکە... سەگەکە چاوەڕوانی ئەم، لە ئەوبەر شەقام ڕاوەستابوو. ئەم بە نفرەتەوە تفێکی کردەوە:

ـ ئاخ! مەلعوون!

سەگەکە لاواز و گەڕ ببوو. بێهێز و ڕەقهەڵاتوو. دەلـەرزی و بـە زۆری خۆی لە سەر پێ ڕاگرتبوو؛ چەپەڵ و قوڕاوی. بە دیـتنی ئـەم بـە ڕقێکـی شەیتانی کەوتە نێو چاوانی. بە نـووزەنـووز خـۆی بـۆ لای ئـەم دەکێشـا. چاوەکانی تژی لە پاڕانەوە و نیاز بوو، برسی بوو، هات و خۆی کوتا بە بـەر پێی دا. وەفادارانە دەسی کرد بە کلکلەسووتێ! خۆی بە لاقیدا دەماڵی.

ـ هەمیشە هەروا دەست پێدەکا، هەمیشە هەروا.

سەگ قەڵادەکەی لە مل بوو. ئەم دەستی برد بۆ گـەردنی خـۆی. لـە زیندانـدا قەڵادەکە شکابوو. ئەم چاوی بەم لا و بەولا گێڕا. کەس چاوەڕوانی نەدەکرد، هیچکەس. تەنیای تەنیا لە دڵی خۆیەوە کوتی:

ـچ بکەم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟

سەگ ئۆقرژەی لێ بڕابوو. بەتەمای بڕیاری ئەم بوو. ئەم بەڵام لەقەیەکی تێسرەواند.

سەگ سەرەنگر بوو. کەوت و زەلیلانە نووزاندی.

ـ نا، ئیتر فریوت ناخۆم؛ لە بەر چاوم گوم بە، گوم بە!

سەگ دیسان لە بەر پێی ئەمدا خۆی دا بە زەویدا و چاوە مەزڵوومەکانی بڕییە نێو چاوانی ئەم.

ـ شەیتان، شەیتان! چیت دەوێ؟ برسیتە؟ بڕۆ یەکێکیتر بدۆزەوە.

سەگ ناڵاندنی، نووزاندی؛ ئەم لە زبانی سەگەکەی دەزانی.

ـ هەر جارێکیتر، هەر یەکجار و ئیتر بەس. تەنیا یەکجار.

هەنگاوەکانی شل بوو، دڵی پێ سووتا.

* * *

ـ لەگەڵ تۆمە، هۆی دۆستی دێرین!

ئاوڕی دایەوە، ئاشنایەکی قەدیمی بوو.

ـ بمبوورە کاکە، گوێم لە دەنگت نەبوو.

تەوقەی لەگەڵ کرد. بە سەرسوورمانەوە کوتی:

ـ کوڕە ئەمە خۆتی، وەڵاهی بە حاڵ ناسیتمەوە، بۆ وات لێهاتووە، چ بەڵایەکت بەسەر خۆ هێناوە؟ ئەم تەشک و قەڵافەتە چییە بۆخۆتت پێکهێناوە؟ ئەم قەللادە چییە لە ملتا؟ ئاخ قسەکان درۆ نەبوون؟

ـ قسە؟

ـ وا دیارە وەک کەو سەرت دەنێو بەفر کردووە و ئاگات لە دەور و پشتی خۆت نییە. جەریانی ئەو سەگە چییە؟ ڕاست دەکەن شەو و ڕۆژت دەگەڵ سەگێکدا ڕادەبوێری؟ تۆ خۆ وا نەبووی؛ کەسایەتییەکت هەبوو، هونەرت هەبوو، پیاوی ناو پیاوان بووی، ئەی ژن و منداڵەکانت چۆنن.

ئەم گوتی: خواردنی سەگەکە هەموویانی خوارد، ژن، منداڵ، ماڵ، سامان؛ هەمووی خوارد، هەموو!

دۆستی قەدیمی گوتی:

ـ بەم حاڵەشەوە هێشتا دەستی لێ هەڵناگری.

ئەم بە نەختێ تووڕەییەوە کوتی:

ـ هەرکەسێ هەڵدەستێ ئەم قسانە دەکا، کاکە تۆ نازانی دەردەکە چییە؟ بۆخۆت دوچاری ئەم دەردە نەبووی تا بزانی ڕزگاری لە دەستی چەند سەخت و دژوارە؛ من مەجبوورم، مەجبوور! خۆشم لێی بێزارم، بێزارم، بەڵام مەجبوورم، مەجبوور!

ـ مەجبووری؟

ـ تو نازانی. ئاخر ئەم سەگە، لە جێگایەکی ترەوە نەهاتووە، ئەم سەگە...

ـ بیستوومە شەو و ڕۆژ کار دەکەی و بەرهەمی کارەکەت دە گەرووی سەگ دەکەی.

ـ ئاخر ئەگەر تێر نەبێ، خۆم دەخوات. دەزانی زوحاک کێ بوو؟ هەر ئەو پادشایە کە دوو ماری لەسەر شان ڕوا بوو. ئەگەر هەموو ژەمێک دوو لاوی بە مارەکان نەدابایە، خۆیان دەگەست، خۆیان دەخوارد، منیش زوحاکم و ئەو سەگەش مارەکانە!

ـ بیستوومە لە جیاتی ئەو سەگە زیندانیش کراوی؟

ئەم سەری شەرمی داخست و گویت:

ـ گۆشتم بۆ دزیو

ـ لەو ماوەی لە زیندان بووی، سەگەکە لە کوێ بوو؟

ـ کاتێ زیندان کرام، ئەویش خۆی گوم کرد. هێندێ جار نووزەیەکم لە دەرەوە دەبیست. هەتا دەهات نووزەی کز دەبوو. کاتێ ئازاد بووم، لە بەر دەرکی زیندان چاوەڕوانم بوو. هەر کە منی دیت دەستی کرد بە کلکەسووتێ؛ هات و خۆی بە لاقما مالّی. بە لەقە لە خۆم توورم خستەوە، تاراندم، ماوەیەک ئاسوودە بووم؛ بەڵام دەست بەردار نەبوو. وەڕە و نووزەی بەردەوام لە گوێمدا دەنگی دەدایەوە. شەو تا بەیانی لە کۆڵاندا دەینووزاند. شەوێکیان هەر کە دەرکەم کردەوە خۆی کرد بە ژوورەکەمدا و ئیتر...

ـ ئەی بۆ... بۆڵێت نەدا، بۆ دەرت نەکرد؟

ـ تەنیا بووم، لە تەنیایی گیان بەسەر ببووم... غەریب بووم، تانە و تەشەر، تانووت و... ئاخ تۆ نازانی! نازانی!

* * *

بەڵام خێزانم هەر لە ئەوەڵەوە لە تەکیا دوژمنی ئەکرد. دەیکوت: من لەم سەگە بەدقەلافەتە دەترسم.

دەیکوت: وەیشوومە، بەرەڵلای کە با بڕوا. دەیکوت: لە نێو چاوەکانیا شەیتان خۆی حەشار داوە؛ من پێی دەکەنیم.

دەمگــوت: ئــافرەت بــۆهێنــدە دواکــەوتووی. دەمکــوت: ئــاخر ئــەم تولەفەرەنگییە بێئازارە چ زیانێکی بە تۆ گەیاندووە. بەڵام کاتێ بۆ یەکـەم جار لاقی کوڕەچووکەکەی داپڵۆساند، ئیتر خێزانم بیانوو کەوتـە دەسـتی. هەر دوو پێی دەکەوشێ کرد. دەیگوت:

ـ ئیلا و بیلا دەبێ لە ماڵێی دەرکەی. بەڵام من خووم پێ گرتبوو. هـەر کە خێزانم دەیکردە هەرا و قیژە، پەنای بۆ من دەهێنا، لە پشتمەوە خـۆی دەشاردەوە، دڵم پێی دەسووتا. ڕۆژێ کارەسـاتەکەی قەومانـد، یەکـەمین منداڵمی خوارد!

* * *

هەستا، بە پێدزکێ چووە متبەق، کاردێکی تیژ و درێژی لەگـەڵ خـۆی هێنا.

ـ تەناف باش نییە، بەم کێردە دەیکـووژم، تـا دەسـکە دە نێـو دڵـی ڕۆ دەکەم. خەونەکەیشم دێتە دی. دەمەوێ پەلەقاژەیەکەی ببینم. ئۆخژن و ئۆخەی بێتە دڵما. دەمەوێ ئێش و ئازاری زۆر بێ مەلعوونی سەگسار!

ـ کاتێ ئەم منداڵەی خواردم، دەرم کرد. بە شەپان خستمە نێو کۆڵان. خێزانم قەت ئەو کارەساتەی لە بیر نـەچۆوە، منـیش خـەریک بـوو بـیری تولەفەرەنگی لە مێشکم دەرچێ، بەڵام شەوێک نووزەنـووزی لـە کـۆڵان و پشتی دەرکە بەرز بۆوە. ئەو شەو زۆر دڵتەنگ بووم کاتێ دەرکەم کردەوە، سەگەڵ ئابلۆقەیان دابوو، لە ترس و لە سەرما دەلەرزی. خوێناوی و قوڕاوی بوو. بە خێزانم گوت:

ـ ژنی چاک بە! هەر ئیمشەو پەنای دەدەم، شەوێ نابێتە هـەزار شـەو، تەنیا ئیمشەو. سبەینێ زوو خۆم دەیبـەم لـە دەرەوەی شـار بـەر هـەڵای دەکەم!

هەر ئەوە بوو. هەمیسان جێگەی خۆش کردەوە. هەمیسان ژیانمان ئاڵۆز بوو. خێزانم بەردەوام هاواری دەکرد، تا وای لێهات لە بەرامبەرمدا ڕاوەستا و کوتی:

ـ یەکمان هەڵبژێرە، یان ئێمە، یان ئەو سەگە!

هەنووکە لە ئەندێشەی هەڵبژاردندا بووم کە تولەفەرەنگی کاری تەواو کرد و هەر ئەو شەوە خێزانمی خوارد. منداڵەکانمی خوارد. ژیانمی خوارد، بۆ بەیانیش بوو بە فەرمان ڕەوای ماڵ. شەوێکیش کاتێ لە خەودا بووم، قەلادەی دە گەردنم ئالا».

سەگ خەوتبوو، تێر و تەسەل، مڕەی دەهات.

ئەم بە ڕقەوە لێی ڕوانی:

ـ زەهری دەدەمێ! ئا... ئا... بە ژار دەیکووژم، بێدەنگ... بێدەنگ!

* * *

بۆنێکی گەنیو، هەموو گەڕەکی هەڵگرتبوو. خەڵک سەرەتا نەیاندەزانی بۆنی چییە و لە کوێوە دێت؟ سەرئەنجام کاتێ چاوکەی بۆنەکەیان دۆزییەوە، خەبەریان بە پۆلیس دا. هاتن دەرکەیان شکاند. دەمامکیان لە دەم و چاو نا و دوای چەند دەقیقەیەک، یەکێ لە پولیسەکان هاواری کرد:

ـ لێرەیە، وەرن، لێرەیە، مردووە.

هەر لەو کاتا لەپڕ، بوونەوەرێکی سەیر و سەمەر و بەلاجەوی، شتێکی کە نە وەک سەگ دەچوو، نە بەشەر لە دەرکەوە خۆی خستە نێو کۆڵان، دڕی بە خەڵکی دا و لە چاو ون بوو.

یەکێ وتی: سەگ بوو؛ یەکێتر وتی: جەلال بوو، خودی خۆی بوو؛ ئەوەڵی کوتی: من بە چاوی خۆم دیتم، سەگەکە بوو؛ دووهەمی کوتی: منیش بە هەر دوو چاوی خۆم دیتم، جەلال بوو، خودی خۆی بوو!

## سلێمان و گەنج و ئەسپە ڕەش

سلێمان پیاوێکی هەژار و نەدار بوو؛ وەرزێڕێکی خۆش‌نشین و بێ‌زەوی بوو. ساڵ دوازدەمانگ تەقالای دەدا و عارەقی دەڕشت، بەڵام کورد گوتەنی هەمیشە هەشتی لە گرەوی نۆدا بوو و بە هەزار حاڵ زگی ژن و منداڵە ڕەش و ڕووتەکانی تێر دەکرد. بەم حاڵەشەوە دایمە شوکرانەبژێری خودا بوو. بەیانان پێش لە هەمووکەس دەچووە مزگەوت و درەنگتر لە هەمووان وەدەر دەکەوت. ژنێکی وەفادار و داوێن‌پاکی هەبوو. هەرکات سلێمان لە هەژاری و نداری وەڕەز و جاڕز دەبوو، دڵی دەدایەوە. قەت نەیتوانیبوو جل و بەرگێکی تازە بۆ ژن و منداڵەکانی بکڕێ. لە قرچەی هاوین و سەرما و سۆڵەی زستانا پێخاوس بوون و بە توێی کراسەوە دەگەڕان.

ساڵگارێک بەم جۆرە ڕابرد و سلێمان تەمەنی چووە سەر، سەر و سمێڵی بوو بە مەزرای گەنم و جۆ. لە وەرزی زستانانداندا، پاچ و بێڵێکی هەڵدەگرت، گوێدرێژەکەی دەدا بەر و ڕووی دەکردە دەشت و چیا و هەر جارە بارێ گەون، یان چیلکی بار دەکرد و بە فرۆشتنی، نەیدەهێشت منداڵەکانی برسیەتی و ڕووزەردی بکێشن.

ڕۆژێک، سواری گوێدرێژەکەی بوو، ڕووی کردە گردەڵانی ئەو بەر ئاوەدانی.

* * *

پاچەکەی داکوتا، هەرچی کرد و کۆشا، بنجی گەونەکەی بۆ هەڵنەتەکا. عـارەقی دەم و چـاوی بـە دەسـرەکەی سـڕیەوە. ئـەمجار هـەموو هێـزی کۆکردەوە؛ تاشەبەردێکی زەبەلاحی هەڵتەکاند. جارێک و دوو چار چاوەکانی گلۆفت. بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد. بە واق‌وڕماوی و سەرسووڕماوییەوە، هەر دوو پێی لە عەرد چەقی بوون؛ ژێر بەردەکە چاڵ بـوو. دوو گـۆزە لـە تەنیشت یەک، دەرخوونەیان لەسەر بوو. بە دەستی لەرزۆک، دەرخوونەی گۆزەکەی هەڵگرت؛ هاوارێک، ئاوێتەی شادی و سەرسووڕماوی... گۆزە پڕ بوو لە سککەی زێڕ... سککەی زێڕ؛ بریقەیان دەهات. بە پەلە، مشتێکی لە گیرفان کرد، بۆ ئەم لا و ئەو لای خۆی ڕوانی، کەس دیار نەبوو. بە خـۆی گوت: نا. بێ عاقڵ مەبە سلێمان، بلا شەو بێ... شەو، نابێ کەس بزانێ.

بەردەکەی لە سەر جێی خۆی داناوە. لە خۆشیان شاگەشکە ببوو، ئەژنۆی دادا و ڕووی کردە ئاسمان.

-خوای فەقیر و هەژاران! شوکر، شوکر، خوایە شوکر.

بارە گەونی بار کرد و گەڕایەوە. تەنانەت بە ژنەکەیشی نەگوت. دەیزانی، قسە بکەوێتە زاران، دەیلێنەوە هەزاران؛ بەتایبەت زاری ئافرەت.

نیوەشەو، تا جواڵێکی خستە سەر شان و لە لای ماڵانەوە دزەی بۆ کرد و لە ئاوایی دەرچوو. مانگەشەو بوو. دوو هۆمە زێڕی لە جەواڵ کرد. هۆمەکانی شکاند. چاڵەکەی پڕ کردەوە. جەواڵی بە کۆڵدا دا و گەڕایەوە. دێ کش و مات و بێ‌دەنگ بوو. هەموو لە خەودا بوون. گەنجەکەی لە شـوێنێکی بـە متمانەدا تاقەت کرد.

تا مەلابانگدان خەو نەچووە چاوی. لە نێو جێدا جینگڵـی دەدا و بـیری دەکردەوە:

- ناهێڵم کەس بزانێ. دەیکەمە دەنگۆ، کابرایەکی خێرخوا، سـەرمایەی

پێداوم مامڵەی پێــوە بکــەم. دەس دەکەمــە چــۆداری. لــە کەمــەوە دەس پێ‌دەکەم. چەند سەرێ مەڕ دەکڕم. کەم‌ـکەم زیـادی دەکــەم؛ دەیکەمــە ڕانێ. خانووبەرەیەکی گەورە دەکەمەوە. زەوی دەکڕم، کشت‌وکاڵ دەکەم. خودایە! شەرت بێ نەهێڵم کەس، سەری بێ شێو بنێتەوە. یارمەتی خەڵک دەدەم. دەبم بە یەکە دەوڵەمەندی ئەم وڵاتە.

* * *

بەرەبەرە ماڵ و سامانی سلێمان پەرەی دەستاند و نێو و نێوبانگی بـڵاو دەبووەوە. ڕانە مێگەلی تا دەهات زیادی دەکرد. دەستی دایە زەوی کڕین. کرێکار و ڕەنجبەری گرت. خانووبەرەیەکی گەورەی لە باشترین جێگەدا ساز کرد. یارمەتی خەڵکی دەدا. هەر شەوی جومعە، مەڕێ یان گایەکی قوربانی دەکرد و گۆشتەکەی بە ناو خەڵکدا دەبەشیەوە. بۆخۆیشــی وەک جـاران، شان بە شانی ڕەنجبەر و کرێکارانی کاری دەکــرد. بــەم حاڵەشــەوە، وەک جاران، بەیانیان پێش لە هەموو کەس دەچووە مزگەوت و پـاش هــەمووان وەدەر دەکەوت. بە خەرجی خۆی، مزگەوتی تەعمیر کرد و حەمامێکی بۆ خەڵکی ئاوایی کردەوە. دەستی بە دەم فەقیر و هەژارەوە بـووو. خــەڵــکی سوێندیان بە سەری دەخوارد. ببووە گەورە دەمڕاستی خەڵکی ئەو مەحاڵە.

* * *

ڕۆژێک، لای نیوەڕۆ، دوای دەس‌کێشان لە کار، لە سێبەری دارێکی قەراخ چۆمێ دانیشتبوو. لەولاوەتر، ڕانە مەڕەکەی دەلەوەڕین و هەتا چـاو بـڕکا، وەرزێڕ لە زەوینەکانیدا خەریک کار و فرمان بوون.

چووبوو دە فیکرەوە:

ـ لە کوێ بە کوێ گەیشتی سلێمان! هەر ئێستا ئەگەر لێو ببزێوی گشت دێهاتەکان دەکڕی. بەڕاستی، ماڵ و دارایی چ هێزێ بە پیاو دەدا.

حیلەی ئەسپێکی بیست، بەم لاولایدا ڕوانی، هیچی نەدیت.

ـ ئەسپ! بۆچی تا ئێستا بیرم لێ نەکردووە ئەسپێ بکڕم. عەیب نییە بە سواگە بگەڕم. ئەمجارە حیلەی ئەسپەکە، بەرزتر و نزیکتر هاتە گوێ. سلێمان هەستا سەر پێ و ئاوڕێکی بۆ دوا داوە. ئەسپێکی ڕەش بوو؛ دەیحیلاند و کۆڕژنی دەکرد. ئەسپێکی کەڵەگەت و بە قەڵافەت. سلێمان بەرەو لای ئەسپ چوو. ئەسپەکە دەستی لە کوڕژن هەڵگرت و چاوی لە سلێمان بڕی. نیگایەکی سەیری بوو. لە نێو چاوی ئەسپدا حاڵەتێکی سەیر بوو. سلێمانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

ـ ئەسپی کێیە؟ خۆ لەم ئاواییەدا، کەس ئەسپی نییە.

ئەسپی حیلاندی و لەسەر پاشووی هەستا.

ـ دەبێ ئەسپێکی وا پەیدا کەم. بەم هەموو ماڵ و سامانەوە عەیبە بە پێیان دەگەڕێم. دەستی نەوازشی بە پشت ئەسپەکەدا کێشا. ئەسپەکە لە سلێمانی دەڕوانی. سلێمان بۆ ئاسمانی ڕوانی. ڕۆژ لە نێوەڕاستی ئاسمان بوو. ویستی سوار بێ، بەڵام:

ـبا نوێژەکەم بخوێنم.

بەرەو چۆم، هەنگاوێکی هەڵگرت، ئەسپەکە دای لە حیلە و سمکۆڵان، گەڕایەوە بۆ لای.

ـ دە باشە، باشە. خۆ نوێژەکەم نافەوتێ، دەورێکی دەدەمەوە!

سوار بوو، ئەسپەکە هەڵقەندرا.

حاڵێکی سەیری بوو. دەتگوت دنیا لە ژێر پێیدایە. دەتگوت لەسەر هەورانەوە بۆ زەوی دەڕوانێ. خۆی سەرتر و بەرزتر لە هەمووان دەزانی. کرێکاران و ڕەنجبەرەکانی وەک مێروولە دەهاتە بەر چاو. زۆر چووکەیانی دەدی... زۆر چووکە. دەنگێکی لە دەروونی خۆیەوە دەبیست:

ـ سڵێمان! تۆبەم هەموو ماڵ و سامانەوە، لە هەموو، گەورەتری، عەیبە... زۆر عەیبـە، پیـاوێکی وەکـوو تـۆ لەگـەڵ ئـەم خەڵـکە هـەژار و چڵـکنە هەڵس‌وکەوت بکەی. سڵێمان! تۆ خۆ ئەو سڵـێمانە هـەژار و پێخاوسـەی جاران نیت. سڵێمان خانی... سڵێمان خان!

ئەسپ چوارناڵە دەڕۆیشت، بەلای ڕەنجبەرەکانیدا تێپەڕی. سڵاویان کرد، وەڵامی نەداوە. یەکێ لە شوانەکان گوتی:

ـ سڵێمان! سڵێمان! یەکێ لە مەڕەکان خەریکە دەمرێ.

سڵێمان دەوری داوە و لە بەرابەر شوانەکە ڕاوەستا، چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری، ددانی گڕ کرد. لە بناگوێ شوانەکەی سرەواند و گوتی:

ـ مەگەر من نۆکەری بابی قورمساقی تۆم، دەنگم دەدەی. لەمەو لا مـن سڵێمان خانم، سڵێمان خان! شوانە، بە سەرسووڕماوی و شەرمەوە گوتی:

ـ بەڵێ... بەڵێ، سڵێمان خان.

ـ بە هەمووان بڵێ، کەس حەقی نییە بە سڵێمان بانگم بکا، نێـوی مـن سڵێمان‌خانە.

ـ بە چاوان قوربان. ئەو مەڕە نەخۆشە چی لێ بکەم سڵێمان‌خان؟!

ـ مەهێڵە بمرێ، نابێ بمرێ. لەمەولا، لە حەقی خۆتان کەم دەکەمەوە.

سڵێمان پێی لە ئاوزەنگی کوتا و بە چوار ناڵە لەبەرچاو ون بوو.

کاتێ سڵێمان لە ئەسپ دابەزی، نوێژی ئێوارەش تەواو ببـوو. شـانێکی هەڵتەکاند و لە لای خۆیەوە گوتی: خۆ ئاسمان نەڕووخاوە.

ئەسپەکەی بە دارێکەوە بەست، بە پەلە دەستنوێژێکی هەڵگرت و قامەتی بەست. بەڵام چاوی لە چاو ئەسپەکە بوو. نەیـدەزانی چـی دەڵـێ و چـی دەخوێنێ... اهدناالصراطالمُستقیم... بۆ لەو شوانەم دا. ئەم ئەسپە لە کوێوە هات؟ چەند خۆش ڕکێفە... ولاالضالین...هی هەرکە بـێ، دەیکـڕم. چـۆن

تەماشام دەکا، دەڵێی شەیتان لە چاویدایە... سبحانَ رَبِّ العَظیم...لێم شێواوە چەند ڕەکاتم خوێندووە.

نوێژەکەی تەواو کرد.

* * *

ئەسپ خاوەنی نەبوو.

سلێمان گۆڕابوو. ئیتر بەیانان نەدەچووە مزگەوت. مەودا کەوتە بەین نوێژەکانی. قوربانی کردنی شەوانی جومعەشی لە بیر کرد.

ـ خەیر و خەیرات بەسە، بە ئەندازەی خۆم خەیراتم کردووە.

تەماعی زۆرتر ببوو. زەوینی زۆرتری دەکڕی. زڵم و زۆری لە خەڵک دەکرد. خەڵکی دەکردە ژێر قەرزەوە و کاتێ نەیاندەتوانی قەرزەکەی بدەنەوە زەوینەکانیانی دابڕ دەکرد.

سلێمان، سلێمانی جاران نەبوو؛ ببووە چەکمەڕەقێکی زاڵم. بە سواری ئەسپ، بە سەر کرێکار و وەرزێڕەکانیدا دەگەڕا، بە سەریاندا دەینەڕاند و بە شەللاخ لە سەر و کاپۆڵیانی دەدا.

ئیتر، یارمەتی کەسی نەدەدا. چەند پیاوێکی تفەنگ بە دەستی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە، هەرکەس ملی نەدایە، ئەوانەی تووش دەکرد.

ژنە پاکداوێن و وەفادارەکەی لە ماڵ دەرکرد و ژنێکی جحێڵی هێنا. منداڵەکانیشی لەگەڵ دایکیان چوون.

* * *

سەید عەلی؛ حازر نەدەبوو زەوینەکەی بە سلێمان بفرۆشێ. چەند جاری ناردبووە سەری، بەڵام سەید عەلی ملی نەدەدا، هەڕەشەی کرد. پیاوی ناردە سەری، بێسوود بوو.

دواجار، سەید عەلی گوتی:

ـ بڕۆن بە خان بڵێن، ئەگەر هەموو دارایییەکەشی بدات، بستێک لەو زەوینەم نابینێ.

سلێمان خان، وەک شێتی لێ هاتبوو. پێی لە عەرد دەکوتا و جنێوی دەدا.

ـ لە بەرانبەر من ڕادەوەستی؟ خاکی زەوینەکەی بە توورەکە دەکێشم!

ئەسپ دەیحیلاند و سلێمان دەینەڕاند و شەللاخەکەی هەڵدەسووڕاند:

ـ ماڵەکەی بەسەردا دەڕووخێنم. وەک مێروولە لە ژێر پێمدا پانی دەکەمەوە!

ئەسپەکەی لینگ دایە، سەید عەلی جووتی دەکرد:

ـ حا... حا... بەر... بەر... هۆ... هووو...

حیلەی ئەسپە ڕەشی بیست. گوێی نەدایە. سلێمان بەرگایەکانی پێ گرت.

سەید عەلی و سلێمان، دۆست و برادەری قەدیمی بوون، تا پێش گۆڕانی سلێمان، وەک گیانێک بوون لە دوو قاڵبدا، بەڵام ئێستا...

ـ سەید عەلی! دەبێ لەم گوندە بارکەی بڕۆی.

سەید عەلی لە ژێر برۆوە بۆ سلێمانی ڕوانی و گوتی:

ـ دار دەتوانێ ڕیشەی خۆی لە کۆڵ کات و بچێ لە جێگای‌تر شین بێ؟

ـ من نازانم. تۆیش دار نیت.

ـ من دارم، ڕیشەم پتەوتر لە دار لە ناخی ئەم زەوینەدایە. تۆ بێ‌ڕیشەی سلێمان. تۆ دەبێ بڕۆی. سلێمان بە قار و کینەوە پێکەنی و گوتی:

ـ مەجبوورت دەکەم، بە پێی خۆت بچی.

سەید عەلی گوتی:

ـ سلێمان! خۆت شێت کردووە. بۆ تێ نافکری. بزانە گەیشتوویتە کوێ

پیاو؟! تۆ وا نەبووی. ئەم ئەسپە توی وا لێکردووە. سواری شەیتان بـووی. بەرەڵڵای کە، دابەزە، وەرگەڕێوە نێو خەڵک. ئەم ئەسپە...

ـ من نەهاتووم مەوعیزەم بـۆ بکـەی. ئـەم زەوینــەی تـۆ کەوتۆتـە نێـو زەوینەکانم، دەبێ پێمی بفرۆشی.

ـ بزانە خەڵک چۆنت لێ دەڕوانن. جاران سوێندیان بە سەرت دەخوارد، ئەورۆ ئاواتەخوازی مەرگتن. بە خوێنت تینووون، ئەم ئەسپە چاوتی کـوێر کردووە.

لەپڕ، سلێمان شەللاخەکەی هەڵسووڕاند. کزە لـە دەم و چـاوی سـەید عەلی هەستا.

ـ تا بەیانی... تا بەیانی مۆڵەتت دەدەمێ.

سەید عەلی، توورە بوو. بە گاڕانەکەی بەرەو سلێمان چوو. ئەسپە ڕەش لەسەر پاشووی هەستا، سەید عەلی گاڕانەکەی داوەشاند. نەقیزەی گاڕانە کە لە چاوی ڕاستی ئەسپ چەقی، ئەسپ حیلاندی و سلـەمایەوە و سلـێمانی گلاند.

* * *

ئەسپی بریندار، بە چاوی بەستراوە، لە حەوشدا بەسترابۆوە.

دەم و چـاوی سلـێمانیش، بریـندار ببـوو. تـەنیا، لـە غـوڵامگەردشـی دیوەخانەکەیدا، دانیشتبووە. جگە لە پیاوەکانی کەس سۆراغی نـەدەگرت؛ تەنیای تەنیا. ماوەیەک بوو، ژنە تازەکەشی، تۆرابوو. لە دەور و بەری سلێمان کەس نەما. جگە چەند نۆکەر و گزیر و تفەنگچی.

خەڵک کاتێ سلێمانیان دەدی.، پشتیان تێدەکرد. وەک بێگانەیان چاو لێدەکرد. چەندڕۆژێ بوو، سواری ئەسپەکە نەبووبوو، پێی خوش بوو کەسێ بێت و هەواڵێکی بپرسێ.

ـ ئای بە دەستی خۆم چم کرد لە خۆم، ئەو ژنە بە ئەمەگ و وەفادارەم، منداڵەکانم، چەند حەز دەکەم بچمەوە ناو خەڵک. بەڵام وەک دوژمن چاوم لێ دەکەن. حەقیانە. ئەی ئەم هەموو ماڵ و سامانە کەڵکی چییە. مەگەر چەند دەژیم! ئاخ بریا لانی‌کەم، یەک‌نەفەر سۆراغی دەگرتم.

یەکێ لە پیاوەکانی هات و گوتی:

ـ سلێمان خان، سەید عەلی هاتووەتە دیدەنت.

ـ سەید عەلی؟ لە خۆشیان، بە پێخاوسی، بە پیری سەید عەلییەوە چوو.

لە بەرابەر یەک دانیشتن.

ـ هاتووم حاڵت بپرسم سلێمان!

سلێمان بە شەرمەزارییەوە گوتی:

ـ من خراپەم لەگەڵ تۆ کرد، زوڵمم لە خەڵک کردووە، من...

سەید عەلی گوتی:

ـ قەی‌ناکا، شەیتان بە لەعنەت کە و بگەڕێوە. خەڵک ڕقیان لە سلێمان‌خانە، نەک لە سلێمان.

ـ چ بکەم، چ بکەم، خەڵک لێم ببوورن؟

ـ هەڵەکانت قەرەبوو کەوە.

لەپڕ حیلەی ئەسپە ڕەش هات، سلێمان بێ‌ئیختیار هەستا، سەید عەلی گوتی:

ـ گوێ‌مەدە، گوێ‌مەدە!

بەڵام سلێمان، وەک جادووکراو، کەوتە ڕێ، ئەسپەڕەش لە حەوشەدا بوو، چاوێکی کوێر ببوو، بە چاوی دیکەی بە نیگایەکی شەیتانی لە سلێمانی دەڕوانی، بەرەو ئەسپەکە چوو.

سەید عەلی هاواری کرد: سوار مەبە سلێمان، سوار مەبە!

سلێمان، بە تەکانێ خۆی هاویشتە سەر پشت ئەسپەکە. نیگای سلێمان سارد، دەم و چاوی وەک بەردی لێ هاتبوو. بە سووکەوە بۆ سەید عەلی دەڕوانی.

ـ تا بەیانی، تا بەیانی مۆڵەتتدەدەم، تا بەیانی.

ئەسپ، چوارناڵە، لە کووچە و کۆڵانی ئاوایی دەگەڕا. چەند کەسی بریندار کرد. مێشکی منداڵێکی پژاند. ئەسپ دەیحیلاند و سلێمان قاقای دەکێشا. خەڵک عاسی بوون. کەوتنە دوای، ئەسپ لە ئاوای وەدەر کەوت. چەند بێستانی لەبەر ئاوایی پێشێل کرد. لە ڕێگە ترازا، بەرەو هەڵدێر دەچوو. هەڵدێر بەندە، خەڵک یەکدەنگ هاواریان دەکرد:

ـ دابەزە سلێمان، دابەزە، دابەزە!

بەڵام زایەڵەی هاواری سلێمان، گوێی دەشت و دۆڵ و چیای زرینگاندەوە.

ئەسپ و ئەسپسوار لە هەڵدێرەوە بەر بوونەوە.

## چاوی گورگ

کاتێ کە شەو هەموو بوارەکانی پەڕینەوەی تەنیەوە. کاتێ هاوار خنکا و کوڵ پڕووکا. کاتێ مانـگ دەرکـەی هـەورێکی لـیخن دا زەرد هەڵـگەڕا و خوێنی ئەستێرەکان تکتک، تکا و دەفری ئاسمان لـە ئەسـتێرە و مانـگ داتەکا، ڕووبارەکان خۆشەویستی دەریایـان لـە بـیر چـوو، بولبـول گوڵـی جێهێشت و سام بوو بە خەنجەر نیشتە سەر گەردن و خەم بوو بە مێمڵ...

ئەویندار، هەستا سەر پێ و نرکاندی:

- دەڕۆم، دەڕۆم، ئەم زلکاوە دەمخنکێنێ. هەناسەی ساردی ئەم باهۆزە بڕواکانم دەتەزێنێ... دەڕۆم.

وتی: بەرەو کێهەلایێ؟

شوێنێکی دووری دەستنیشانکرد. ئەوەندە دوور، نەک هەر چاو هەنگاوی بیریشی پێ نەکا.

- بڕوانە ژیان لەوێدا دەبووژێتەوە. دڵی ڕچاو بەلێزکی ئەو هەتاوە گەرمە دەگەشێتەوە ئەم لێزکە تەماشاکە. کانگای ژینـە، ژینـە،ڕوانگـەی ئەوینـە، ئەوپەڕی دنیایە. ئەوپەڕی تێکۆشانە. سەرەتای ژین و پلەی هەڵچوونە!

تەماشامان کرد. لە دوورەوە. لە ئەوپـەڕی خـەیـاڵ و بـیرەوە. لـە ڕەخ دارستانێکی چڕدا، دوو لێزکە تیشکی ڕوون دەدرەوشانەوە. چەندە دڵڕفێن و هاندەر، دڵیان وە خورپە دەخست و گیانیان بۆ لای خۆ ڕادەکێشا. ئۆقرەیان

تووڕە دەکرد و دنەی حەزیان ئەدا.

ـ دەڕۆم، ئەگەر لەو پێناوەدا گیانیشم بەخت کەم، هەر دەڕۆم. خوێنم ئەکەم بە ئاڵا و کیانم، ئەکەم بە دروشم و دەڕۆم. گرێک لەو کڵپە تیشکە دەهێنمەوە و خەرمانی ئەم شەوە زەنگەی پێ دەسووتێنم.

وتم:

ـ مەڕۆ! ڕەنگە داوی ڕاوچی بێ، ڕەنگە گیایەکی سێحراوی بێ، ڕەنگە تراویلکە بێ، ڕەنگە هەر هیچ نەبێ. هەر لێرە تیشکۆڵەکان پێکەوە بنووسێنین. بە دەزووی تیشکی لزگە کورتەکان، ڕۆژ بە بەرۆکی شەوەزەنگەوە بدوورێنین. جەم و کۆیان دەبنە هەتاو. شەو دەسووتێنن. دەبنە گڕە شەماڵ و بناغەی ڕۆژ پێکدێنن. مەڕۆ، پێکەوە بین ئەو دوو لێزگە تیشکە جوانن؛ زۆر جوانن، بەڵام زۆر دیاردەی جوان هەن هەر لە دوورەوە جوانن: دەنگی تەپڵ...

قەڵس و تووڕە، ڕووی وەرچەرخاند.

ـ ئەی ترسنۆک، بەردی دردۆنگی دەهاوێتە بەر پێم. هەڵناخڵەتێم. دەزانم لە غاوەکەت بە کام مێختەوێڵەوە بەستراوە.

ـ ئەز بێ لەغاوم، دە ئاخوڕی هیچ گەوڕێکا نالەوەڕێم. تەنیا دەڵێم ئەوەی تۆ دەتەوێ و بە دوایدا وێڵی، هەر لێرەیە.

ـ تۆ کوێری، هێزی چاوت بڕ ناکات. ئەوەی من دەیبینم، بیبینی.

دڵیشت لە بەردی ڕەق داتاشراوە. هەست بە بێنی گوڵ و جریوەی ئەستێرە و شەپۆلی نەرمی شنەبای زەمەندی بزوێن ناکەی. ئەو دارستانە کاژە. ئەوپەڕی کاکەشان و کایەنات و بیرو و بڕوا و دنیایە. ئەو جەنگەڵە، قیامەتی ژیان و مەبەست و ئامانجی هەموو بیر و ئەندیشەکان و مێژووە. ئەو جەنگەڵە، سەرچاوە و کانگای ئەو دوو لێزکە تیشکەیە.

ڕۆژێک ملی ڕێگای گرت و ڕۆیی. منیش هەنگاو بە هەنگاو بە پێدزکێ شوێنم هەڵگرت. بارێکی قورسی کتێبی لە کۆڵ نابوو. جانتاکەشی لە پەرتووک و نامیلکە و نەخشەی ڕێگا ئاخنیبوو. هێندێ چەپڵەیان بۆ لێدا. هێندێ دانیان لێ چیڕ کردەوە. هێندێک سەریان بۆ لەقاند و هێندێکیش بەر قاپیەی دەستەڵاتداری شەویان گرت و ڕاپۆرتیان لەسەر دا.

زۆر ڕۆیی، ئەوەندە ڕۆیی، ئەژنۆی شل بوو. چاویشی هەر لە دارستان و ئەو دوو لێزکە تیشکە کڵپە دار و کەشاوە بوو.

گەیشتە دوو ڕێیانێک، بە سەرسووڕمانەوە ڕاوەستا.

ـ لە کێهە لاوە؟ بیرم لەمە نەکردبۆوە.

لە دوو ڕێیانەکەدا، پیرەدارێکی بەساڵاچوو، سێبەرێکی پان و پۆڕی ڕاخستبوو. دوای ڕامانێکی دوور و درێژ لە سێبەری پیرەدارا دانیشت و کۆڵەکەی دانا و جانتاکەی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوە. هەر چاویشی لەو خاڵەی ڕەخی جەنگەڵە دارکاژەکە بوو. لەو دوو لێزگە تیشکە... دوو لێزگە تیشک، وەک دوو کڵپەی ئاگرە سوورە هەناویان گەرم دەکردە هێز و گوڕ، پەیتا پەیتا کتێبەکانی یەک لە دوای یەک دەخوێندەوە. هێندێجاریش توورە دەبوو. کتێبێکی تووڕ دەدا و کتێبێکی تازەی بە دەستەوە دەگرت و هەر چاویشی لە جەنگەڵ بوو. چەندە دوور... لەو پەڕی خۆزگەکانیا، دە ئامێزی بیاباندا، ڕاکشابوو. دەیهەویست لە ناو لاپەڕە و دێڕ و ڕست و کرتی کتێبەکاندا ڕێگای نیزیک بدۆزێتەوە. بێ ماندوو بوون. کتێب لە دوای کتێب هەر دەیخوێند و دەیخوێندەوە. چەند ساڵ؟ نازانم. ژمارەی ساڵەکانم لە بیر نەماوە چەند ساڵ؟ سێبەری دارەکە چڕ بوو. چۆڕاوەی ساڵەکانی دەخواردەوە. تاڵ تاڵ، مووی سپی کەوتە ڕدێنی. هەورە سپییەکان لێک ئاڵان و باهۆز شەماڵی بەزاند و بەفر وەک باڵی کۆتری بەدەم گوللە

پڕووکاو، قوبەی ئاسمانی کردە گۆڕەپانی زستانێکی ڕیش‌سپی. بەفر، بەفر، دواکتێبی نێو جانتاکەی دەرهێنا و بەوردی خوێندیەوە. لەپڕ هەستا. وەک دۆزیبێتیەوە، نەڕاندی:

ـ تفەنگ، تفەنگ!

ڕێگا دوورە، زستانە، کورکەناوە، بەفر ئەبارێ.

لوورەی گورگ و وەڕەی سەگ و گرمەی هەور و قرمەی هەرەس، مێشکی هەژاند:

ـ تفەنگ، تفەنگ!

* * *

وردەتیشکەکانی شار، بەرەو جێ‌ژوانێکی دیاریکراو، دەهەژان و لێک نیزیک دەبوونەوە. شەوەزەنگ ژەنگی هێنابوو. ددانەکانی بەرمبەرە دەڕزان.

* * *

دلۆڤان بوو. ئەویندار بوو. خۆشەویستی هەموو دنیای لە دلا بوو. دەیهەویست ئەو دوو لێزکە تیشکە بهێنێتەوە بۆ شار و لە ئاسمانە تاریکەکەی شارەوە هەڵیانواسی و شەوەزەنگیان پێ بتارێنێ. دلۆڤان بوو. چەند خۆشم دەویست. چەند خۆشیان دەویست. هەزاران دلۆپە فرمێسکیان و شەو بانجێڵەی چاوەڕوانیان بۆ کردە ژوانگەی گەڕانەوە. ئاخ چەندە دلۆڤان بوو. دڵم پێی دەسووتا.

ـ باوانەکەم! ناتەوێ ئاورێکی شار بدەیتەوە؟

ـ نا، نامەوێ جارێکی‌تر دیمەنی شەوەزەنگ ببینمەوە.

ـ ورکە تیشکەکانی شار خەریکن هەورەکان دەڕەوننەوە.

ـ شەوە زەنگ ناهێڵێ.

تەکی دا بە تفەنگەکەیەوە.

ـ بە تفەنگیش نەبێ ئـەم ڕێگـا نابڕێتـەوە. سـەگ وەڕە، گورگـە لـوورە شەوەزەنگ ناهێڵێ تیشکەکان یـەک‌گرنـەوە. تـەنها هـەوێنی ڕزگـاری وە دەستهێنانی ئەو لێزگەیە. گەیشـتن بـەو دوو کڵـپەیە. کتێبـەکانیش وا دەڵێن. زۆر کەس لەو پێناوەدا کیانیان بەخت‌کردووە زۆر کەس. من دەڕۆم. تەنانەت ئەگەریش نەگەڕێمەوە. خوێنم ئەکەم بە ئاڵا و گیـانم ئەکـەم بـە دروشم.

* * *

هەرەس شکا و نسار تەقی:

هووڕەی با، گرمە و قرمژن... خوێن و فرمێسک تێکەڵ دەبـوون. زرم و هۆڕ و تەقە و قرمە کوێ نسار و دۆڵ و دەشت و زەمەندی ئاخنی بوو. گوڵ دەپڕووکا. گۆرانی لە ناخ بولبولا دەخنکا. شین و شەپۆڕ تازیەی گڵکۆی کوڕ و کاڵ و بۆکرووزی زام و دووکەڵی بێشکەی سووتاوی کۆرپەی ساوا.

قاقای تفەنگە گەلای ژینی هەڵدەوەراند. دوو کڵپەی گەش، دوو لێزکی دوور، لە ڕەخی جەنگەڵی چڕدا تاو و هێز و کوڕی دڵ بوو.

* * *

جاران ئەگەر گوڵێک دەژاکا و سیس دەبوو. گڵکۆی گوڵ دڵی ئەو بووو. ئەگەر کەلایەک هەڵدەوەرا. بە ئەسرین دەیشوشت و لە کۆڕی تاسـەکانی دەنا. جاران ئەگەر باڵندەیەک دەیچریکاند. ئەو پـەردەی دڵـی دەکەوتـە سەما، بەڵام ئێستا بۆ گەیشتن بەو تیشکە ڕوونەی نێو دارستانی کاژە. گوڵ و باڵندە و فرمێسک و دڵی پێ‌شێل دەکرد.

گیانی پڕ بوو لە زام، دڵی پڕ بوو لە نفرەت. سنگی پڕ بوو لە هەناسـەی تووڕە و مێشکی یاخی. لە درێژەی ڕێگـادا ڕۆژێـک گەیشـتە پیرەپیـاوێکی بەساڵاچوو. ڕدێن سپی، پشت‌کۆم و گۆچان بـە دەسـت تـۆز لـێ‌نیشـتوو،

شەکەت، شکاو و ماندوو، ناوچاو گرژ، چاو مۆن و بۆڕدراو.
- ئۆغر بێ.
-کۆچانەکەی بەرەو جەنگەڵ ڕاوەشاند و بە تووڕەیی و وەڕەز بوونەوە وتی:
- لەوێڕا هاتوومە، تۆ بۆ کوێ دەچی؟
جەنگەڵەکە نیزیک بوو. لە ئەوپەڕی دەشتێکی ئاڵ و بە خوێنشۆراو. چڕ و پڕ و لێکئاڵاو. لوولەی تفەنگەکەی بەرەو جەنگەڵ ڕاهێشت و بە حـەز و خۆزگەوە چاوی بڕیە ژوانگەی تیشک و ئاوات.
- بەرەو ژوان.
پیرەپیاو بزەیەکی هاتێ و...
- دەنگ و باسی شار؟
- کش و مات، تاریک و نووتک، بێدەنگ و بەزیو.
پیرەپیاوی ماندوو، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی:
- زۆر پەلە مەکە، ڕێگا هەڵەیە.
- تۆ بەردی ڕێگای!
من خوم ڕچەی ڕێگام شکاندووە؛ ڕەنگە نەخشەکانی منت خوێندبێتەوە، کتێبەکان...
تەکی دا بە تفەنگەکەیەوە، پیرەپیاو یەخەی لێترازاند:
- بڕوانە!
برینێکی قووڵ، وەک جێگای چنگی تیژی دەعبایەک لەسەر سنگی ڕووا بوو. زووخی لێدەتکا.
- بڕوانە!
گۆچانەکەی بەرەو دارستان ڕاوەشاند.
هەروا تەکی دابووە تفەنگەکەیەوە و بێبەزەیی و نفرەت لە چاوی دەباری.

پیرەپیاو کەوت.

ـ مەڕۆ، مەڕۆ! ئەو تیشکە...

هەنگاوی لەسەر تەرمی بەردی ڕێگا نا و تفەنگەکەی کردە گۆچان دوو لێزکە تیشکی کڵپەدار هەوێنی هێز بوون.

* * *

بەفر دەباری، بەفر دەباری. بەفر و خوێن تێکەڵاو بوون. گرم و هۆڕ بوو. قرمژن و گوللەباران، چەق و لوور و هەرەس، هەرەس.

ورکە تیشکەکانی شار، یەکیان کرت و بوون بە هەتاو، پرشنگیان پرژاند. ئێسک و پەراسووی شەویان شکاند.

* * *

بریندار، لە خوێنگەوزا و ماندوو، شەکەت، هێز لە ئەژنۆبڕاو، هیوای هەزار هەزار ئاواتی لە دڵدا قەتیس ماو گەیشتە دارستان، لەپڕ دڵی داخورپا. ئەژنۆی شل بوو. هیوا لە ناو لەپی خەما هەڵپرووسقا، هەناسە لە سنگیا حەپەسا و مووچرکێکی بڕستبڕی هات بە لەشا. ئاخ... ئەو دوو تیشکە دوو چاوی کورگ بوون.

قرمژنی گوللە کوێی دنیای ئاخنی؟...؟...

## خاک، مەیلبرە

ئەم نەخۆشیە گیان بە سەری کردووم. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، کز و لاوازتـرم دەکا. ویشک و ڕەق هەڵاتووم. دوکتورەکان بـەردەوام دەوا و دەرمـانم بـۆ دەنووسن، خـزم و قـەوم دڵـنەواییم دەکـەن. خێـزانم ڕەنـج دەکێشـێ و نەختەنەختە توانەوەی من لـە نێـو ئـاوری ئـەم ئـازارەدا دەبینـێ و ڕەنـج دەکێشێ. ئاخ چەندە هەست بە دڵتەنگی دەکەم. چەند بەختیار بووم، خۆم لە پەڕپەڕۆچکەی ژیاندا دەدی. لەپڕ ئەم ئازارە بەربێنگی پێ گرتم و ئاوقەم بووو. ژیان، بە هەموو لایەنە جوانەکانیـەوە پـێم پێدەکـەنی. هاوسـەرێکی دڵۆڤان و سێ‌منداڵی ساغ و قەشەنگ، چم کەم نەبوو، چم لە خودا ویستبوو پێی دابووم. زێدەخواز نەبووم. خانوو، ماشین، سامانی پێویست. لە تەمەنی چلساڵەییدا تەنانەت بـیری مـردن بـە مێشـکمدا نـەدەهات. بـەڵام ئـەم نەخۆشینە، وەک قرژاڵ چنگی لە ڕیشە و دەماری گیانم گیر کردووە. ئەم ئازارە، هەموو شتێکی تێکدا. بیری مردن شۆڕشێکی مەزنی لە دەرونمـدا بەرپا کردووە. چەندە زوو ڕادەبووری. وەک خەونێکی ناتەواو. دەڵێی دوێنی بوو لە کۆڵانەکانی منداڵیمدا شاد و بێ‌خەیاڵ تـەڕاتێنم دەکـرد. هـەرچی تەمەن دەچێتە سەر، ڕەوتی زەمان توندتر دەبێ. ساڵ لـە دوای سـاڵ بـە هەشتاو تێدەپەڕن. کاتێ بیر لە مردن دەکەمەوە، خەمێکی خەسـت دڵـم دەگووشێ.

ـ تۆ دەمری و ئاو لە ئاو تەکان ناخوات. ژیان، لە گەڕیانی خۆی ناکەوێ. ڕۆژ وەک هەمیشە هەڵدێ و ئاوا دەبێ. ئەوین، دووری دەرد و شادی، مرۆڤ بە خۆیانەوە خەریک دەکەن. وەک جاران، بەڵام ئیدی تۆ نیت. کاتێ گیانت لە لەشت دەردەچێ، بە پەلە کفن و دفنت دەکەن، لە تەرمەکەت دەترسێن. لە تۆ کە تادوێنێ خۆشەویست و لەبەر دڵان بـووی دەترسـێن و دووریـت لێدەکەن. دەیانەوێ هەرچی زووتر لە ژێر خاکدا بتشارنەوە. هەموو پەلەیانە؛ دەتخەنە چاڵێکەوە، سەرت دادەپۆشن. بە قوڕ و گـەچ و سـارووج. ئەگـەر زۆریش ئازیز بی چەند دڵۆپێ فرمێسکت بۆ دەڕێژن و فاتیحەیەک دەخوێنن و ئەوسا تۆ دەمێنێ و گۆڕی تەنگ و تاریک، تەنیا و بێپەنا، تەنیا، بێدەنگ، بێدەسەڵات... ئاخ ... ئاخ!

* * *

چەند ڕۆژێکە، نەخۆشینەکە زۆری بۆ هێناوم. دۆست و خزم و جیران دێن و دەڕۆن، دڵم دەدەنەوە.

ـ هیچ نییە، پەتایە. بەڵام نیگایان شتێکیتر دەڵێ. خێـزانم بـەردەوام دەگری. دەڵێم:

ـ خانم! بمبەخشە، ماندووم کردووی. بوومە مایەی زەحمەتت. لەم ڕۆژانا زەحمەت کەم دەکەم. سەرم لە باوەش دەگرێ. دڵۆپدڵۆپ فرمێسک بـە دەم و چاوما دەتکێ. دەڵێ:

ـ دڵتەنگی مەکە. تۆخوا لەم قسانە گەڕێ. پێکەوە دەبـێ منداڵـەکانمان گەورە کەین. پێکەوە دەژین و پێکەوە دەمرین.

کوڕە گەورە کەمعەقڵی دەگا، نیگەرانە. بەڵام ئەوانی دیکە منداڵـن، لـە دنیـای منداڵانـەی خۆیانـدان. دوێنـێ شـەوێ خـەونم دی مـردووم. لـە گۆڕیچەیەکی تەنگ و تاریکیان هاویشتم. نەمدەتوانێ بجووڵێمەوە. ترسم

ڕێنیشتبوو؛ بە بەردی زەلام سەریان داپۆشیم. خاکیان بە سەردا کردم، خاک... خاک... هاوارم کرد:

ـ من نەمردووم، من زیندووم... نەمر...

لە خەو ڕاچڵەکیم، وەحشەت مچووڕکی خستبووە گیانم، عارەقێکی سارد هەموو گیانی خووساندبووم. خێزانم ئاوی بۆ هێنام هەرچی نەخۆشینەکەم پەرە دەستێنێ هەست بەوە دەکەم هەنگاو بە هەنگاو لە مردن نزیکتر دەبمەوە. بە عەزرەت و تاسەوە لە دەور و بەرم دەڕوانم، دەڵێی دەمهەوێ هەموو شتێک بە یاد بسپێرم. چەند دڵم دەخوازێ جارێکیتر پشکووتنی گوڵ ببینم. کاتێ لە منداڵەکانم دەڕوانم کە بێخەیاڵ یاری دەکەن دڵم هەڵدەقرچێ. لە دوای من چارەنووسیان دەبێ بە چی؟ چییان بە سەر دێ؟ خێزانم، هێشتا جوان و جەوان و لەبەردڵانە.

ـ تۆ دەمری، ژیان بێڕاوەستان لە گەڕدایە. تا بووە هەروا بووە. دڵۆپێ چ نەخشێکی لە چارەنووسی دەریادا هەیە؟ بوون و نەبوونی تۆ هیچێ ناگۆڕێ. بە مردنی تۆ تەنانەت گەڵایەک نالەرێتەوە.

بە زریکە و قیژەی بەردەوامی خێزانم. ماڵ پڕ لە خزم و دۆست و جیران دەبێ. هەستدەکەم لێدانی دڵم هێور دەبێتەوە. بۆ دواجار بە عەزرەت و پەژارە، وەک ماڵئاوایی لە ڕوخساری فرمێسکاوی خێزانم دەڕوانم. تەماشای تیشکی هەتاو دەکەم کە لە گۆشەی پەنجەرەکەوە لێزگی داوەتە نێو ژوورەکە و تێرتێر گەڵازەردەکانی دار ئەرخەوانی نێو حەوشەکەمان کە لە پەنجەرەوە دیارە تەماشا دەکەم. ماڵئاوایی لە دنیا دژوارە. کوڕە گەورەکەم دەگری. دووی دیکە لارە مل و کزکز بە سەرسووڕماوی لە خەڵکەکە دەڕوانن. دابڕان لە ژین و ماڵ و خۆشەویستان دژوارە. ئای... دوور دەبمەوە؛ دوور... دوور. ئارامئارام وەک پەڕە کایەک،بە دەم باوە، هەست بە سووکی

دەکەم. بێدەنگییەکی قووڵ بە سەرما زاڵ دەبێ.

غەڵبە غەڵب و شین و شەپۆڕ... بە پەلە ڕامدەگوێزن. زرم و هۆڕی پاچ و بێڵ. ئەڵڵاهووئەکبەر و نوێژێکی کورت و... لاشەی کفن پێچم لـە گـۆڕدا دەنێژن. جێگام تەنگ و شێدارە. وەحشەت ئەکەم؛ ئێستا چی دەبێ. ئـاخ چەندە تەنیام! دەنگە دەنگێ لە سەرەوە دەبیسم، دامدەپوشن. هێندە بەرد و خاکم بە سەردا دەکەن جووڵەم لێ دەبڕن. دەنگەکان دوور دەبنەوە. چەندە تەنیام! ئێسـتا خێـزانم، منداڵـەکانم، چ دەکـەن؟ مـەودای ئـەم گـۆڕە تـا ماڵەکەمان ئەبەدییەتێکە. خزم و کەس و کار، دەر و جیران، سەرەخۆشی لە خێزانم دەکەن:

ـ دنیا زاد و مەرگە! خۆتان سەلامەت بن. ئەم وشترە لەبەر هەموو ماڵێکدا دەنوێ... خێزانم بێئۆقرەیە... دەستە خوشکەکانی پێی دەڵێن:

ـ ئەم بێقەراریيە بۆ ماوەیەکە! خاک مەیلبڕە!

ڕاستە، خاک مەیلبڕە! زەمانێکی پێم وابوو ئەگـەر بـابم بمـرێ، دایکـم بمرێ، بێگومان منیش دەمرم... دوای مردنی ئەوان بۆ ساتێکیش ناتوانم درێژە بە ژیان بدەم. باوک مرد، دایک مرد، چەند ڕۆژێ ئۆقرەبڕاو خۆم بە دار و بەردا دەدا... هاوارم دەکرد، دەگریام. هەموو ڕۆژێ دەچووومە سەر قەبران. ئاوپڕژێنم دەکرد، گوڵم دەچاند. دوای ماوەیەک بەرەبەرە یادیان لە زەینمدا کاڵەوە بوو. سەرەتا، هەموو ڕۆژێ دەچووم. بوو بە حەوتووی جارێ، مانگێ جارێ، ساڵێ جارێ... و... گژ و گیا گۆڕەکانیانی داپۆشی. دوايین کەڕەت بە ڕێکەوت ڕێگەم کەوتە سەر قەبران. بـە هـەزار حـاڵ گۆڕەکـەی دایکـم دیتەوە، کێلی گڵکۆکەی شکابوو؛ خاک مەیلبڕە!

* * *

خێزانم قاپی عەکسەکەمی لـە بەرانبـەر خـۆی دانـاوە و دەگـری. هـی

سی‌ساڵەیی. تازە پێکەوە زەماوەندمان کردبوو. جەوان و ساغ و بەهێز. ژیان لە چاوانمدا شەپۆلی دەدا. خانووەکەمان بێدەنگە، منداڵەکان نووستوون. خێزانم، بێدەنگ فرمێسک دەڕێژێ. بۆ هەر لایەک دەڕوانێ بیرەوەرییەکی وە بیر دێتەوە. لەپڕ هەست دەکەم شتێک خەریکە کاژەڵەی سەرم کون دەکا. مارە... مار... دەنگی لێک هەڵپچڕانی کفنەکەم دەبیسم. گۆڕ هەڵکەنی بە ددانە تیژەکانی سینگم هەڵدەدڕێ و پارچەیەک لە دڵم دەپچڕێ. مارەکە مێشکم دەجوێ. دوو پشکێکی زەلام گلێنەی چاوم دەتۆقێنێ. هەزاران زیندەواری ورد و دروشت بو لاشەی بێدەسەڵاتم هێرشیان هێناوە گۆشتی تەرمەکەم تەڕ و تازەیە؛ لێک بڵاو بوون دەستی پێکردووە.

* * *

چەند لە مردنم ڕابوردووە؟ نازانم. سەرەتا هەموو ڕۆژێ دەهاتنە سەر گڵکۆم. خێزانم باوەشی بە مەزارەکەمدا دەکرد و وەک باران فرمێسکی دەباران. منداڵەکانم یارییان دەکرد. کوڕە گەورەکەم، بەڵام مات و حەیران بوو. دەیزانی کۆڵەکەی ماڵەکەیان ڕووخاوە! دەیزانی بە هەتیوی ماوەتەوە!

ـکەم‌کەم، هات‌وچۆ، کەم دەبێتەوە. ئێستا چەند ڕۆژێکە کەس نەهاتووە. زۆرتر لە جاران هەست بە تەنیایی دەکەم. تەواو بوو؟ لە بیر چووم؟ شەوی جومعەش کەس نەهات. خوشکم لەبەر دەرکەوە بە خێزانمی گوت:

ـ ناتوانم، منداڵەکەم نەخۆشە، بۆ لای دوکتۆری دەبەم!

خێزانم گوتی:

ـ کەوایە منیش ئەم حەوتە ناچم.

حەوتووی دوایی هاتن. زۆرێ پێ خۆشحاڵ بووم. بەڵام بە پێچەوانەی جاران، بە پەلە فاتیحەیەکیان خوێند و ڕۆیشتن. ئاویان بە گوڵەکانیش نەدا.

خێزانم هێشتا جلوبەرگی ڕەش لەبەر دەکا.

* * *

زۆر چاوەڕوان بووم. حەوتوویەک... دوو حەوتوو... سێ حەوتوو... بوو بە مانگێک... خێزانم و خوشکم هاتن. لەمێژە براکانم نەهاتوون. ڕۆژی ناشتنی تەرمەکەم هاتن، لە سێ ڕۆژەشدا هاتن. پێم وایە شەوی ئەوەڵین جومعەش هاتن و ئیتر پێ بڕی قەبرستان بوون. خێزانم جل و بەرگی ڕەشی دەرهێناوە.و کراسێکی گوڵ گوڵی سوری لەبەر کردووە. چاوەکانی دەڕێژێ و لێوی ئاڵ دەکا. خۆشکم زۆر بە پەلە بوو. منداڵەکانیان نەهێنابوو. خێزانم دەیکوت:

ـ خەمی سەرقەبران کار لەسەر ڕۆحی منداڵ دەکا!

قاپی عەکسەکەمیان لە دیوار هەڵگرتووە. خێزانم جل و بەرگەکانمی دە دەفرێک کرد و هەمووی دا بە سواڵکەرێک. شەوێ چوومە خەونی خێزانم. ویستم لە باوەشی بگرم، قیژاندی:

ـ تۆ مردووی، تۆ مردووی!

لە خەو ڕاپەڕی، زۆر ترسابوو. پەژیوان بوومەوە. هەر ئەو کاتە هەستا و قاپی عەکسەکەی لە دیوار کردەوە. بەیانی بە ژنی دراوسێی دەگوت:

ـ کاتێ لە عەکسەکەی دەڕوانم، دەڵێی بە چاو قسەم لەگەڵ دەکا. زۆری لێ دەترسم! ناسنامەکەمیان باتڵ کردۆتەوە. نێوم لە نێوان نەماوە. کەس یادم ناکا. لە لاشەم چ نەماوە. هەزاران هەزار، جانەوەر لە نێو گۆڕەکەمدا ژیلیوەیان دێ. پێست و گۆشم پێوە نەماوە. ئێسکلتێکم لێ ماوە و هیچی‌تر. چەند لە مردنم ڕابواردووە؟ نازانم. بۆ من زەمان مانایەکی نییە. منداڵەکانیش لە بیریان کردووم. هیچ ئاسەوارێ لە من لە نێو ماڵدا نەماوە. خێزانم پێدەکەنێ. قاقا پێدەکەنێ. وەکوو ئەو زەمانەی تازە پێکەوە زەماوندمان

کردبوو، جامەی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر دەکا. خۆی دەڕازێنێتەوە.

* * *

گۆڕەکەم وێران بووە، گژ و گیا دایپۆشاوە. لەمێژە دەنگی پێی ئاشنایەکەم لە سەر مەزارەکەم نەبیستووە. جگە چەند پارچە ئێسقانی کاسە سەر و لۆلاقە و دەندەی شکاوی بەربەرەی پشت هیچی دیکەم لێ نەماوە. زیندەوار و جرِ و جانەوەریش بە جێیان هێشتووم. لەمێژە، خشەی مار و زرت و خرتی گۆڕ هەڵکەن و جانەوەرێک بێدەنگی گۆڕەکەی نەشکاندووم.

کابرایەکی نەناسراو جێی منیگرتۆتەوە. خێزانم شووی کردووە. ئەو کابرایە لە هەمان جێیدا دادەنیشێ من زەمانێکی دادەنیشتم. عەکسی ئەویان لە جێی عەکسەکەی من هەڵواسیوە. منداڵەکان گەورە بوون، هەر یەکە وە دوای چارەنووسی خۆی کەوتووە.

* * *

ئەوڕۆ لە ناکاو گرم و هۆڕ، بێدەنگی گۆڕستانەکەی تێکدا. تا هاتم بزانم چ باسە. گۆڕەکەم ژێر و ڕوو بوو. ئێسقانەکانم کەوتنە دەرەوە. ئێسقانەکانم هەوای دنیایان هەڵمژی... تاو لێیدام. سەرەتا لە ڕووتبوونی ئێسقانەکانم شەرمەزار بووم، بەڵام دیتم هەموو مردووەکان وەکوو منیان لێ هاتووە؛ پێم وابوو قیامەتە و ڕۆژی حەشرە. بەڵام زرم و هۆڕی چەند بولدۆزرێک لە هەڵەی دەرهێنام. خەریک بوون گۆڕستانەکەیان تێکدەدا. دەیانەویست بیکەن بە فەزای سەوز! هێندێک بە تەلیس و کیسە بە دەست لە نێو قەبرەکاندا دەخولانەوە و کاتێ گۆڕی مردووەکانی خۆیان دەدیتەوە ئێسقانەکانیان کۆ دەکردەوە و دە کیسەیان دەکرد و دەیانبردن لە شوێنێکیتر بیان نێژن.

چەندم پێ خۆشبوو کەسێ بێت و منیش کۆ بکاتەوە؛ بەڵام کەس

نەهات. بەردی قەبرەکەم لە لایەک کەوتبوو، شکابوو... نێوم لەسەر بەردەکە کاڵ ببۆوە. بۆڵدۆزرەکە جارێکی‌تر گەڕایەوە. بەردی قەبرەکە پارچەپارچە بوو. ئێسقانەکانم لە ژێر تەوژمی بولدۆزرەکەدا بوو بە خاک و ئیتر لە من نە نێویٚ مایەوە و نە شوێنەوارێک؛ دەڵێی هەرگیز لە دایک نەبووم. بەڵام بەوە دڵخۆش بووم کە خاکی گۆڕەکەم و ئێسقانە وردبووەکانم بە ڕەگ و ڕیشەی گوڵ و دارەکانی فەزای سەوزدا دەگەڕێنەوە سەر دنیا و لە ئاڵقەیەکی‌تری ژیاندا دەترووسکێنەوە.

# ڕاز

باڵندەیەکی سەیر و سەمەرە بوو، وەک هیچ باڵندەیەک نەدەچوو. نازانم لە کوێڕا هاتوو، لە کام وڵاتەوە هات و ئاسمانی تەسکی ژیانی منی هەڵبژارد. لە سەرەتاوە، پـێم وابـوو، خەیاڵـە، خولیایـە، خەونـە؛ بـەڵام کاتـێ، وەک ڕاستییەکی زەق لە ژیانمدا، جێی خۆی کردەوە، ئیتر دڵنیا بـووم هەیـە و کەتمان ناکرێ. لە سەر لقی گوڵ نەستەرەنی بـەر پەنجـەرەی ژوورەکـەم هەڵدەنیشت و چاوی دەبڕیە نێو ژوورەکەمەوە. دواجار باڵەکانی لێکدەدا و ئسترانێکی بۆ دەخوێندم. کاتێ دەیچریکانـد، چـاوم لێـک دەنـا و لەگـەڵ دەنگیا، بەرەو وڵاتە دوورەکان دەڕۆیشتم. بەم حاڵیشەوە هەر کە دەستم بۆ لای ڕادەکێشا، لە شەقەی باڵی دەدا و لەبـەر چـاوم ون دەبـوو. لـە کوێـڕا هاتبوو، نەمـدەزانی. بـەڵام ئـەوەم دەزانی هـی ئـەم وڵات و وەرزە نییـە. چووزانم! ڕەنگە ڕێگای ون کردبوو. ڕەنگە لە قافڵەی باڵـندە کۆچـەرەکان بەجێمابوو. بەڵام بۆچی، لە ئەم شارە گەورەدا، حەوشەی ماڵی منی هەژاری هەڵبژارد بوو، ئەوەشم نەدەزانی! هەر جۆرێـک بـوو، دەسـتی چـارەنووس هێنابوویە نێو زستانی سارد و سڕی ژیانی من، هەمیشە نگەرانی حاڵی بووم. شەوانی تۆف و کرێوە کاتێ بەفر دەباری، دڵم نەدەهات بەر پەنجەرەکـەم چۆڵ بکـەم؛ ئـاخر ئەگـەر زوقـم و کـرێوە دڵـە بچکۆلانەکـەی لـە لێـدان بخستبایە... ئەگەر بمردایە؟ ڕشتەیەکی نادیار، ژیانی هەرتکمانی لە یەک

گرێ دابوو. کاتێ باران باڵەکانی دەخووساند، لەرز و یاو دەیگرتم. کاتێ بەفری لەسەر و باڵا دەنیشت، ددانە لەرزە دەیگرتم. لەوێ، ڕاست لەوێ، لە سەر لقی بەفر لێنیشتووی نەستەرەن هەڵدەکورما و بە چاوە ڕەشەکانی لێی دەڕوانیم. پەنجەرەکەم دەکردەوە، بەو هیوایە دەست لە سرتخی هەڵبگرێ و بێتە ژوورەکەوە. تەنانەت لە نێو قەفەزەی کتێبەکانمدا هێلانەیەکی گەرم و نەرمم بۆ چێ کردبوو. هێلانەکەشی دەدی. بەڵام خۆی لێ گێل دەکرد.

ـ شێتە! چم لێدەکەی؟ دەتەوێ منیش وەک خۆت شێت بکەی؟

تەنیا تەماشای دەکردم. وێنەی پێکەنینێکی بێڕەنگم لە نێو چاوەکانیا دەدی. کاتێ شێعرم دەخوێندەوە، وەک ئادەمیزاد بەوردی گوێ بۆ ڕادەگرتم و باڵەکانی لێکدەدا. وەک لە شێعرەکە تێ بگا. شەوێک هات و ڕاست لە بەرامبەرمەوە، لەو دیو شیشەکەوە هەڵنیشت. تەنیا مەودای نێوانمان، بارستایی شیشەی پەنجەرەکە بوو. سەری بە شیشەکەوە نابوو. ڕازێکی نهێنی لە نێو چاویدا، شەپۆلی دەدا. کوتم:

ـ بۆچی ئازارم دەدەی | ؟ ئاخر من دەبێ چبکەم، بتوانم دڵی تۆ بە دەست بێنم؟

سەرێکی ڕاوەشاند. وەک کچێکی سرک و سڵ، دوایی دەستی بە خوێندن کرد. ئاوازەکەی، ئەو شەو بۆنی فیراقی لێ دەهات.

ـ باڵندە جوانەکەم! پێم بڵێ. لە کوێڕا هاتووی؟ ناوت چییە؟ لەم حەوشە چڕۆڵ و بێدەنگ و سارد و سڕەی من، بە دوای چیدا، دەگەڕێی؟

* * *

ئێوارەیەکی خەیاڵاوی، کە مژێکی خەست، هەموو وڵاتی داپۆشیبوو، لە سووچێکی ژوورەکەمدا، کتێبم دەخوێندەوە. لە دەرەوە، دەنگی هەرا و هوریای خەڵک دەهات. شوعاریان دەدا. ناو بە ناو، شریخ و هۆڕی

دەستڕێژی تفەنگ، دەنگی خەڵکی دەخواردەوە. لە بیرم نایە چ کتێبێکم دەخوێندەوە. ڕەنگە ڕومانێکی مێژوویی بوو یان چیرۆکێکی ئەوینداری. باڵندە لە بەیانییەوە ڕۆیشتبوو، لەو کاتەدا، وەها غەرقی کتێبەکە بووم، تەنانەت باڵندەکەم لە بیر کردبوو. لەپڕ یەکێک لە قارەمانەکانی کتێبەکە لەبەر چاومەوە گیانی وەبەر هات بالای شەلای خوێن بوو. باڵندەیەک لە سەر شانی هەڵنیشتبوو و پەیتا پەیتا، لە زەخمێکی قووڵی سەرشانی قارەمانەکە خوێنی دەخواردەوە. خودایە! ئەم باڵندە، هەمان باڵندە سەیر و سەمەرەکەی خۆم بوو. نا، هەڵەم نەدەکرد. خۆی بوو. ڕاستە کە زۆربەی باڵندەکان وەک یەک دەچن. بەلام باڵندەکەی من، لەگەڵ هەموو باڵندەکانی جیهاندا جیاواز بوو، وەک هیچ باڵندەیەک نەدەچوو.

ـ دەتەوێ بەسەرهاتی باڵندەکەت بزانی.

قارەمانی کتێبەکەت ئەمەی گوت. زبانم قفڵ بوو.

ـ ئەو باڵندە، لفەدوانەی تۆیە، ژیانی تۆ بێبوونی ئەو بێمانایە. بەلام تۆ ئەوت لە خۆت تاراندبوو؛ بەرەو ناو کتێبەکان ڕاوت نابوو.

گوتم:

ـ ئاخر ئەو کێیە؟ ناوی چییە؟

ـ ئەگەر بۆی بگەڕێی دەیدۆزیەوە. ئاسان دەستەمۆ نابێ. کاتێ بتوانی بیدۆزیتەوە دەگەڕێتەوە بۆ لات!

ـ ئاخر چۆن بیدۆزمەوە، چۆن، چۆن...؟

گرمەی دەسڕێژی گوللەی نێو کۆلان، قارەمانەکەی لێ ون کردم.

شەو، نیوەشەو، بە دەنگی باڵندەکە لە خەو هەڵسام. دەرکەی پەنجەرەکەم کردەوە. گەڕابۆوە و لە سەر لقی بەفر لێنیشتووی نەستەرەنەکە هەڵنیشتبوو. بە دەنگێکی زۆر حەزین دەیخوێند. لە سەرما دەلەرزا. خودایە،

بریا دەمتوانی کارێکی بۆ بکەم. هاوارم کرد:

ـ زستانی ئەم وڵاتە سارد و بێڕەحمە، بواری بە هیچ باڵـندەیەک نـادا، دەمری،دەمری! تازە سەرەتای زستانە. چەند ڕۆژی دیکـە لـە ئاسمانـەوە نەفرەت دەبارێ.

بێدەنگ بوو. بە سەرسووڕمانەوە تەماشای دەکردم چاوەکانی پڕ بوون لە لۆمە و سەرکۆنە.

ـ چم کردووە؟ بۆ لۆمەم دەکەی، تۆ خۆت ناتەوێ، من چ بکەم؟

* * *

ڕۆژێکیان، بەیانی زوو، بە دەنگی دەرکە، لە خەو هەستام. دوو پیاو، لـە پشت دەرکە ڕاوەستا بوون. عەینەکی ڕەشیان لە چاو و کەراواتی سووریان لە گەردن بوو.

ـ زەحمەت نەبێ، بێهەرا و هوریا لەگەڵمانا وەرە.

ـ بۆکوێ؟

ـ پرسیاریش مەکە!

ـ ئاخر من چم کردووە؟

ـ ڕوون دەبێتەوە.

ـ کەوایە، ئیزنم بدەن، لیباسەکانم لەبەر کەم.

ـ پێویست ناکا، زوو دەگەڕێتەوە!

ـ ئاخر من نابێ بزانم بۆ چی بانگ کراوم؟

ـ ئێمەش نازانین!

لەگەڵیان ڕۆیشتم و بێپرسیار و وەڵام لە زیندانیان هاوێشتم. هەرچەند بیرم لێ دەکردەوە کارێکم نەکردبوو. هۆی زیندانی بوونی خۆم نـەدەزانی، دوای ماوەیەک چاوەڕوانی بۆ ژووری بازجوویيان بردم. پیاوێکی کورتەباڵا و

زگ‌زل و سەرتاس، بە دوو چاوی بۆق‌ئاسایی و لە گلێنە دەرپەڕیو، لە حاڵێکدا، شەللاخێکی بە دەستەوە بوو وە ژوور کەوت و هەر لە بەر دەرکەوە لێ پرسیم:

- زور باشە! بێ منگەمنگ، بڵێ لە کوێیە؟

- کێ لە کوێیە قوربان؟

- ڕاز! گوتم بێ‌منگەمنگ! هەر لە سەرەتاوە لە کەیەوە حەشارت داوە؟

- نازانم مەبەستتان چییە؟

- خۆتی لێ گێل مەکە! هەمووتان وەک یەک دەچن. لە ئەوەڵەوە هیچ نازان، ئاگاتان لە هیچ نییە، دەبن بە عەرەب، بەڵام...

- باوەڕ بکەن، من ئاگام لە هیچ نییە.

- دیارە گیانت بۆ شەللاخ دەخورێ!

- ئاخر نازانم ئێوە چی دەڵێن؟

- ڕازم دەوێ؟ ڕاز لە کوێیە؟

- من ڕازێکم نییە ئاغا! ئێوە دەتوانن، سەبارەت بە من لە جیران و دراوسێیان پرسیار بکەن!

- زۆر باشە! ئێستا کە ناتەوێ قسان بکەی، کەیفی خۆتە.

هەستا سەر پێ و چاوێکی لە دوو نیگابانی بەر دەرکە داگرت و گوتی:

- ڕازی لە گەروو دەرکێشن!

چەپ و ڕاست وەبەر شەللاخیان دام. گینگڵم دەدا و دەمناڵاند. دوای ئەوەی ماندوو بوون بریندار و خوێناوی بە جێیان هێشتم. یەکیان گوتی:

- بەکەڵکی خۆتە، جێگای ڕازمان نیشاندەی. هێشتا پشووم نەهاتبۆوە سەر خۆ، کابرای بازجوو هاتەوە.

- زۆر باشە! ئازاریان داوی. داوای لێبووردنت لێ دەکەم. بڕێ جار

کەللەڕەقی ئەمانەشی بە دواوەیە. ئێمە حەز ناکەین جەنابت نارەحەت بکەین، بەڵام ئەگەر سرتغیمان لەگەڵ نەکەی...

گوتم:

ـ ئاغا! باوەڕ بکەن من لە قسەی ئێوە حاڵی نابم.

گوتی:

ـ چەند وەختە، ڕازت شاردۆتەوە؟!

ـ من هیچ ڕازێکم نەشاردۆتەوە! من مرۆڤێکی ئاساییم، نە ئەهلی سیاسەتم و نە حەز لەم جۆرە کارانە دەکەم.

ـ ئەی بۆ ڕازت حەشار داوە؟

ـ ڕازێک لە کاردا نییە.

ـ تۆ زۆر کتێب دەخوێنی؟

ـ بەڵێ،کتێب دەخوێنمەوە!

ـکەوایە، پیاوێکی هەڵکەوتەی و شێوەی نهێنیکاری باش دەزانی؟

ـ ئێوە سەبارەت بە من لە هەڵەدان.

ـ من هەڵە ناکەم، قەد هەڵە ناکەم! ڕاز لە نک تۆیە.

ـ هیچ ڕازێک لە ئارادا نییە.

ـ ڕاپۆرتیان داوی.

ـ سیخوڕەکەتان هەڵەی کردووە!

لێپرسەر، بە شەللاخ، هێندێکی لە سەر و کاپۆڵم کوتا و تفی لێ کردم و قیژاندی:

ـ ئەحمەق! ئەو زبانە درێژەت لە پشت ملتەوە دەردێنم.

هەمیسان، شەللاخ، شەللاخ!... لە ژێر بارانی شەللاخدا هاوارم دەکرد و دەلەرزام، هەموو گیانم، بریندار بوو و زووخی لێدەچۆڕا. خودایە! چییان لێ

دەویستم. کام ڕازم حەشار دابوو، خۆ ڕازێکم لە دڵدا نەبوو. زۆرم بـیر لـێ کردەوە. ڕۆژێک بە کابرای بازجووم گوت:

ـ ڕەنگە مەبەستی ئێوە ئەو ڕووداوە...

ـ بەڵێ، بەڵێ ڕووداو... بڵێ، قسان بکە...

ـ بەڵام پێم وا نییە ئەم ڕووداوە ڕازێکی تێدا بێ، هەرچەند تا ئێستا جگە لە خۆم کەس پێ نەزانیوە.

ـ باشە، هەرچی لێ دەزانی بڵێ.

ـ بەڵام... ناوی،ناز بوو نە ڕاز! ڕاستەکەی ڕۆژێکیان، لە پارکدا دیتمەوە. لە نێو شیشەیەکی سەربەسراو...

ـ شیشەیەکی سەربەسراو؟!

ـ بەڵێ، شیشەیەکی سەربەسراو. زۆرم پێ سەیر بوو. شیشـەکە لـە نێـو زبڵدان کەوتبوو. پێم لە شیشەکە کەوت. ناڵەیەکم هاتـە گـوێ. ناڵـە، لـە شیشەکەوە بوو. لێی ورد بوومەوە، لە نێو شیشەکەدا، ناز، ڕاوەستا بوو. ناتوانم بڵێم چەندە جوان بوو. هەتا ئەو کاتـەی گیانلەبـەرێکی وا جـوانم بـە چـاو نەدیتبوو، خۆی گوتی ناوی نازە! هێنامەوە ماڵ، نامە تاقی ژوورەکەم بیری لێ بکەنەوە، لە نێو شیشەیەکی بەسراودا کچێکی زۆر جوان، قەت پەیکەری وێنووست دیتووە؟ پەیکـەری وێنووسـێکی بچکۆلانـە کـە بتـوانی لـە نێـو شووشەیەکدا جێگای بکەیتەوە؟! من هەموو کات شێعرم بۆ دەخوێندەوە و ئەویش جوانترین وشەی ئەوینی بە گوێمدا دەچرپاند.

دوای ماوەیـەک کاتـێ زانی ڕشـتەی ئـەوینی لێـی ئالاندووم، ویسـتی دەرکەی شیشەکەی لێ بکەمەوە. دەیگوت: ژیانت دەکەمە بەهەشتی خودا!

ـ تۆچت کرد؟

ـ من ئەوم، هەروا، بەو شێوە خۆشدەویست، حەزم نـەدەکرد دەرکـەی

شیشەکەی لێ بکەمەوە. هەستم دەکرد شیشەکە بکەمەوە ڕووداوێک دەقەومێ. بەڵام ئەو هەر دەپاڕایەوە و دەیگوت: ئەگەر دەرکەی شیشەکەی بکەمەوە، دەبێتە ئافرەتێکی ئاسایی و دەرکەی بەختەوەریم بۆ دەکاتەوە. عیشق و ئازادیم بۆ دێنێ و... منیش کە زۆرم خۆیش دەویست، ئیتر خۆم بۆ ڕانەگیرا و لە شەوێکی سارد، کە تۆفان دەیگوڕاند و سەرما لەشی زەوینی هەڵلارهەڵلار دەکرد، دەرکەی شیشەم بۆکردەوە... هەر کە پێ نایە دەرەوە، لەپڕ... ئاخ!

ـ لەپڕ چی؟ چ قەوما؟

ـ ناز، گورگ بوو، گورگێکی دڕ، هەر کە هاتە دەرەوە، چووە قاڵبی گورگ و بە لووره لوور هێرشی بۆ هێنام. پێش ئەوەی بتوانم بەرەنگاری لێ بکەم، لە پشتەوە، چەند برینی کاری لێدام و لێدا ڕۆیی، زۆری پێ چوو، هەتا زامەکانم سارێژ بوون.

بازجوو، بە تووڕەییەوە قیژاندی:

ـ ئەوە نییە، نا ئەوە نییە، ئەفسانە و چیرۆکم ناوێ، ڕاستەکەی بڵێ.

چاوم لێک نا و گوتم:

ـ جا کەیفی خۆتانە، بمکوژن!

* * *

شەوک لە ناکاو، ئاوازی باڵندەکەم لە پشت میلەی دەلاقەی سلوولەکەمەوە بیست، خودایە! خۆی بوو. چۆنی پەیدا کردبووم؟

ـ بۆهاتوویە ئێرە شێتە! چۆن ئێرەت دیتەوە؟

ـ من ڕازم! ڕازی تۆ...

ئەمە دەنگی باڵندەکە بوو، بە زبان هاتبوو!

ـ ئەو ڕازەی ئەوان لە تۆیان دەوێ، منم! ئەگەر زار بکەیتەوە دەمکووژن.

ماوەیەکی زۆرە بە دوامدا دەگەڕێن، لە هەر کوێ بمدۆزنەوە، دەرفەتم نادەن. زۆر دەسرێژیان لێ کردووم، زۆر جار برینداریان کردووم، زۆر جار لە قەفەزیان بەند کردووم، بەڵام گیانی خۆم ڕزگار کردووە. ئەگەر من بکوژن، تویش دەمری!

ـ برۆ، ڕامەوەستە، برۆ دەتکووژن. لە هەموو جێگایەکدا چاویان چاندووە، گوێیان داناوە.

ـ چاوەڕوانتم!

ئەمەی گوت و لە شەقەی باڵی دا و ڕۆیی. ئاخ چەندە ئاسوودە بووم، ڕاز، ڕاز! باڵندەی نەخشین باڵی ژیانی من!

* * *

لە دوای ساڵگارێکی درێژ، لە ورزێکی سارد و بەستەڵەکدا، بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە. ئاورێک لە دڵمدا بوو. ئاوری گەرمی هیوا. هیوای دیداری ڕاز. ساڵگارێکی درێژ، بیرم لە ئەوەڵین دیدار لەگەڵ ڕاز دەکردەوە. ڕازم لە نێو پەردەی دڵدا حەشار دابوو، ڕازم لە چاوی زیندانبانەکان پاراستبوو. هێلانەیەکم لە ڕایەڵ و پۆی هەستم لە ناو دڵدا، بۆ ڕاز چێ کردبوو، کات بە کاتی ژیانم لەگەڵ خەیاڵی ڕازدا ڕادەبوارد لە دوای ساڵگارێکی درێژ، لە وەرزێکی سارد و بەستەڵەکدا، بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە.

هەر کە دەرکەم کردەوە، مەلی بێئۆقرەی نیگام بەرەو لقی نەستەرەن هەڵفڕی. لقەکە شکابوو. ڕاز لەوێ نەبوو. بە پرتا و خۆم بە ژوورەکەدا و هاوارم کرد:

ـ ڕاز، ڕاز!

ژوورەکە سارد و یاخی بوو. شیشەی پەنجەرەکە شکا بوو. بایەکی سارد، لە کونی شیشەکەوە هووڕەی دەکرد. هەوا خەریک بوو، تاریک ببێ. ئاخ

چەندە هەستم بە تەنیایی دەکرد. سیگارێکم هەڵ کرد. ڕادیۆ کۆنەکەی سەر تاقەکە سەرنجی ڕاکێشام. دەلەرزام. لە تەنیایی و سەرمادا دەلەرزام. ئێستا لە دەرەوە بەفر دەباری. دوگمەی ڕادیۆکەم بادا. بەرنامەی دەنگ و باس بوو.

لەپـڕ پشـیلەیەکی ڕەش لـە نێـو قەفـەزەی کتێبەکانـەوە دەرپـەڕی. پشیلەیەکی خڕ و تاس و زکـزل. بە دوو چاوی بۆقاسا و دەرپەڕیوەوە. دەم و لێوی خوێناوی بوو و زاری دەلستەوە. هاوارم کرد و هێرشم بۆ برد. خێـرا خۆی لە کونی شیشەکەوە دەرباز کرد. بەرەو قەفەزەی کتێبەکان ڕام کرد. ئاخ! باڵندەکەم، ڕاز... لە نێو هێلانەکەیدا، کە بە دەستی خۆم چێم کردبوو، ئەنجن-ئەنجن کرابوو، پەڕ و باڵە خوێناوییەکانی و وڵاتی داپۆشیبوو، هێزی ئەژنۆم بڕا، کەوتم، دەنگی شکانەوەی دڵی خۆمم بیست. هەواڵدەری ڕادیۆ، چۆنیەتی هەوای وڵاتی ڕادەگەیاند:

- گوێگرانی خۆشەویست! تۆفان، سەرانسەری دنیای گرتووە.

## دڵداری منداڵیم

خەونم دەدی، لە خەو ڕاپەڕیم. لە جێگایەکەوە با دەهات. بەفر بە سەر شکۆفەی گێلاسەکانی ئەوپەڕی باخدا دەباری. نێزیکی دەروازە، منداڵیم ڕای دەکرد. چرایەکی بە دەستەوە بوو، لە شە ی تاریکدا. با، ئەو شێعرەی دوێنێ شەوێ هۆنیبوومەوە لەگەڵ خۆی دەبرد. بە ترسەوە لە نوێنەکەم ڕوانی، لەسەر مێزی پاڵ نوێنەکەم، دەفتەری شێعرەکانم ئاوەڵا بوو. کابرایەک بە قەڵەم نەی خەریک بوو شێعری لە لاپەڕەکانیا دەنووسی. شێعرێک کە لە بیرم نەمابوو. قەڵەمدانەکەم ون ببوو. فانۆس کوژابۆوە!

چپە و سرتەیەکم بیست، لە نێو باغدا، چەند کەسێ کۆ ببوونەوە. هەموو تازیەبار. لەسەر بەردێکی نووسراو، تابووتێک دانرابوو، لەسەر تابووتەکە بە خەتێکی سەیر، شتێک نووسرابوو و لەم لا و لای بەردەکە هێندێ لاپەڕە و دەفتەری خوێندراو و نەخوێندراو، بە دەم باوە سەمایان دەکرد. نە شەو بوو، نە ڕۆژ. بەڵام مرۆڤە تازیەبارەکان فانۆسیان پێ بوو. فانۆسی ڕەنگاوڕەنگ. کاتێ من گەیشتم، ڕێیان پێدام. لە نێو لق و پۆی دارەکانەوە تەماشام دەکردن. ناسیاو بوون. هاوالانی دوور نێزیک. گوتم: شەوی بەردە، بەردی (دانیشتنی ئێواران چای خواردنەوەیە) کەس گوێی لە قسەم نەبوو. چوومە پێشەوە. دەرکەی گران و قورسی تابووتەکەم کردەوە، خۆم تێیدا خەوتبووم. لە نێو تابووتدا چاوەکانم ترووکاند، دۆستانی دەور و نێزیک نوشتانەوە

بمبینن. زەردەخەنەیان لەسەر لێو بوو. بێگانەیەکیان لەگەڵ بوو. ژنێـک، ڕووبەندەکی تۆڕی دەم و چاوی داپۆشیبوو. بە پەرۆش و ئەوینەوە. لێوەکانی جووڵایەوە. سرتەیەک دەکا، بەڵام نابیسم. دەنگی خـۆم دەبیسـم: «ئـاخ! ئافرەتێ کە بە درێژایی تەمەنم چاوەڕوانی بووم، ئێستا هـاتووە! کاتـێ کـە مردم، هەست بە ژان و ئازارێ ناکەم بەڵام بۆ ژیانی نەکردەم خەمبارم!».

چاوەکانم دەبەستم، لە پاڵ تابووتدا ڕادەوەستم، بە کۆمەڵەی تازیەباران دەڵێم: «هەر ئەمەیە؛ هاتن و ڕۆیین! دەست لە خەبات هەڵـگرتن چاکـە، بەڵام نا... ئەو ئافرەتە مەبەن... مەیبەن!...» کەس گوێی لە هاوارم نییە، ئەو ئافرەتە لە کوێیە؟

منداڵیم دەبینم، فانۆس بەدەست، بە دوامدا دەگەڕێ. با، ئەو شێعرەی کە دوێنێ شەو هۆنیبۆومەوە لەگەڵ خۆی دەبا هەتا لە دەفتـەری شـاعیرێکی دیکەدا بینووسێتەوە.

لـە دوای منداڵـیەتیمدا، بـە دوای بـادا هـەڕا دەکـا، لـە نێـو شـکۆفەی گێلاسەکاندا. هەر دووکیان ون دەکەم. ئەو ئافرەتە لـە کوێیـە؟ لـە پشـت دارێکەوە خۆی حەشار داوە. یان لە غوباردا ون بووە. بڵێی ئەم هەموو ساڵە لە نێو ژوورەکەمدا بووبێ و من نەمدیبێ!

ماندوو، بە پەلە، دەگەڕێمەوە بۆ نێو کۆمەڵەی تازیەبار، بە پێکەنینەوە یادم دەکـەن. لـە نێـو تابووتـدا، دیسـان چـاو دەکەمـەوە بـە خـۆم دەڵـێم: «دەگەڕێمەوە». هەڵدەستم و دادەنیشم. چاوەکانم، دەپرووکێنم. بەم لا و لادا دەڕوانم. ڕاست دەبمەوە. تابووتەکە بە جێ دێڵم. هێشتا بە پێکەنینەوە یادم دەکەن. فانۆسەکانیان کوژاوەتەوە. با، کایە دەکا. منداڵیم دیار نییە و دەروازە ئاوەڵایە!

دێمەوە بۆ ژوورەکەم. گەڵا ژاکاوەکانی پاییزی لە بن میچـەوە دەبـارێ.

دەچمە نێو نوێنەکەم. دەگەڕێمەوە بۆ نێو پێستە کۆنەکەم. ئافرەتەکـە لـە چەقی دەرکەدا ڕاوەستاوە؛ هەڵدەستم. دیار نامێنێ! ژوورەکە سەر و سووژن دەکەم. ماندوو لە گەڕانێکی بێ‌کەڵـک دەگەڕێمـەوە بـۆ نێـو نوێنەکـەم. ئافرەتەکە، پاڵی داوە بە دەرکەوە. با، تۆڕی سەر دەم و چاوی هەڵدەداتەوە. هەوڵ دەدەم دەم و چاوی ببینم. ڕووم لێ وە، دەگێـڕێ، دەڕوا؛ دەبـێ بـە غوبار. دڵم دەخورپێ. ڕادەکشێم، چاوەکانم لێک دەنێم، بایەکی پڕ هەرا لە سەرم دەهاڵێ. لەگەڵ خۆمدا، بەرز قسە دەکەم: «دەگەڕێمەوە بۆدنیای لە خەو هەستان! بێگانەیەک لـە گـەڵ خـۆ... هـەرگیز ئـەوەی نـەبووم کـە دەمهەویست. کاتێ لە خۆم دەڕوانم، خۆم ناناسم. ئەگەر بتوانم ئیتر قـەت تەماشای ئاوێنە ناکەم، لە پێستی کۆنمدا ئاسوودە نیم. سەفەرێکی دیکـەم بەم پێستەوە بۆ ناکرێ...».

لە پاڵ تابووتدا ڕاوەستاوم. ئەوەی کە لە تابووتەکەدا بوو (خۆمم)ی دیتبوو کە ڕۆیشتبوو. دەستەی تازیەبار، دەڕۆیشتن. خوم لە کوێ بووم؟ دەرکەی تابووت بەسترابوو. کـێ بەسـتبووی؟ بانگیـانم کـرد ـ بـە هـاوار ـ کـەس نەیدەبیست. هەوڵم دەدا، خەتی سەر تابووتەکە بخوێنمەوە؛ لـە خوێنـدن نەدەهات. خەتێکی سەیر بوو. لە بەردی حەک‌کراوم ڕوانی، پڕ لە نەخشی تێکەڵاو. وەک هەزار حەیوان لە ئەژدیهایەک هاڵا بن. ئەژدیهایەک لە ئاسن! منداڵیم لە بەر دەروازەدا، ئاوری هەڵکردبوو. با، شیعرەکانمی بە دەنگێکی ژەنگ‌گرتوو، دەخوێندەوە، تازیەباران فانۆسـەکانی دەسـتیان دە نێـو ئـەو ئاورەی کە منداڵیم هەڵـیکردبوو، دەهاویشـت. فانۆسـەکان نەدەسـووتان، منداڵی خۆمم بانگ کرد، نەیدەبیست؛ بەڵام دەگریا. بەفر لقی دارگێلاسێکی شکاند. شکۆفەکان منداڵێکیان داپۆشی. با، دەگریا؛گریانێکی تاڵ.

بۆ ناو تابووتەکەم ڕوانی؛ خۆم تێیدا خەوتبووم. ئەو ئەو مـنی دیکـە کـە

ڕۆیبوو، لە کوێیە؟ بۆ ئاورەکەم ڕوانی. ئافرەتی بێگانە، لەگـەڵ منداڵـەکەدا غەرقی شکۆفە و بەفر بوو، یاری دەکرد. ویستم بانگی کەم. دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە. بەڵام ئەوەی کە دە تابووتەکـەدا خـەوتبوو، چـاوی کـردەوە، قامکی بێدەنگی نایە سەر لێوی؛ پێکەنی. سیمای وە مانگەشـەو دەچـوو. جوان و لەسەرخۆ. پێستی ساف و وەک بلوور، تەڕ و تازە و جـەوان. بـەڵام جەوان نەبوو. کەوتە سرتە و چپە. ئەو شێعرەی دەخوێندەوە کە دوێنێ شەو هۆنیبوومەوە؛ چاکم نەبیست. دەرکەی تابووتەکەم بەسـت. دەمهەویسـت بگەیم بە منداڵیم کە لەگەڵ ژنێکی بێگانەدا کایەی دەکرد.

ڕوانیم، نە ئافرەت بوو، نە منداڵیم. با، ڕاوەستابوو. تازیەباران دەگەڕانەوە. بێفانووس، دەمهەویست لە نێویاندا ئافرەتەکە بدۆزمەوە؛ دیار نـەبوو، یـان هەبوو و من نەمدەبینی. بە پەلە گەڕامەوە بـۆ ژوورەکـەم. ژوورەکـە هـەر ژوورەکەی جاران بوو. بەڵام پڕ لە بەفر و شکۆفژەی گێلاس، بەفری پاییزی! هێشتا، کابرایەک بە قەڵەمنەی، لە نێو دەفتەرەکەمدا، خەریک نووسینەوەی شێعر بوو. بە داماوی دەمڕوانی. ئاوڕی دایەوە. بـە سـرتە شـتێکی گـوت. نەمزانی چی دەڵێ. خۆم بووم!

ماندوو، وەک لە سەفەرێکی دوور و درێژ گەڕابێمـەوە. بـە زگەخشـکێ، بەرەو نوێنەکەم چووم. خۆم تێیدا خەوتبووم. پیر و پەککەوتوو؛ پڕ لە چرچ و لۆچ. سام دایگرتم. دەرکەی هۆدەکـە ئـاوەڵا بـوو، ئافرەتەکـە، دەسـتی منداڵێکی گرتبوو، ڕاوەستا بوون. بۆنی عەتری لەشی هۆدەکەی کـردەوە. وەرزی بـەهار... هەسـتام و بـەرەو ڕووی چـووم. بـوو بـە غوبـار، لەگـەڵ منداڵیمدا... هەموو کەلێن و قوژبنی ژوورەکە گەڕام نەمدۆزیەوە. ون ببوو. دۆش دامابووم. بەفر دەباری: کلووکلوو، سەر و سیمای سپی دەکردم. دام لە پڕمەی گریان، بە دەنگی بەرز.

کابرایەک لە ناو دەفتەرەکەمدا شێعری دەنووسی. بە دەنگی گریەکەم سەری هەڵبڕی و بە سرتە گوتی:
«لێرەیە... لێرە!»
خەوم دەبینی. ئێستا وە خەبەر هاتوومەتەوە!

## دەنگی ئاشنا

نازانم قەت لە منداڵیدا ون بووی؟ لە بازاڕێکی گەورە و قەرەباڵغدا، لە ناکاو دەستت دەستی باوک و دایکتی ون کردووە؟ ئەوان دەڕۆن و تۆ بە تەنیا دەمێنیەوە. بە هەر لایەکدا چاو دەگێڕی. باوەڕ بە تەنیایی ناکەی. بەڵام هێدی‌ـهێدی دڵەخورپێ دەست پێدەکا. سام دەتگرێ. هەست بە غەریبی دەکەی. هەست دەکەی چەقۆی کارەساتێک لە گەردنت نزیک دەبێتەوە. خەڵک دێن و دەچن بە ناو یەکدا ژڵـیوەیـان دێ. شـان لـە شـانی یـەک دەدەن. بە هەشتا و هەنگاو هەڵدێنن. کەس ئاوڕ لـە کـەس ناداتـەوە. بـۆ ئەوەی ڕێگەی خۆیان خۆش کەن پاڵ بە یەکترەوە دەنێن. بەرۆکی یـەک دەگرن. یەخەی یەک دادەڕن. جنێو دەدەن. هەرا و هوریا، بانگ و هەڵا، و زەناـزەنا.

تۆ دڵتەنگ؛ دڵتەنگ لە ژێر سایەی باڵی دالاشی ترسدا چاوەچاو دەکەی. بۆ دایکت، بۆ باوکت، کەس نابینی. ئیتر ئۆقرەت لێ یاغی دەبێ. بێقەرار و نائارام بەملا و لادا دەخولیتەوە. دەکەوی، هەڵدەستیەوە.

من هەر لە منداڵییەوە ون بووم. لەپڕ هەستم کرد دەستم لە نێو دەستی گەرمی باوک و دایکمدا نەماوە. تەنیا، سامگرتوو، هەڵترووشکام. لە ئامێزی تەنیاییەکی بێسەر و بن، لە بازاڕێکی قەرەباڵغدا. هەر لەو کاتەوە تا ئێستا، لەو بازاڕە درێژ و بێبڕانەوەدا خوار و ژوور دەکەم. چاو دەگێڕم، دەکـەوم و

هەڵدەستمەوە. هێندێ جار، لە پشتەوە، یەکێک وەک ئاشناکانم دەبینم. برووسکەی هیوایەک دڵی تاریکم ڕوون دەکاتەوە. پڕ لە تاسە، بە دوایدا ڕادەکەم. لۆی داوێنەکەی یان شاقەلی کەواکەی دەگرم. بانگی دەکەم. بەڵام کاتێ ئاوڕ دەداتەوە، دوو چاو وەک دوو تیکە سەهۆڵ پڕ لە نامۆیی و بێزاری لێم دەڕوانێ.

لە زەمانی ون بوونمەوە، ڕەنگە هەر لە هاتنە دنیامەوە، تاکوو ئێستا، لەم بازاڕەدا سەرگەردانم. هاوار دەکەم. زایەڵەی دەنگی خۆم دەبیسمەوە. بەڵام دەمەوێ ئەگەر بڕیاری چارەنووس وایە کە ئاشناکانم نەدۆزمەوە. لانیکەم شەقڵی ئەم چوارچێوەی بەستراوە بشکێنم و پێ لەم بازاڕە تەنراوە بنێمە دەرەوە. بەڵام هەرچەند دەکەم ڕێگەیەک نادۆزمەوە. دەڵێی دنیا هەر ئەم بازاڕە تاریک و درێژەیە.

زۆر جار خۆم بە کۆڵانێکدا کردووە. پێم وابووە ئەم کۆڵانە بوارێکە و دەتوانم دزەی لێوە بکەم. لە خۆشیان شاگەشکە دەبم. بەڵام لە پڕ دیوارێک لە بەرامبەرمەوە شین دەبێ. وەک شوورەی قەڵاچەی ئەو دێوانەی لە ئەو سانەکاندا بیستوومن. دیوارێک و خەتێکی دروشت و ناحەز «کووچە بن‌بەستە!»... ئاخ! هەموو، هەموو کووچەکانی ئەم ئاقارە بن‌بست و بێ‌بوارە. ئاخۆ ڕێگایەک نییە؟ هاوار دەکەم، هاوار دەکەم. ماندووم، جەستەم هێندە لە ژێر پێی ڕێبواراندا پێشێل بووە، ئاهێکم پێوە نەماوە. جەستەم بۆتە کێڵگەی برین. دڵم بە تان و پۆی جاڵجاڵۆکەی تەنیایی تەنراوە.

ڕێبواران لێم دەڕوانن، بە جادە سارد و سەهۆڵییەکانیان، وەک گیانلەبەرێکی سەیر و سەمەرەیان دیبێ. زەردەخەنەیەک زاریان دادەپچڕێ. شانێکی بۆ هەڵدەتەکێنن لێوێک خیچ دەکەن و درێژە بە ڕێگەیان دەدەن.

* * *

هەڵکور ماوم. سەرم خستۆتە کۆشی تەنیایی و لە زیندە خەودام. خوێن لە دڵم دەچۆڕێ و چاو دەیدەڵێنێ. لەپڕ دەنگێکی ئاشنا، وەک خورەی نەرمی ڕۆحی ئاو، وەک سروەی بلاوێنی نێو دارستانی بەهار، وەک سرتەی گوڵ و جریوەی ئەستێرە و... چرپەی پێی پەپوولە. وەک خورپەی دڵی دلدار لە سیلەی ژوانگە، گۆمی بێدەنگی تەنیایی و سەرسامیم دەشلەقێنێ.

ـ هۆ ئاشنا! من لێرەم. لە من دەگەڕێی، من لێرەم، وەرە!

دڵم دادەخورپێ، هەڵدەستم. خۆم لە تۆز و غوبار دەتەکێنم. باڵندەی نیگام بە ناو خەڵکدا لە شەقەی باڵ دەدا. لێشاوی خەڵک، تووڕە و بێبەزەیی، هێرشکەر و ڕووخێنەرە؛ دەگەڕێمەوە. بە پێچەوانەی ڕەوتی خەڵک، تەوژمی لافاو دەشکێنم. بە شوێن دەنگەکەدا دەگەڕێم. ئەو دەنگە لە دەخمەی خەڵوەتی دەروونمدا دەنگ دەداتەوە. زایەڵەی شیرینی ڕۆحی بێئۆقرە کردووم. دەڵێی ئەم کوێستانە، لە دوای تەمەنێکی درێژی بێ دەنگی نایهەوێ ئەم دەنگە لە دەست بدات.

ـ وەرە ئاشنا... بە شوێنتا دەگەڕام. ماندوو بووی؟ وەرە کۆرپە غەریبە ون بووەکەم!

کەوتووم. لە ژێر لافاوی سامناکدا کەوتووم. پێ لەسەر دڵم دادەنێن. چقڵی ژێر پێڵاوەکانیان بە چاوما دەچەقێنن. هەوڵ دەدەم هەڵستمەوە. پاسەوانێک مۆڕەم لێدەکا. پێدەکەنێ. دندانە ڕەش و کرمخواردووەکانی نیشان دەدا. پشت بە خۆر ڕاوەستاوە. سێبەرەکەی هێندە درێژ و پانە هەموو بازاڕەکەی داپۆشیوە. هەست بە سەرما دەکەم. وەک نۆبەتێ. گیانم شەلالی عارەقە و خوێنە. ددانم یەک ناگرن، دەستم لە گۆ چوون، ئاخۆ هەوا ساردە یا من دەترسێم. هاواردەکەم.

ـ ڕێگەم لێ مەگرن! بهێڵن با بڕۆم... بانگم دەکا. لە مێژە ونم کردووە. لە

کوێیە؟ دەنگی لە کوێوە دێ؟ تۆ نازانی ئاغـا، خـانم؟ تـۆ نـازانی؟ بانگیـان کردم... بانگیان کردم.

کەس وەلام ناداتەوە. دەڵێی هەموو لاڵن. بە خۆم پێدەکەنم. گێلگەوج! مەگەر ئەو قفلانە نابینی؟ نابینی هەر یەکە و قفلێکی بە زارەوەیە؟

بە پێچەوانەی ڕەوتی خەڵک ڕێی دەکەم. پاسەوانەکە تێم دەخوڕێ.

ـ هۆی نەزمەکە مەشێوێنە، دەگەڕێی وەک بنیادەم بە ڕێگای ڕاستدا بڕۆ.

پشت بە خۆر ڕاوەستاوە و سێبەرەکەی هێندە پان و درێژە هەموو دنیای داپۆشیوە. کلیلێکی گەورەی لە قوولابی باتۆنەکەی هەڵواسیوە، کلیلێک بە ئەندازەی هەموو قفڵەکانی دنیا. خـەریکم بگەڕێمـەوە. بـە خـۆم دەڵـێم: خولیایە... خەیاڵە!

ـ ئاشنا! دڵت مەگۆڕە... من لێرەم... وەرە... لێرەم!

چاو دەگێرم. دڵم خەریکە دیواری سینگم کون بکات. ڕۆحم خەریکە لە شەقەی باڵ بدات. لەپـڕ، خـاوەنی دەنگەکـە دەبیـنم، ئـەوەتا، خۆیـەتی! ڕاوەستاوە. نەک لە چوارچێوەی بازاڕدا، لە خەیاڵیشدا ناگونجێ.

هەست دەکەم بە شوێنی ئەودا هەموو ڕێگاکانی دنیام بڕیوە. هەموو کات و ساتەکانی ژیانی تاڵم بە دوای ئەودا ئەم بازاڕە قەرەباڵغەم سەر و سووژن کردووە. هەست دەکەم هەر لە یەکەمین ڕۆژی پێکهاتنی ئەم جیهانە لـە تەکیا ئاشنا بوومە و ناسیومە. هەست دەکەم کارەساتێکی دڵتەزێن لێکـی جودا کردووینەوە... تەوەتا... ڕاوەستاوە... بەلام لە کوێ، نازانم، نـاتوانم. جێگەکەی دیاری بکەم، لە کوێیە، لەسەر سەری دنیا؟ لەسەر دوندی بەرزی ئاوات؟

پاسەوانەکە بە تووڕەیی لێم دەڕوانی. یەک بە خو دەزریکێنم. پێخاوس و ڕووت، بـەرەو ڕووی هەڵـدێم. وەک ڕۆحێکـی ئـازاد و ڕەهـا. زرینگـەی

زنجیرەکانم لـە ژێـر گونبـەزی بازاڕەکـەدا دەنـگ دەداتـەوە. خەڵـک بـە سەرسووڕمانەوە چاوم لێدەکەن. ڕەنگە بە شێتم بـزانن. مـن دەزریکێـنم. قفڵـی زارم شـکاوە. بـە پێچەوانـەی ڕەوتی خەڵـک هـەڵـدێم، دەکـەوم، هەڵدەستمەوە. پاسەوان لە فیتووکەکەی دەتووڕێنێ. خەڵک ڕەنگی ترسیان لە سیمانیشتووە. هەست دەکەن کارەساتێک بەڕێوەیە. پاسەوان هەڕا دەکا:

ـ بیگرن، بیگرن. هۆی بشێوە بگرن! یاساشکێن بگرن! یاخی! یاخی ئەو یاخییە بگرن!

ـ ئێستا باش دەبینم، لە سەر بورجێکی کۆن ڕاوەستاوە. باڵای بەقەد باڵای هەموو ئاواتە بەدی نەهاتووەکانم بڵندە. ڕێکوەندێکە لە سیمای هەموو ئاشنا ون بووەکانم. لە پلیکانی بورجەکەوە سەر دەکـەوم. پلیکانـەکان سـوورن. باریکەی خوێن... خوێن... خوێن...دەڵێی دڵۆپدڵۆپی ئەو هەموو خوێنەی بە درێژایی مێژوو ڕژاوە لێرە، لەسەر ئەم پلیکانە قەتماغەی بەستووە.

ئەم بورجە کۆنە لە کام دوندی مێژوو. لە کام قۆناخی جیهاندایە؟ چـوار هەنگاو... سێ هەنگاو... دوو شەقاو... باوەشی بۆ دەگرمەوە. ئـاخ دەڵـێی شـیلەی ئافـەرینش و پوختــەی هــەموو جوانییەکانــە. شــیرین شــیرین پێدەکەنێ. ئامێزم بـۆ ڕادەگـرێ. شـریخەیەک و... ئـازارێکی شـیرین لـە سنگمەوە تێدەپەڕێ. قەڵاچەی دڵم دەڕووخێنێ. خۆم دەهاوێمە ئامێزی. دەست بە سەرمادێنێ. بە سنگمەوە دەکوشێ.

ـ کۆرپە غەریبە ماندووەکەم!

خەوێکی خۆش، چاوەکانم پڕ دەکا لە ڕەنگ. باڵندەیەکی بێـئۆقرە لـە دەروونمەوە سەری هـەڵـبڕیوە و بـۆ شـینایی ئاسمـان دەڕوانـێ. دەنگـی پاسەوانەکە لە ئەو پەڕی دنیاوە دەبیسم.

ـ لە ئێوە، هاوشاریە ئەرکناس و بە ئەمەگەکانم لـە بـەر سـزادانی ئـەو

یاخییە ئەشقیایە سپاس دەکەم. ئیتر کار تەواوە، تکایە بگەڕێنەوە سەر کار و ژیانتان.

## کەسێکی وەک من

لە هەموو شوێن و کاتێکدا، لەگەڵمدایە. لە ماڵ، لە شەقام، لە ژووری کار. وەک سێبەرێکی گران وە دوای هەنگاوەکانم دەکەوێ. ڕەنگە پێتان سەیر بێ، ئەگەر بڵێم، هێندێ‌جار، ئەوەندە لێم نزیکە، دەنگی هەناسەکانی لە دەروونمەوە دەبیسم. باش لە بیرم نییە چۆن پێی نایە ئاقاری ژیانم. هەست دەکەم هەر لەسەر پێکی ژیانمەوە لەگەڵمدا بووە. ئیتر خووم پێ گرتووە. بۆتە ئۆباڵی ژیانم. برێ‌جار بۆ ماوەیەک ون دەبێ، بەڵام زۆری پێ ناچێ و هەمیسان، کاتێ چاوەڕوانی هاتنەوەی ناکەم، سەر و سەکوتی پەیدا دەبێتەوە.

ئێستا لەم شەوەزەنگە نووتەک و تاریکەدا، کە باهۆز دەلوورێنێ و دەڵێی هەزاران چەقەڵ ماڵەکەیان گەمارۆ داوە، لە پشت شیشەی پەنجەرەکەوە، سەری بە شیشەکەوە نووساندووە و بە چاوە ئەبڵەق و دەرپەڕیوەکانیەوە، لە حاڵێکدا دەلەرزێ و هەموو گیانی تەڕ بووە، لێم دەڕوانێ، نیگای پڕ لە پاڕانەوەیە، دەیهەوێ ڕێ بدەمە نێو ژوورەکەمەوە، سەرەڕای ئەو هەموو نەفرەتە، دڵم پێ دەسووتێ. ئەو لە سەرما دەلەرزێ و هەموو گیانی من کەوتۆتە مچوڕکە و مورۆژیانە. بەزەییم پێدا دێ، پەنجەرەکەی بۆ دەکەمەوە. بە هەشتاو خۆی بە ژوورەکەدا دەکا و لە پاڵ سۆبەکەدا هەڵدەکورمێ!

ـ چیت لە گیانی من دەوێ، بۆچی دەست لە سەرم هەڵناگری؟

پێدەکەنێ. وەک ماری هەتاو لێدراو دەبووژێتەوە. دەڵێ:

ـ پێت وایە بوومەتە سەرباری ژیانت؟

ـ سەربار؟ نا... بووگیتە بەڵای گیانم، گۆڕت گوم کە، حەز ناکەم.

ـ بۆ؟ مەگەر لە کوێوە هاتووم، گۆڕم گوم کەم.

ـ لە هەر جەهەندەمێکەوە هاتووی.

ـ لە خۆت بڕوانە، تا بزانی جەهەندەم لە کوێیە؟

پێدەکەنێ و درێژە بە قسەکەی دەدا.

ـ ئۆف! تۆ چ برایەکی بێڕەحم و نامێهرەبانی!

بە قامکی شادەی ئاماژەم بۆ دەکا.

ـ بۆ هەرکوێ بچی، لەگەڵتدام. قەت لە دەستی من ڕزگار نابی. تووڕە دەبم. مستەکۆڵەیەک لە بن هەنگەڵی دەکوتم. پێدەکەنێ. دڵم تەژی نەفرەتە. حەزدەکەم، لەت-لەتی کەم. حەز دەکەم گەرووی بجوێم. کە هۆشیار دەبمەوە، چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون، کەوتووتە هەناسەبڕکێ؛ بە قرخەقرخ دەڵێ:

ـ دەتەوێ بمکووژی، دەی بمکووژە!

هێندە مەزڵوومە، دڵم پێی دەسووتێ، بە تف نێو چاوانی سواخ دەدەم. دەلەرزێم و دڵم بۆتە جەهەندەمی نەفرەت. بیر لە کوشتنی دەکەمەوە.

* * *

خێزانم دەڵێ:

ـ بڕیار بدە، یا ئەو هەڵبژێرە، یان ئێمە!

دۆست و برادر، کاتێ پێکەوە، دەمانبینن، ڕوویان لێم وەردەگێڕن. منداڵەکانم کاتێ ئەو لەگەڵ من دەبینن، دەسڵەمێنەوە. کەس دانی خێری پێدا ناهێنێ. کاتێ لەگەڵ مندایە، نەفرەت و تووڕەیی خەڵک منیش

دەگرێتەوە. خۆیشم لێی بێزارم. بەڵام خـۆی بەسـەر ژیانمـدا سـەپاندووە. دەڵێی، ناتوانم لێی جیا ببمەوە. بۆ هەر کوێ دەڕۆم لەگەڵمدایە. خۆم لـێ دەشارمەوە، دەمدۆزێتەوە.

شەوێک، خەونێکی سامناکم دی. یەکەم جار بوو، وەها خەونێکم دەدی. سەر تا پام شەلاڵی خوێن بوو. خەنجەرێکم بە دەستەوە بوو، لەسەر سەری تەرمێک ڕاوەستا بووم. سینگی هەڵدڕا بوو. تەم و مژێکی خەست سیمای تەرمەکەی داپۆشیبوو. تەرمێکی بێسیما، بۆنی گەنیوی تۆپیوی لێدەهات. بۆنی زلکاو، نووشتامەوە، دەمویسـت بـزانم کێیـە. لـەپـڕ چاوکـەی زامـی سەرسینگی کرایەوە. دەروونی تەرمەکە وەک موبالێکی پڕ لە پیسی دەچوو. زریکاندم، بێدار بوومەوە.

* * *

مۆتەکە، سەواری شانی خەوم ببوو، هەموو شەوێ، ئەو خەونە سامناکەم دەدی. بە دەستی خوێناوی، تەرمێکی کوژراو، مژێکی خەسـت. زریکـەی ڕۆحێکی پڕ لە ئازار، نازانم هۆی ئەم خەونە سامناکە چییە، ڕیشەی لە کێهە خاڵی ژیانمدایە. دەڵێی فیلمێکی کورتە و هەموو شەوێ دووپاتە دەکرێتەوە. دەیناسم و نایناسم. سیما ونە، بـە پەلەپـڕووزێ، دەمـەوێ تـەم و مژەکـە بڕەوێنمەوە، بەڵام ناوبەناو، مژەکە، نەختێ، نەختێ دەڕوێ، هەر چاوەکانی دەبینم، چاوەکانی. ئەو دوو چاوە، چەند ئاشنایە، لە خۆم دەپرسم، بۆچـی کوشتوومە. هۆیەکەی نـازانم. هەڵـدێم، دەزریکێـنم و هەڵـدێم. پـۆلیس، زیندان، سێدارە... لەبەرچاوم ڕەت دەبن؛ دڵم خەریکە دیواری سینگم کون بکات. قاچم دەلەرزێن. هاوار دەکەم. لە خەو ڕادەپەڕم. عارەق سەراپای تەڕ کردووم. تەماشای ژیانم دەکەم. هەموو لاپەڕە ڕەش و سپییەکانی دەدەمە لاوە. هۆیەک نـابینم بـۆ پیـاوکوژی. هەرچەنـد ژیـانێکی پـڕ لـە ڕووداو و

کارەساتم بووە، بەڵام دڵە ساکارەکەم، ناتوانێ شوێنی گەڵاڵەی قەتڵ بێ.
ئەی ئەو تەرمە، تەرمی کێیە.

* * *

کاتی ئەوە هاتووە، خۆم لە دەستی ئەو هەڤاڵە بەدکارەم ڕزگار بکەم. گیانم گەیشتۆتە سەر لێوم، کاسەی سەبرم پڕ بووە، چ بەڵای دنیایە بە سەرما هێناوە. ئەو هەموو ساڵەم گوارا کردووە. دەیان کەڕەت ویستوومە بیکوژم، تەنانەت خەنجەرم لێ هەڵکێشاوە، بەڵام هەموو جارێ دڵم ڕێی نەداوە. وەک بزانێ لە دڵما چ ئۆغڵەمەیەکە، ڕشقەنم پێ دەکا. فیکرم دەخوێنێتەوە. لەگەڵ بچووکترین ئاخاوتن و بزاوتنمدا ئاشنایە. زاری دادەپچڕێ:

ـ لە بارتا نییە، نا، ناتوانی، پیاوی دەوێ، تۆ ماڵ ئەم قسانە نیت!

زۆر وەک من دەچێ، دەڵێی سێوێکین و لە نێوەڕاستدا قاشیان کردووە. زۆر کەس لە یەک جیامان ناکەنەوە. تەنانەت باوک و دایک و ژن و منداڵەکانم زۆر جار دوچاری هەڵە دەبن. کاتێ کارێکی ناحەز ئەنجام دەدا، بە جێی ئەو لۆمەی من دەکەن. وەک من دەجووڵێ. وەک من جل و بەرگ لەبەر دەکا. تەنانەت ڕەنگی لیباسەکانی من هەڵدەبژێرێ. هەموو کردەوەکانی وە من دەچێ؛ سێوێکی لەتکراوە، نیوەی ساغ و نیوەی کرمۆڵ! بەڵام چاوەکانی... چاوەکانی... خودایا، بۆ تاکوو ئێستا سەرنجم نەدابوو. ئەم دوو چاوە زەقە، چاوەکانی تەرمی کوژراوی خەونەکانمە! تەنیا جیاوازی نێوانمان لە ئاکارماندایە. بە بێ خۆ هەڵکێشان. من مرۆڤێکی خەراب نیم. دڵم پڕ لە مەحەبەت و خۆشەویستییە. خێزانەکەم خۆش دەوێ. منداڵەکانم خوش دەوێ، ژیانم خۆش دەوێ. دەمهەوێ پاک و خاوێن درێژە بە ژیانم بدەم. بەڵام بە پێچەوانەی من، ئەو، نوقمی کردەوەی ناحەز و فەسادە. بێئابڕوویە. بێکەسایەتییە. ئاسانـئاسان درۆ دەکا. لەسەر

خەڵک کڵاو دادەنێ. هەر کە چاوی من دوور دەبینێ، ڕوو لە خەراپەکاری دەکا. چاچوڵە باز و فێڵەزانە. کاتێ لۆمەیدەکەم، پاساوی کارەکەی دەداتەوە؛ دەڵێ:

ـ ئاکار ڕێژەییە. هەر کارێ ویژدان قەبووڵی کرد، کارێکی دروستە، بار و دۆخیش کار دەکاتە سەر ئاکاری مروڤ. تەنانەت دزیم لێ دەکا. لە زگی منداڵەکانم دەبڕێ. گیرفانم خاڵی دەکا. تلیاک دەکێشێ! لەگەڵ لات و تاقمی چەقاوەسۆ هەڵس‌وکەوت دەکا. وێڵ و خوێڕییە. ڕەنگە بڵێی: دەی باشە، کاتێ وایە، بۆ لەگەڵیدا درێژە بە دۆستایەتی دەدەی؟ نازانم.. نازانم! ئاخر زۆر شتی هاوبەشیشی لەگەڵما هەیە. کاتێ دەیخەمە گیر و گاز، وەک منداڵ دەگری. بڕێ جار، لە بەرانبەرمەوە چۆک دادەدا، کەوشەکانم ڕادەمووسێ و بە چاوی فرمێسکاوییەوە دەپاڕێتەوە:

ـ بمکووژە، تکات لێ دەکەم بمکووژە... خۆت ڕزگار کە!

بەمجۆرە، خۆ مەزڵوومکردنە، دڵم ڕادەگرێ، کاتێ خەتا و تاوانێک ئەنجام دەدا، یەکڕاست دێن و یەخەی من دەگرن. ئەو کاتە، گۆڕی خۆی گوم دەکا و من دەبم بە تەڵەوە. هەرچەند سوێند دەخۆم کەس بڕوام پێ ناکا. نازانن ئێمە دوو کەسین. زرو جار لە بری ئەو کەوتوومە زیندان. لە زینداندا، قەت سوراغم ناگرێ. هەست بە حەسانەوە دەکەم. کاتێ ئازاد دەبم هەوڵ دەدەم خۆمی لێ بشارمەوە. دۆست و برادەر، ئەوانەی بە بۆنەی دۆستی لەگەڵ ئەوا لێم تارا بوون. هەمیسان لە دەورم کۆ دەبنەوە. سەرم دادەخەم و خەریکی کار و ژیان دەبم. بە ماڵ و ژیانم ڕادەگەم. بەڵام لەپڕ ڕێکەوتێکی سادە ئەو نابەکارەم لەگەڵ ڕێک دەخاتەوە. خاڵە بێ‌هێزەکانی ژیانم دەناسێ. لەگەڵ هەستمدا گەمە دەکا. هەمیسان لەگەڵ خۆیم دەخا. کاتێ چاو دەکەمەوە، هەیهوو!

ئێستا، تەماشای بکە! لە پاڵ سۆبەکەدا هەڵکوڕماوە. گەرمای سۆبەکە بووژاندوویەتەوە. وەک مارێکی هەتاولێدراو.

چاوم بڕیوەتە چاوی. ئەو دوو چاوە زەقە نەفرەتلێکراوە. بیر لە دواکەرەتی ئازادیم لە زیندان دەکەمەوە. کاتێ دەرکەی زیندان کرایەوە و پێم نایە دەرەوە، وەک شەیتان، لە بەرانبەرمەوە ڕاوەستا بوو. پێکەنینێکی ناحەز لەسەر لێوی بوو. ددانە ڕزیوەکانی نیشاندەدا. چاوەڕوانم بوو. پڕ لە نەفرەت و تووڕەیی بووم. لە بری ئەو چووبوومە زیندان، تەنانەت بریکارەکەم نەیتوانی بە دادگا بسەلمێنێ، تاوانبار من نیم و نەفرەتلێکراوێکی وەک منە. بە پێکەنینەوە بەرەو ڕووم هات. ئامێزی بۆ ڕاگرتم، چەقۆیەکم تا دەستە لە سینگی چەقاند. کەوتە زەوی، پاسەوانەکان لێمان دەڕوانین. خەڵک دەهاتن، بە بێسەرسووڕمان لە تەرمەکەیان دەڕوانی و ڕادەبووردن. کاتێ کوشتم، دەتگوت بارێکی گرانیان لەسەر شانم کردۆتەوە. ژن و منداڵەکانم لە ئەو بەر شەقامەکەوە ڕاوەستا بوون. ئەو جا، ژنەکەم بە ڕووگەشی و شادییەوە پێشوازی لێ کردم. منداڵەکانم لە ئامێز گرت و بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. ژنەکەم گوتی:

ـ سوێند بخۆ، ئیتر ناچی بە دوایدا.

گوتم: بۆخۆت دیتت. مرد، سینگم هەڵدڕی.

گوتی:

ـ ئەو سەگە، حەوت گیانی هەیە.

گوتم:

ـ دڵنیا بە، مردووە.

بەڵام ئەوەتا، لە پاڵ سۆبەکەدا هەڵکورماوە. چۆن زیندوو بۆتەوە؟ زاری دادەپچڕێ.

- بۆ سبەینێ چ بکەین؟

بۆنی گەنیوی جانەوەرێکی تۆپیو لە زاری دێ.

- ماندووی، زۆر ماندووی، سبەینێ پێکەوە پیاسەیەکی بۆ دەکەین، دوایی... خەریکم دەلەرزێم... پێدەکەنێ.

- نیازت بە حەسانەوەیە، شوێنێکی باشم پەیدا کردووە. ژیان سەختە؛ کار و کار و کار... پیاو ماندوو دەکا. پیاو ناوبەناو نیازی بە... هەیە. سبەینێ پێکەوەین، دنیا فەرامۆش دەکەین. لەمێژە، لەو کاتەوە لێک براوین، ئیتر قسەکانم نەدەبیست. لەپڕ هێرشم بۆ برد. دوو پەنجەم لە گەرووی توند کرد. وەک چەقەڵ دەیلووراند، دەینووزاند... پەلەقاژەی دەکرد. لە چاوەکانی ورد بوومەوە، چاوەکانی چاوی تەرمی خەونەکانم؛ هەوڵی دەدا خۆی لە دەستم ڕزگار بکات. سۆبەکە لەگەڵ خۆی کێش دەکا. نەوتی سۆبەکە دەڕژێ، ئاور کڵپە دەبەستێ، وەک منداڵێک دەگری و دەڵێ:

- لێم بێزار بووی، باشە، بمکووژە... بمکووژە!

سیما مەزڵوومەکەی خەریکە پێم سست دەکا. چاوەکانم لێک دەنێم و زۆرتر گەرووی دەگووشم. دەکەوێ. ئاور ژوورەکەی کردۆتە جەهەندەم. دەیخەمە نێو ئاورەکەوە و خۆم لە پەنجەرەکەوە دەرباز دەکەم. بە هەموو هێزەوە بەرەو ماڵ هەڵدێم. خێزانەکەم چاوەڕوانە، دەنگی نووزەی لە دوورەوە دەبیسم، ئاور دەدەمەوە، ئاور بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە، شەو لە کۆتاییدایە، گزنگی تیشک لە ئاسۆی بەرانبەرمەوە، هەواڵی هەڵاتنی ڕۆژێکی نوێ دەدا...

# تابلۆ

لە بیابانێکدا، جادەیەک مژ و تەماوی، هەتا ئەبەدییەت... برووسکەیەک لە ئاسمانەوە تا زەوین داکشابوو؛ لەو جێگەیە برووسکە دەگەیشتە زەوین، وەک کارەساتێک ڕووی دابێ، وابوو... کارەساتەکە چی بوو؟ ڕوون نەبوو. هەموو شتێک لە ناو تەم و مژدا لە ژێر پەردەی ڕازێکی نهێنی داشاردرابۆوە. ئاسمانێکی چاوتاڵ، بە سەر ئاقارەکەدا تەژی لە هەوی، هەوری ڕەش... کات نادیار بوو.. تاریک و ڕوون. هەورەکان چڕ و پڕ تێک چرژا بوون. بەفر دەباری، جادە و بیابان وەک ئەندامێکی ڕاکشاو، لە کفنی بەفر پێچرابۆوە. لە نێوەڕاستی جادە، خوێنێکی زۆر پرژا بوو. جەمسەر برووسکە و زەوین سەرچاوگەی خوێنەکە بوو. ئیدی تا چاو هەتەری دەکرد، پەڵەپەڵە خوێن بوو،تا دەگیشتە سەر چاوگە. دوو پەڵەخوێنی گەش تەریب لەگەڵ هێڵی برووسکەدا، بەرەو ئاسمان ئەچوون. وەک دوو باڵندەی سوور. لە سەرچاوەی خوێنەکەوە،تاپۆیەک کە لە هیچ نەدەچوو، کێشرابوو. شکڵی نەبوو. تەنیا چەند هێڵی خوار و خێچ.

کاتێ لە تەماشای تاڵبۆکە بوومەوە، بۆ ماوەیەک بە بێدەنگی چاوم لە جەعفەر بڕی و دوایی گوتم:

- تێناگەم. نازانم دەتەوێ چی بڵێ!

بە دەم پێکەونینە تایبەتییەکەی خۆیەوە گوتی:

ـ ڕاستت دەوێ، خۆیشم نازانم! دەزانی خەریکم نەختـەنەختـە بـەرەو پۆستمۆدرنیسم دەڕۆم!

ـ گوایە پێت وایە هەر بەرهەمێکی بێمانـا و ڕەمـەکی و دوور لـە زەیـن دەچێتە نێو خانە و سەبکی پۆست مودرنیسمەوە!؟

ـ ئەی چۆن! ئەمانە دەڵێن پێویست نییە خەڵک لە مەبەستمان بگات. ئێمە بۆ بەرەکانی داهاتوو دەخولقێنین! سیگارێکی گیراند؛ مژێکی قووڵـی لێدا و...

ـ لەم قسانە گەڕێ. ئەم جۆرە پاکانە هونەرییانە بـۆ فریـودانی خەڵـکە. چەواشەکردنی هونەر و ئەدەبیاتی دەروەست و پڕوپاگەندە بۆ سەلماندن و داسەپاندنی هونەر بۆ هونەرە. لێی گەڕێ. بەڵام ئەم تابلۆیە... ڕەنگە زۆرت پێ سەیر بێ. دوێنێ شەوێ، دوای نیوەشەو لە خەو ڕاپەڕیم. لە بیرم نایـە، ڕەنگە خەونێکی ناخۆش ڕاپەڕاندبێتم. جۆرە بێقەرارییەکی سـەیرم ئاوقـە ببوو. هەرچەندم کرد و کۆشا خەوم لێنەکەوتەوە. وەک دەستێکی نادیـار ڕامکێشێ بەرەو کارگاکەم چووم و لە بەرابەر بوومەکەوە دانیشتم. هەروا کە چاوم بڕیبووە بوومەکە هەر ئەوەی دەزانم فڵچە و قەڵەمم هەڵگرت. کاتێ وە خۆمدا هاتمەوە و چاوم کردەوە، ئەم شتەم کێشا بوو؛ وەک کەسێ دەسـتم بگرێ و سەر و خوار و ڕاست و چەپی پێ بکا. من هیوادار بووم، تۆ شتێکی لێ هەڵکرێنی.

گوتم:

ـ هەر لە خەونێکی ئاڵۆز دەچێ و هیچیتر.

ـ نا، من پێم وایە قسەی تێدایە. بەڵام قسەکە ناتەواوە، بە ئاکام نەگەیوە!

ـ باشە، دانیشە و تەواوی کە.

ـ جا چۆن؟ کاتێ نازانم سووژەکە چییە و چۆن هاتووە. سەیر ئەوەیە کاتێ

تەماشای دەکەم، جۆرە ههستێکی نەناسراو دامدەگرێ. نـازانم ئـەو چەنـد هێڵـە دەرهەمانـە چـین؟ هـەر دوای کێشـانەوەی ویسـتم بیانسـڕمەوە. فڵچەکەشم هەڵگرت. هەر لەو کاتا، تەلیفۆن زەنگی لێدا؛ کاک مارفی خۆمان بوو. زۆرم پێ سەیر بوو! قەت مارف ئاوەها بێوەخت تەلیفۆنی نـەکردبوو. ترسام، نەکا شتێکی لێ قەوما بێ. چی بووە مارف؟ وەڵڵا هیچ، لە خەونێکی ناخوش ڕاپەڕیوم، بێقەرارم؛ جۆرە هەستێکم لێ پەیدا بووە. ئیـدی هـەروا لەپڕ کەوتمە بیری تۆ، پێم وایە تۆیش لە خەونەکەمدا بووی. ئەی تۆ چۆن تا ئەم کات و ساتە بەخەبەری؟

قسەکەمان درێژەی کێشا و ئیتر لە بیرم چوو هێڵەکان بسڕمەوە!

گوتم:

- تەواوی کە جەعفەر! هـەر شـتێکی لـێ دەردێ. ئـەزموونێکی تـازەی هونەرییە. نێوی چی لەسەر دادەنێی؟ بەرهەمی زەینی ناخودئاگا؟ پێت وایە لە چ سەبکێکدایە؟

ماوەیەک چاوی لە تابلۆکە بڕی. چەشـنێکی سـەیر لێـی دەڕوانی. کـە چاوەکانی هەڵبڕی دوو دڵۆپە ئەسرینیان تێدا قەتیس مابوو...

- سەبکی دڵم!

* * *

جەعفەر تەلیفۆنی کرد:

- تابلۆکەم تەواو کرد.

گوتم:

دۆزیتەوە؟

گوتی:

- بۆخۆت وەرە، دەبێ بیبینی!

لای ئێوارە کەوتمە ڕێ، لە نیوەی ڕێگەدا مارف ئاسەلا بوو. ئەویش بۆ لای جەعفەر دەهات. وە ژوور کەوتین. جەعفەر وەک هەمیشە پاتۆلێکی کۆنی پڕ لە لەک و ڕەنگی لەبەر بوو. دەم بە پێکەنین وە پیریمانەوە هات. پارچەیەکی ڕەشی بەسەر تابلۆکەدا دابوو. گوتی:

- ئەو ڕۆژە لە سەبکی تابلۆکەت پرسی؟ گوتم سەبکی دڵمە! ڕاستە سەبکی دڵ بوو، بەلام با بە قەولی قەڵەمبەدەستان، زانستیانەی بکەین. ئەو تابلۆمە دەکەوێتە قوتابخانەی ڕیئالیسمەوە! گوتم:

- ڕیئالیسمی چی و شتی چی! بیابانێکی بێسەر و بەر... هێڵێکی درێژ، پیاو نازانێ ڕێگایە، جادەیە... توولەمارە... ئاسمانێکی نزم و هەور و هەلات و برووسکەیەک کە ڕۆچۆتە ناخی زەویدا و چەند هێڵێکی خوار و خێچ. بۆ خاتری خودا جەعفەر، ئەم ڕێئالیسمەت لە کوێ هێناوە.

پارچەکەی هەڵداوە. هەر تابلۆکەی ئەو جار بوو. بەلام تاپۆکە ببوو بە دوان، دوو پەڵە خوێنە باڵدارەکان لەسەر تاپۆکان هەڵنیشتبوون. هێشتا لێڵ و بێشکڵ و سیما بوون.

مارف نوقمی تابلۆکە ببوو؛ لە ژێر لێوە گوتی:

- زۆرم پێ سەیرە، من ئێرە دەناسم. لە کوێ دیومە؟ نایەتە بیرم، ڕاوەستە... ئەوە شەو تەلیفۆنم کرد هەر ئەو شەوە خەونێکیم بینی، لە جێگەیەکی وەکوو ئێرە بووم. هەر خودی ئەم جادە، هەر ئەم ئاسمان و ئەم تەمتومانە... من ئالێرە، لە جێگەی ئەم تاپۆیە ڕاوەستابووم. برووسکە... نا، برووسکە نەبوو؛ هەڵۆیەکی زەلام، زۆر گەورە، سێبەری باڵەکانی زەوینی داپۆشابوو. لە ئاسمانەوە خوی لووی دابوو. بەرەو ڕووم دەهات؛ دەیهەویست بمبات. تۆیش لەولاتر هاوارت دەکرد.

لە بەرابەر تابلۆکەوە دانیشت و چەند جارێ گوتی:

ـ پێم سەیرە، زۆر سەیرە!

جەعفەر گوتی:

ـ ڕەنگە منیش هەر خەونێکی وام دیتبێ!

گوتم:

ـئەم دیاردە سەیر و سەمەرە چۆن لێکدەدرێتەوە.

جەعفەر گوتی:

ـ تەلەپاتی.

مارف گوتی: یان پێوەندی فیکری و مێشکی!!

من گوتم:

ـ تەلەپاتی و ئەم جۆرە زاراوانەیە، پاکانەی زانستی ئەو دیاردە نەناسراوانەیە کە هێشتا زانست پەی پێیان نەبردووە.

* * *

هەواڵەکە دڵی ڕاتڵەکاندم:

ـ مارف و جەعفەر...

سوار بووم و خۆم گەیاند:

جەعفەر تابلۆکەی تەواو کردبوو. سیما و شکڵی تاپۆکـان کێشـرابوون و ئاشکار، مارف و جەعفەر بوون. خوێن لرفەی ئەکرد و بەفرەکەی ئەتواندەوە. پەڵەخوێنە باڵدارەکان بەسەر جادەی برووسکەدا، لە هەورەکانەوە سەریان هەڵبڕیبوو و بەرەو ژوورتر دەچوون. نازانم کێ تابلۆکەی هێنابوو، لەم بیابانە چۆڵ و جادە سەهۆڵ بەندەدا بە لقی برووسکەوە هەڵیواسیبوو.

## دڵی هیوا

شەو بوو. شەوێکی درێژ و بێبڕانەوە. تاریـک و ڕەش. شـادی لـە دڵان کۆچی کردبوو. گوڵی بزە و پێکەنین ژاکابوو. ئیتر تەنانەت کەس نەدەگریا، وەک وابوو خەڵک ببوون بە بەرد. وەک تەڵەمیران، دەهاتن و دەچوون. هیچ دڵێک کزە و چزەی ئەوینی تێدا نەمابوو. ئەوین مردبوو. ئەوین بمرێ، دڵیش دەمرێ. دڵ کە مرد، خۆشەویستیش دەمرێ. کەوابوو ئیتر کەس لە حاندی کەس مێهرەبان نەبوو. هەموو سەر لێشێواو، بێدەنگ، کڕ و مات، بێهیوا و ئاوات هەڵپرۆسقاو... لە شەوێکی وەها تاریک و سامناکدا، «هیوا» کوڕە هەژاری ئەو وڵاتە ویستی بە پێچەوانەی یاساکان وە دوای ڕۆژ بکەوێ. کاتێ بیر و ڕای خۆی بۆ هاواڵەکان گێڕاوە، هەموو بە ڕشقەنەوە پێکەنین و کوتیان بێگومان شێت بووی. ڕۆژ لە مێژە مردووە.

بەڵام هیوا، خۆی بە دەست ناهومێدییەوە نەدا. دەیزانی ئەوەنـدە دڵان سارد و بێتین بوون کە ئیتر بڕوایان بە تیشک و ڕووناکی لە دەسـت داوە. ڕۆژێک تۆشەی سەفەری پێچاوە و ملی ڕێگای گرت:

ـ هیوا مەڕۆ، ڕۆژ مردووە!

ـ ئەز ڕۆژ دەدۆزمەوە.

ـ تۆ شـێت بـووی هیـوا! قـەت پیـاوی عـاقڵ وە دوای شـتێکی نـەدیو دەکەوێ؟!

- ڕۆژ، ڕاستییەکی ڕوونە و من دەیدۆزمەوە.
- پێش تۆ زۆر کەس، دوای ڕۆژ کەوتن و نەگەڕانەوە.
هیوا گوتی:
- ڕۆیشتن باشتر لە مانەوەیە. تەنانەت ئەگەر هەر نەگەیێم، خۆ ڕچەی بەشێک لە ڕێگا بۆ داهاتووان دەشکێنم.
خەڵک وەک شێتیان دیبێ دایان لە شاخەی پێکەنین. هیوا وەڕێ کەوت دڵی دەریا بوو. ئیمان لە نێو دڵیدا شەپۆلانی دەدا. ئەرخەیان بوو ڕۆژ دەدۆزێتەوە.

* * *

هیوا، شەو و ڕۆژ بێ وچان ڕێگای دەبڕی. ئیتر حیسابی ڕۆژ و مانگ و ساڵی نەدەکرد. هیوا زۆر ڕۆیی، کەم ڕۆیی، گەیشتە لای کانیاوێکی ڕوون و بەخوڕ. دانیشت و نوردە نانەکەی کردەوە. ڕێگایەکی زۆری پێوا بوو. بەڵام هەستی بە ماندوویی نەدەکرد. هەموو گیانی هێز و هان بوو. پاڕوویەکی نانی دە زاری نا و لەپڕ سوارێک سەری هەڵدا. هات و لە قەراخ کانیاوەکە ڕاوەستا و ئەسپەکەی ئاو دا.
هیوا گوتی: کەرەم کە ڕێبوار! سوار بە لەخۆبایی و فیزەوە ئاوڕێکی داوە و گوتی: کوڕە، ئەوە تۆ لەم بیابانەدا چ دەکەی بۆ کوێ دەچی؟
- وە دوای ڕۆژ کەوتووم. دەڕۆم بیدۆزمەوە.
سوار دای لە قاقای پێکەنین و بە تیتاڵییەوە گوتی:
- تۆ؟ بەم تەشک و قەڵافەتەوە؟ بەم پۆشەنە دڕاوەوە. پێخاوس و بێ ئەسپ و ئەسڵەحە وە دوای ڕۆژ کەوتووی؟ بە خودا چاکە.
ئەمەی گوت و دیسان دای لە قاقای پێکەنین. هیوا بێ ئەوەی هەست بە شکاندنەوەی خۆی بکا گوتی:

ـ ئەسڵەحەی من، باوەڕی منە!

سوار گوتی: باشە، باشە. دەتەوێ بە کام ڕێگەدا بڕۆی و پێش ئێمە ئەم کارمامزە ڕاو بکەی! هیوا ئاشێرەی کردە سنگی خۆی و گوتی:

ـ لە ڕێگای دڵمەوە!

سوار گوتی:

ـ هەژارەکە! دڵم پێت دەسووتێ! تا ئەژدیهای ئەم ڕێگا بێبەزەییە قووتی نەداوی بگەڕێوە. ڕۆژ زۆر دوورە. لە ئەوپەڕی بیابان و کوێستانە بەرزەکانەوەیە ئەز دەیان ساڵە بەم ئەسپە کابووکەوە غار دەدەم و هەنووکە نەگەیشتووم.

هیوا گوتی:

ـ ڕەنگە ڕێگات لێ ون بووبێ.

سوار گوتی:

ـ خوێڕی، بەرەڵڵا! تۆ دەتەوێ ڕێگام پیشان بدەی؟ زگم پێت دەسووتێ! ئەگەر دەتەوێ هەستە بکەوە دوای جێ پێ ئەسپەکەی من. من بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆم. بە پێچەوانەی ئەوانە کە دەڵێن ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە سەر هەڵدەدا، بۆ من ڕوون بۆتەوە ڕۆژ لە سنگی ڕۆژئاوادایە. وەرە، وەرە وە دوای جێ پێ ئەسپەکەم کەوە!

سوار بە خێزێک خۆی هاویشتە سەر زینی ئەسپەکەی و لە ئاوزەنگی کوتا. هیوا هەڵسا و نەختێک ڕاما و لە حاڵێکدا پێدەکەنی و سەری دەلەقاند وە ڕێ کەوت. هێشتا هێندێک نەڕۆشتبوو، بە بیستنی خرمەیناڵی ئەسپێک ڕاوەستا. سوارێکی بینی بە غار دەهات. کاتێ گەیشتە لای هیوا گوتی:

ـ ماندوو نەبی!

سوار بێئەوەی وەڵامی هیوا بداتەوە گوتی:

- ئەرێ کوڕە! سوارێکت نەدیوە؟

هیوا گوتی:

- چما! بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیی.

دیمەنی سوار تێکچوو. تووڕە بوو. چـاوە گـرژ و مۆنـەکانی بڕییـە ئاسـۆ دوورەکان و گوتی:

- ئەی غەیان، لاڕێ...

هیوا گوتی: به کێ دەڵێی؟

سوار گوتی: بەو سوارە سەرلێشێواوە.

هیوا گوتی: ئەو سوارە قسەی سەیری دەکرد. دەیگوت ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە سەر هەڵدەدا.

سوار گوتی: هەڵەیە، هەڵەی ڕووتە! کوڕم، گوێ خۆت لەم قسە قۆڕانـە بئاخنە. ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە سەر هەڵدەدا. هەمیشە هەروایە. ئەوە یاسـای هەتاهەتایی سروشتە. هەمیشە ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە دێ.

هیوا گوتی: ڕەنگە بیر و باوەڕی تۆیش هەڵە بێ.

سوار تووڕە بوو. قامچییەکەی هەڵسووڕاند و گوتی:

- من قەت هەڵە ناکەم. ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە سەر هەڵدەدا.

نەختێک بێدەنگ بوو. دوایی گوتی: تۆ بۆ کوێ دەچی؟

- منیش وە دوای ڕۆژم.

سوار بە بزەیەکی تاڵەوە گوتی: جـا چـۆن؟ بـێئەسڵـەحە، بـێئەسـپ، بێتوشە؟

هیوا گوتی: من هەمووم هەن. ئەسڵەحەم ئیمانە، ئەسپەکەم ئیرادەیە و تۆشەم باوەڕ.

سوار بە گاڵتەوە گوتی: پیاوی چەکدار! پێم بڵێ بزانم ڕۆژی تو لە کێهە لاوە سەر هەڵدێنێ.

هیوا گوتی: ئەگەر ڕێگا هەتڵە نەکەم لە کوێستانی دڵمەوە!

سوار گوتی: بە خودا، شێتێکی خوێن‌شیرینی.

دوای ئەم قسە بە چوار ناڵە بەرەو ئاسۆی ڕۆژهەڵات نایە غار. هیوا کەوتە نێو گێژاوی بەحری خەیاڵاتەوە.

ـ ئەز شێتم؟ ئاخۆ شێتم؟ نەکا ڕاست بێ، نەکا...

سەرێکی ڕاوەشاند و ڕێ‌کەوت.

بەڵام فیکر و خەیاڵ بۆ ناو مێشکی هێرشیان هێنابوو.

ـ نەکا شێت بم؟ ئاخۆ ڕۆژ هەبێ؟

ـ ڕەنگە حەق بە سواری یەکەم بێ!

ـ ڕەنگە سواری دووهەم ڕاست بڵێ.

ـ ئەی خۆ دڵی من کێو نییە. چۆن ڕۆژ لە دڵەوە سەرهەڵدەدا.

ـ ئای چەند تیتاڵیان پێکردم!

بەم فیکر و خەیالاتەوە، هەنگاوەکانی تا دەهات بێ‌هێز دەبوون و ئەو گوڕ و تاوەی جارانی نەمابوو. گەیشتە قەراخ گۆمێکی لیخن و قوڕاو. ئیتر هێز لە ئەژنۆی بڕابوو. لەپڕ،دیتی لە نێو ئاوە بۆگەن و لیخنەکەدا زەلامێکی زل و کەڵەگەت مەلە دەکات. بە دیتنی هیوا گوتی: هۆ کاکەی ڕێبوار! ماندوو نەبی.

هیوا گوتی: عومرت درێژ بێ.

ـ وا دیارە تەنیای، ڕاوەستا با پێکەوە بڕۆین.

پیاوی زەلام و کەڵەگەت لە ئاوە بۆگەنەکە وە دەر کەوت. قوڕ و لم سەرتاپای پۆشیبوو و بۆنێکی بیزلێکراوی لێ‌دەهات. دیمەنێکی ناحەز و

ناشیرینی هەبوو. هیوا بێزی دەهاتێ.
ـ پیاو، باش نییە تەنیا بچێتە سەفەر.
هیوا گوتی: ڕێگام زۆر دوورە. دەبێ وە ڕێ کەوم. ئەدی نێوت چییە؟
پیاوی ناحەز گوتی: چۆن نامناسی؟ هەموو من دەناسن. زۆر ناسراوم. نێوی من «دڕدۆنگ»ە.
ـ قەت نێوتم نەبیستووە.
ـ بەڵام، من ماوەیەکە وە دوات کەوتووم. دیتم تەنیای، دڵم پێت سووتا. ئێستا بەرەو کێهە لا دەچی،ئەوەندە بە پەلەی؟
ـ وە دوای ڕۆژم.
ـ کام ڕۆژ؟
ـ دایکی تیشک و ڕووناکی، دایکی هەتاو.
دڕدۆنگ گوتی: ئەی هوو! ئەمانە قسەی کۆنن، ئەم وشانە تەنیا دە لاپەڕەی کتێبە کۆنەکاندا نووسراون.
ـ تۆ درۆ دەکەی، ڕۆژ هەیە.
ـ خۆ من دوژمنت نیم. براله! ئەگەر ببوایە دەمگوت هەیە.
هیوا ڕوانیە لووتکەی کێوە بەرزەکان و دڵی لە نێو لەپی سامێکی قورسدا کەوتە خورپەخورپ. دڕدۆنگ گوتی: زۆرکەس ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە. زۆریش ڕۆشتن و جگە لە ئارەقە و زام و ماندوویی چییان نەهێنایەوە.
هیوا بە دەنگێکی کپ و نزمەوە گوتی: بەڵام من دڵم درۆ ناکا.
دڕدۆنگ گوتی: خەیاڵە، خەونە، خولیایە. جار وا هەیە پیاو دەکەوێتە نێو خەیاڵ و پێوایە ئەوەی دە خەیاڵیدایە ڕاستەقینەیە، بەڵام ئیتر هیوا، تەواو، هێزی لێبڕا. ئەژنۆی شل بوو.
دڕدۆنگ گوتی: بۆ ژیان لە خۆت حەرام دەکەی؟ تۆیش وەک هەمووان،

سەرت داخە و خەریک ئیش و کاری خۆت بە. ئەم گشتە عەزاب و ئازارە بۆ کێ؟

هیوا گوتی: ڕەنگە وابێ، بەڵام دڵم...

دڕدۆنگ گوتی: گوێ بە دڵت مەدە، خولیایە، خەونە، خەیاڵە.

دڕدۆنگ دەستی هیوای توند توند گرت و گوتی:

ـ لێرە نەختێک بحەوینەوە. باش تێفکرە، ئەگەر بتەوێ پێکەوە لە قەراخ گۆمەکە خانوویەکی جوان ساز دەکەین و هەموو ڕۆژێ بۆ خۆمان مەلە دەکەین.

دڕدۆنگ و هیوا، دە سێبەری دارێکدا ڕاکشان و خەوتن و پرخە پرخیان وڵاتی داگرت.

هیوا ماوەیەک لە خەودا بوو. لەپڕ بە بیستنی دەنگێک ڕاچڵەکا:

ـ هیوا! هیوا!

هیوا چاوە خەواڵووەکانی پرواند. کچێکی جوان، دە بەرامبەریدا ڕاوەستا بوو. جوان و دڵگر. تارای سپی تیشکی لەبەر، شمشێرەکە دەدرەوشایەوە. دوو باڵی زێڕینی هەبوو. دیمەنی وەک ڕۆژ تیشکی دەپرژاند.

ـ هیوا ڕا بە... ڕا بە! فریوی دڕدۆنگ مەخۆ. ڕۆژ درۆ نییە، ڕاستە؛ ڤینەیەکی ڕوونە.

ـ تۆ کێی؟

ـ من کیژی ڕۆژم.

هیوا ئاوڕێکی دڕدۆنگی دایەوە.

دڕدۆنگ خەوتبوو و پرخەی دەهات. چاوی بڕیە نێو چاوانی کیژی ڕۆژ و جوولانە و گوڕ و هێزێکی تایبەتی کەوتە دڵ. کیژی ڕۆژ شمشێرە ئاورینەکەی بۆ ڕاگرت و گوتی:

ـ هانێ هیوا! هانێ، بەو شمشێرە دڵی ڕەشی دڕدۆنگ لەتلەت کە.

هیوا ڕوانی بۆ کێوە بەرزەکان.

کێوەکان نەوی بوون. کۆم و کووڕ دیار بوون. هیوا هەستی دەکرد بە چەند هەنگاو دەگاتە لووتکە بەرزەکان. کیژی ڕۆژ گوتی:

ـ تەماشا کە! ئەو لووتکە بەرزە دەبینی! ماڵەمن لەوێدایە.

هیوا چاوی بڕیە ترۆپک. نیزیک بوو. هەستی دەکرد دەستی دەگاتێ. هەستی دەکرد ئەو تروپکە دڵی خۆیە. خێرا شمشێرەکەی لە کیژی ڕۆژ وەرگرت و سنگی دڕدۆنگی هەڵدڕی. دڕدۆنگ نەڕاندنی و بوو بە دووکەڵ. کیژی ڕۆژ دای لە شەقەی باڵ و شینایی ئاسمانی گرتە باوەش. هیوا شمشێرەکەی دە پشتێندی قایم کرد و بە هەموو هێزێکەوە وە ڕێ کەوت؛ هێزی عالەمی لە دڵا بوو.

* * *

نازانم چەند ڕۆژ، چەند مانگ، چەند ساڵ بە ڕێوە بوو. بەڵام بێوچان و بەردەوام ڕێگای دەبڕی و چاوی لە لووتکە بوو. لووتکە مەبەست بوو. لووتکە مۆڵگەی حەسانەوە بوو. هەر دەڕۆیی و هەر کوێستان لە ژێر ڕکێفیدا بوو. لە بیابانێکی بەردەڵان تێپەڕی. لە دۆڵێکی پڕ لە دڕندە و دڕ سەرکەوت. سەرئەنجام ڕۆژێک گەیشتە ئەوەڵ بەردی بنەڕەتی کێو. ئەو کێوە بەرزە کەوا ماڵی کیژی ڕۆژی لەسەر کلاوە بوو. هەنگاو لەسەر هەنگاو. بێوچان، خڕکە و تاتە و گاشەی بە جێ دەهێشت. کاتێ گەیشتە کەمەرچینی کێوەکە، لەپڕ سێبەرێکی سامناک وڵاتی داپۆشی و دەعبایەکی زەلام ڕێگای لێگرت. هیوا نەختێک هەستی بە ماندوویی دەکرد. نەفەسی سوار بوو. ڕوانییە لووتکە، لووتکە دوور بوو. دەعباکە دای لە قاقای پێکەنین.

خورپە کەوتە دڵی هیوا: ئاخۆ کیژی ڕۆژ، درۆ…

دەعباکە وتی:
- وایە، درۆ... درۆ
- تو کێی؟ چما ڕێگات لێگرتووم؟
- نامناسی؟ من ناهومێدیم.
ناهومێدی چنگە سامناک و درێژەکانی کردەوە.
- چیت لە من دەوێ؟
- دلّم دەوێ، دلّت...
ئەژنۆی هیوا دەهات شل بێ. لەم کاتا دەنگی پڕ لە خۆشەویستی و دلّگری کیژی ڕۆژ هاتە گوێ:
- هیوا، خۆت مەدۆڕێنە، وریا بە ناهومێدی بۆڕت نەدا. ڕۆژ ڕاستەقینەیەکی ڕوونە.
هیوا شمشێرەکەی لە کێلان کێشا. شەڕ و تێک‌هەلّچوونێکی دژواری دەگەلّ ناهومێدیدا دەست پێکرد. ناهومێدی بە چنگە تیژەکەی چەند برینی قوولّی لەسەر سینگی هیوا چاند. بەلاّم هیوا، دواهێزی بە کار هێنا و بە شمشێری ئاورین سنگی ناهومێدی هەلّدڕی.
ناهومێدی بوو بە خۆلّەمێش.
هیوا بریندار و لە خوێن گەوزاو، وە ڕێ کەوت. برینەکەی سەر سنگی وەک کانیاوێک بە خوڕ، خوێنی لێدەچۆڕا. دلّی خۆی دەبینی لە ناو خوێندا دەبزووت.
هیوا لە کێوەکە سەرکەوت. کیژی ڕۆژ لەسەر لووتکەی کێوەکە ڕاوەستابوو. هیوا بە چنگەکرێ دوا تاشەبەردی بەجێ‌هێشت. کیژی ڕۆژ ئامێزی بۆ ڕاگرت. هیوا ئیتر هێزی نەمابوو. خوێن بە فوارە لە کانیاوی سنگییەوە هەلّدەقولا. لەبەر پێی کیژی ڕۆژدا، بە لادا هات و کەوت.

چاوەکانی لێـک نـا و ڕۆژ... ڕۆژ.... ڕۆژ، بـە هـەزاران لێـزگ و تیشـک و پڕشنگەوە لە قووڵایی برینەکەی سەر دڵیەوە سەری هەڵـدا و وڵاتی ڕوون کردەوە.

# مارۆ

لەو ڕۆژە، بەیانی زوو، کاتێ دادەگوڵچین، بۆ ئاودانی مانگا مارۆ پێی نایە نێو هۆڵەکەوە، لە پڕ قیژاندی و بە سەری خۆیدا دا، کاکە شەریف، بە پەلە و هەشتاو خۆی گەیاندە هۆڵ. مارۆ لە پاڵ ئاخوڕەکەدا کەوتبوو. کەف کەوتبۆوە لالەغاوەی و دەیپڕماند و پەلەقاژەی ئەکرد. دادە گوڵچین، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە مارۆ. سەری مارۆی خستە سەر ڕانی خۆی. ئیتر، دەستی کرد بە شین و گابۆڕ. چنگ‌چنگ قژی خۆی دەڕنی و فرمێسکی دەباران. کاکە شەریف بە پەشۆکاوی لە چەقی دەرکەی هۆڵەکەدا ڕاوەستا بوو. واقی وڕ مابوو. نەیدەزانی چ بکا.

دادە گوڵچین قیژاندی بە سەریا:

ـ مردە لۆخ! بۆ هەروا ڕاوەستاوی، بڕۆ... زوو کە بڕۆ، کارێ بکە. ئەی هاوار. ماڵی وێرانم، کۆست کەوتوو خۆم...

کاکە شەریف وەدەر کەوت.

یەکەم کەسێ خۆی گەیاند، ئەحمەد قەساب بوو. دادە گوڵچین گۆنای خۆی خوێناوی کردبوو. قژ ئاڵۆز و چاو خوێن‌تێزاو، خۆی بە سەر مانگا مارۆدا، دابوو.

کاکە شەریف وتی:

ـ چ بکەین خاڵۆ؟ مارۆ خەریکە مردارەوە دەبێ!

ئەحمەد قەساب چۆکی دادا و بە دوو قامکی چاوی مارۆی کردەوە. هێندێ تێی ڕوانی و هەستا سەر پێ. بە داخ و کەسەرەوە سەرێکی لەقاند و وتی:

ـ کار لە کار ترازاوە باوکم! بەستەزمانە لە گیانەڵلادایە.

کاکە شەریف بە پاڕانەوە وتی:

ـ توخوا قسەی وا مەکە. خۆت ئەزانی مارۆ هەموو سامان و سەروەتی منە. نان و دۆ یچوار دەڵەشڕ و ئەو چلۆسکە کوڕەم بە دەستی مارۆیە!

ئەحمەد قەساب وتی:

ـ قەزا و قەدەرە باوکم! بە تێخ نەگات گۆشتەکەشی حەرام دەبێ. لەم کەین و بەینەدا، جیران و هاوسێ هاتن.

دادە گوڵچین، وەک شێت ڕووی دەمی لە ئەحمەد قەساب کرد و وتی:

ـ یاخوا مار بە دەمتەوە بدات! مارۆ نامری نا! گا گلێنەی خواردووە، چاک دەبێتەوە.

کا نەبی وتی:

ـ دادە گیان، ئینشاڵلا چا دەبێتەوە. پشت بە خودا ببەستن. مارۆ، بۆ کورتە ساتێک چاوی کردەوە، ددە گوڵچین چاوی ماچ کرد.

ـ مارۆ گیان! دەرد و بەڵات بۆ من. لەبەرت مرم. بە قوربانی چاوەکانت بم. مارۆ گیان، ڕەنج خەسارم نەکەی...!

مارۆ دیسانەوە چاوەکانی لێک نا. ئەحمەد قەساب وتی:

ـ خۆ من دوژمنی ئێوە نیم باوکم! مارۆ خەریکە دەمرێ.

کاکە شەریف ملی نایە لارەوە و وتی:

ـ چ بکەم، ئاخر چ بکەم؟

ئەحمەد قەساب سەری داخست و لە حاڵێکدا لە چاوەوە لە دادەگوڵچین

دەڕوانی وتی:

ـ هەرواش بە قیمەتەکەی جارانت لێ دەکڕم. لەبەر منداڵەکانت، با حەرام نەگەڕێ!

دادە گوڵچین، هە رکە ئەمەی بیست، هەستایە سەر پێ، یەخەی ئەحمەد قەسابی گرت و ڕایتەکاند:

ـ هەی بێشەرەف! هەی بێئابڕوو. دڵت بە من و منداڵەکانم دەسووتێ، یا کیسەت بۆمارۆ دووراندووە؟

سلێمان خلە وتی:

ـ دادە گوڵچین گیان! شوورەییە دایکەکەم! بۆ وا دەکەی خۆ بەنەی خوا کفری خوای نەکردووە. ئەوەتا لەبەر چاوتانەوە مارۆ خەریکە گیان کەنشت ئەکا.

دادە گوڵچین گەڕایەوە سەر مارۆ. سەری لەسەر سینگی مارۆ نا و لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە پرتەوبۆڵە:

ـ هەی بەخیلان! هەی چاوچڵکینە. وا زانن من کەرم، نافامم؟ ئێوە چاوتان لێ داوە، چاوچەپەڵینە! دوای تاوێ ڕامان...

ـ بە خوا نایڵم، تاقە موویەکی لێ کەم بێتەوە. گیانم لەسەر گیانی مارۆیە. دەبێ چەقۆی ئەحمەد قەساب سەری من ببڕێ، جا سەری مارۆ، هەی بەخیلینە!

کاکە شەریف گوڕاندی:

ـ دەی بەسەسا ئیتر! کەم قسەی قۆڕ کە ئافەرت، کەم بڕێسە...

دادە سەکینە، کە تازە گەیشتبوو، وتی:

ـ بەم قسانە مارۆ چاک نابێتەوە.

چووە ژێر باڵی دادە گوڵچین:

ـ هەڵسە، هەڵسە، هەژارەکە! خۆ دنیا کاول نەبووە. ئەوە ماڵەشێخ حەسەن، سەیدە، ئەولادی پێغەمبەرە. بەخوا دوعا ئەنووسێ مردوو لە نێو قەبران زیندوو دەکاتەوە! وەک تیشکی ئومێد لە دڵی دادەگوڵچین کەوتبێ. هەستا و لەچکەکەی بە سەریدا دا و لەگەڵ دادەسەکینە خۆیان گەیاندە ماڵی شێخ حەسەن.

* * *

شێخ حەسەن دوای هێندێ پرسیار، کتێبێکی گەورەی کردەوە، عەینەکە دەستەشاخییەکەی لە چاو نا و دوای ماوەیەک لاپەڕە دانەوە، سەر هەڵێنا و بە بزەیەکی شیرینەوە وتی:

ـ چا دەبێ ئینشائەڵڵا. تەوەکولتان بە خودا بێ.

دادە سەکینە وتی:

ـ ئاغە گیان، بە قوربانی جەدە شیرینەکەت بم، تۆ بیت و شاڵە سەوزەکەی پیری قەرەچیوار، کێ نەزەری خراپی لە مارۆ داوە. لە کتێبدا چی نووسراوە؟

شێخ حەسەن وتی:

ـ وەڵڵا دایکەکەم کتێبەکە ڕێگا نادا نێوی کەس ببەم. بەڵام بێگانە نییە. جیرانی خۆتانە. کتێبەکە دەفەرمێ، باڵابەرزە! چاو و برۆ ڕەشە، وجاخکوێرە... دادە گوڵچین وتی:

ـ ئەی ڕۆ، باوانت کوێرەوە بێ! گەوهەرێ ژنی سلێمانخلەیە! ئاغەگیان ئەو قەرەچیە چاو لە کێو بدا، دەیڕووخێنێ!

شێخ حەسەن نوشتەیەکی نووسی و وتی:

ـ لە بەرگی سەوزی بگرن. دوعای چاوەزارە، لە ملی مانگاکەی بهاڵێن. ئینشائەڵڵا و تەعالا، چاک دەبێ. بەڵام، تەنانەت بە نوشتەی شێخ حەسەن،

مارۆ چاک نەبۆوە. وەک جاران، لە گوشەی هۆڵەکەدا کـەوبتوو، نـە ئـاوی دەخواردەوە، نە ئالیکی دەخوارد. دادە گوڵچین وەک شێت و لێوە کەوتبووە دەر و دەشت. لەم شەخس بو ئەو شەخڵ دەگەڕا. عەڵەمی بـۆ دەبـردن و مفەڕکی دەهێنا و لە گەردنی مارۆی دەهاڵان. لەو لایشەوە، ئەحمەد قەساب وەک کێج کەوتبووە کەوڵی کاکە شەریف:

ـ کورە ماڵت خرا نەبێ، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ مارۆ دەتوێتەوە. ئەوەتا بۆتە مشتێ پێشە و پلان، خەریکە لە کەڵک و کەرەم بکەوێ، بەڵام قەیناکا باوکم! من هەر ئەو قیمەتەت دەدەمێ. سوابیشی هەیە، ئـەوە مانگێکـە ئـەو خەڵـکە گۆشتیان بە چاو نەدیوە.

بەڵام کاکە شەریف، ملی نەدەدا و هەموو جارێک ئەیوت:

ـ نا خاڵۆ، نا، نەخۆشییەکە، مـارۆی ڕەقاندووەتـەوە. ئیتـر نـامرێ. چـا دەبێتەوە.

هەرواش بوو. مارۆ لەپڕێکا چاک بۆوە. بەڵام ڕەق هەڵاتبوو. لاواز ببوو و ئێسقانەکانی کەلەکەی لە دوورەوە دیاری دەدا. کاکە شەریف هەموو ڕۆژێ، لەگەڵ بەرەبەبیاندا، مارۆی دەبـرە لـەوڕ و لای ئێـوارە دەیهێنایـەوە. دادە گوڵچین ڕازی نەدەبوو لەگەڵ گاڕانی بخا، کاتێ ڕۆژ لێڵ دەبوو و کەس لە نێو کووچە و کۆڵان نەدەما، دادە گوڵچین بە پیری مارۆ و کاکە شەریفەوە دەچوو و بۆ ئەوە کەس مارۆ نەبینێ و چاوی لێی نەدا، بە لۆی کراسەکەی بەر گوانە پڕ لە شیرەکەیمارۆی دەگرت.

* * *

بەڵام ئەم شادییەیماڵ کاکە شـەریف زۆری نەخایانـد. میکایـەل کـوڕە ژیکەڵەی کاکە شەریف و دادە گوڵچین تووشی نەخۆشـییەکی سـەخـت و چەتوون بوو. میکایەل تەنیا کوڕی ئـەو ماڵـە هـەژارە دوای هـاتنی چـوار

کەنیشک لە دایک ببوو. چرای ماڵ و ئوچاغ ڕۆشنی ئەو بنەماڵە بوو.
دوای ساڵەها، نوشتە و دوعا و دەرمان و حەکیم، خـودا میکایـەلی پـێ دابوون. هەر لە ئەوەڵەوە کز و لاواز و نەخۆش‌حاڵ بوو. بەڵام ئەم نەخۆشینە تازەیـە ئـاهی لـێ بـڕیبوو. کـەوتبوە گیـانی و ئـاوی ژیـانی چـۆڕە چـۆڕە دەخواردەوە. چاوەکانی بە قووڵا چوو بوون و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ نەخۆشینەکە زۆری بۆ دەهێنا. لاواز و لاوازتر دەبوو و دەتوایەوە. پیرێژنان ئەوەندە عەلەم و قەلەمیان بە گەرووداکردبوو، مەگەر خودا بیزانێ. سەر شان و مل و قۆڵی پڕ بوو لە دوعا و نوشـتە و مفـەڕەک. تەنانـەت دوعـای ئەبوودوجانـەیان بـە سەدتمەن لە لای سەیدێکی گەڕۆک بۆ نووسیبوو. بە هیچ جۆرێ عیلاجی دەردەکەی نەکرا. هەتا هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە میکایەل دوچاری پەتا چەپەڵە بووە و دەبێ، بیبەنە ئاوایی قەرەیان. خەڵکی ئەو ئاواییە، بەشیان لە با و باپیرانەوە پێ بڕا بوو. پەتایان دەبڕی. تاڵـێ ڕێخۆڵـەی ژووژکیـان لـە گەردنی نەخوش دەهاڵان، زیللەیەکیان لە نەخۆش دەدا و ئیتر، نـەخـۆش چاک دەبۆوە!
ـ گوڵباجی گوڵچین ماڵـت خـرا نـەبێ، بـۆ دەسـتەو ئـەژنۆ دانشـتوون دایکەکەم! خۆ پەتا گاڵتە نییە ئەگەر زوو نەجووڵن، تەماوەر میکایەل مەبن.
کاکە شەریف، ئیتر هێندە قسەی لەم و لەو بیست، پووڵێکی لە سـێمان خلە قەرز کرد. منداڵیان هەڵگرت و قەرەیان بگرە و هاتم! هەتا لە ئـاوایی دەرچوون، دادەگوڵچین، هەر دەستەو دامێنی دادە سەکینە دەبوو:
ـ گوڵباجی سەکینە گیان! وەک خوشکی چاک، ئەو دەڵەشەڕانە عاقڵیان نییە. تۆ بەخوا و مارۆ بە تۆ دەسپێرم.
سەفەرەکەیان دوو ڕۆژی خایان. کاتێ گەڕانەوە، میکایەل لە گیانەڵـڵادا بوو. تاڵێکی ڕیخۆڵە ژووژگیان لە گەردن و دوو تیکە پەڕۆی سەوزیان لە هەر

دوو مەچەکی ئالاندبوو. ئیتر، لە حاڵی دادە گوڵچین مەپرسن! کاکە شەریف، بەڵام، هەر خەمی لە دڵ کۆ دەکردەوە، لە دەروونەوە دەگریا و نەیدەدرکاند. دادە گوڵچین، چاوێکی فرمێسک و چاوێکی خوێن بوو. جارجار لە میکایەلی دەڕوانی و جەرگی هەڵدەقرچا و کوڵی گریان هەناسەی گرێچن دەکرد. میکایەل ناوبەناو، چاوەتەماوییەکانی دەکردەوە و نووزەیەکی لێوە دەهات. ئیتر خەڵک زۆریان بۆ هێنان.

ـ خودا غەزەبت لێگرێ. بۆ کارێکی لەگەڵ ناکەی، تفڵی مەحسووم خەریکە دەمرێ!

کاکە شەریف ئەیوت:

ـ چ بکەم، ڕووڕەش خۆم. چ کارێکم لە دەس دێ؟

ئەحمەد قەساب هەڵیدایە:

ـ بیبە لای حەکیم باوکم! خوا سەبەبسازە، کوللووسەبەب!

کاکە شەریف بە داماوی وتی:

ـ حەکیم پوولی دەوێ خاڵۆ! خۆتان بە حاڵ و ماڵم دەزانن. ماڵ نەداری و دەسکورتی بڕمێ!

سلێمان خلە وتی:

ـ بچۆ لای حاجی سەلیم بە ڕووتەوە نانێ، دە ساڵ ڕەنجبەریت بۆ کردووە.

کاکە شەریف بە بزەیەکی تاڵەوە وتی:

ـ بێقەزا بی، گیرفانی حاجی سەلیم وەک مەشکەی قەرەچی وایە، نمێ نادەڵێنێ.

ئەحمەد قەساب وتی:

ـ باوکم! خۆ کافرسانی نییە.

کاکە شەریف وتی:

ـ مامی خۆم! پیاوی هەژار لای کەس ئیعتباری نییە.

کاکە سالە وتی:

ـ مارۆ بفرۆشە باوکم! گیانی کوڕەکەت لە دەم گورگی پەتا ڕزگار کە. پیاو خۆی ساغ و سەلامەت بێ مالی دنیا هیچ نییە!

دادە گولچین بێدەنگ بوو. لە سیمای زەردهەلگەڕاوی میکایەلی دەروانی. کاکە شەریف سەری داخست و لە ژێر چاوەوە، بە نیگایەکی پرسیارانە چاوی لە دادەگولچین کرد. دادە گولچین، هات بقیژێنێ. نووزەی میکایەل دەمی بەست. سەری نایە سەر سینگی میکایەل و هاوارە خنکاوەکەی بوو بە فرمێسک و تک‌تک تکا. ئەحمەد قەساب هەنگاوێک هاتە پێش.

ـ ئێستاش هەر بەو قیمەتەت لێ دەکڕم. خوا ئەزانێ، حەز ناکەم دۆی منالەکانت ببڕم. بەلام لەبەر خاتری میکایەل!

گریانەکەی دادە گولچین، هەتا دەهات توند دەبوو.

کاکە شەریف وتی:

ـ بەلام بە مەرجێک.

چاوی ئەحمەد قەساب درەوشایەوە:

ـ چ مەرجێک باوکم؟

کاکە شەریف وتی:

بەو مەرجەی دەتدەمێ، بە تێخی نەکەی هەتا لە شارێ دەگەڕمەوە ڕەنگە حەکیم پوولمان لێ نەستێنێ. ئەو کاتە پوولەکەت دەدەمەوە و مارۆ وەردەگرمەوە.

ئەحمەد قەساب وتی:

ـ شەرت بێ.

ئەحمەد قەساب، شاگەشکە ببوو. دەستەیەکی پووڵی لە گیرفان دەرهێنا و وتی:

ـ بیژمێرە باوکم! کەم نەبێ.

کاکە شەریف بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە وتی:

ـ پووڵەکەت ئامادە کردبوو؟ ئەتزانی خەمی ئەمجارە، تەنگمان لێ هەڵئەچنێ؟

کاکە شەریف پووڵەکەی لە باغەڵ نا و...

ـ قەولت داوە ئەحمەد! مارۆ سەر نەبڕی، هەتا دەگەڕێمەوە!

ئەحمەد قەساب وتی:

ـماڵتە، پیاو بە قەول پیاوە. دادە گوڵچین، سەری هەڵێنا و بە دەم گریانەوە وتی:

ـ ئەحمەدی وەستا حەبیب! مارۆ ببە، با ئیتر نەیبینم!

لە نیوەی ڕێگای شاردا، جەستەی کز و هەڵپڕووسقاوی میکایەل، لە دەرد و ئازار ڕزگار بوو و لەسەر سینگی دادە گوڵچین، دوا چناکەی هەڵخست و چاوەکانی لێڵ داهاتن. وەک دوو هەڵمات، لێڵ و مات! دادە گوڵچین،تەنانەت دڵۆپە فرمێسکی نەوەراند. واقوڕ ما و لە کاکە شەریفی دەڕوانی. کاکە شەریف، بەڵام دەگریا. بارانی فرمێسک، بەخوڕ، وەک دووو جۆگەلە، ڕیشە سپییەکەی دەخووساند و دڵۆپدڵۆپ دەچوڕا.

گەڕانەوە دواوە. تەرمە بێگیانەکەی میکایەلیان دە مشکی یەکەی کاکە شەریف پێچا بوو.

کاکە شەریف، تەرمەکەی لە باوەش گرتبوو، شەقاوی بلندی هەڵدەهێنا. دەهات و دەگریا.

دادە گوڵچین، بە دەستێک کەوشە باتەکانی هەڵگرتبوو، پێخاوس، بـە دوای کاکە شەریفدا ڕێی دەکرد و بە دەسـتێکی‌تـری قـژ و گۆنـای خـۆی دەڕنی. هێشتا نەگەیشتبوونە ئاوایی، خەڵک زانین و بە پیریانەوە چـوون. میکایەلیان لە کاکـە شـەریف وەرگـرت و ئـافرەت چوونـە ژێـر باڵـی دادە گوڵچین.

کاتێ گەیشتنە بەر ماڵ ئەحمەد قەساب، کاکە شەریف، لەپڕ ئەژنۆی شل بوو و خورپەی ئازارێکی جەرگ‌بڕ، دڵ یداتەکان. لاشەی مارۆ، لە چەنگەکی قەسابی درابوو. کەللەی مارۆ لە لایەک کەوتبوو و چاوە ماتەکانی بۆ کاکـە شەریفی دەڕوانی.

# گاشه به رد

لە داوێنی چیایەکی بەرز و سەرکەشدا، گونـدێکی گچـە هـەڵـکەوتبوو، گاشەبەردێکی زەلام و زەبەلاح بە سەر گوندەکەدا دەیڕوانی. ڕیزی ماڵەکان وەکوو زۆربەی گوندەکانی کوێستان، لەسەر یەک چێ کرابـوون. سـەربانی هەر ماڵێک حەوشەی ماڵێکی‌تر بوو. هەموو، یەک نهۆمی و لەبەر سـازکرا و...

لە بناری چیادا، خەڵکی گوند، لە مەلابانگدانەوە، هەتا خورئاوا بێ‌وچان، لە مووچە و مەزرا، هەوڵیان دەدا، عارەقیان دەڕشت و لەسەر زەوین بەردەڵانی، ژیانی خۆیان، بەڕێوە دەبرد. ئیتر جگە کار و کار و کـار، بیریـان لـە هـیچ نەدەکردەوە و ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان هەتا ئەوپەڕی گوند و مووچەکانیان تێپەڕی نەدەکرد. باب و باپیرانیان بەو جورە گیابوون. باوک پیر دەبوو، کوڕ جێگای دەگرتەوە؛ کوڕ پیر دەبوو، وشیلەی گیانی بە گەرووی زەویندا دەکرد و نەوەی نوێ کارەکەی درێژە دەدا. وەک بڵێی چارەنووسیان هەر ئەوە بوو، وەک جامەیەک بە بالایان بڕابوو.

شەوێک لەپڕێکا، خەڵکی ئاوایی بە بیستنی گرم و هـۆڕێکی ترسـێنەر و سامناک لە خەو ڕا بـوون و بـە پەشـۆکاوی ڕژانـە نێـو کووچـە و کـۆڵان. بوومەلەرزەیەک، زەوین ڕاشەکاندبوو. گاشەبەری زەلام، لە جێگـای خـۆی هەڵقەندرابوو و لە کەمەرچینی چیا، لەسەر خڕکەبەردەکان، بـە جـۆرێکی

سامناک، وەک هەڕەشە لە ئاوایی بکات ڕاوەستا بـوو. چووکـە تـەوژمێک، گاشەبەردەکەی پاڵ پێوە دەنا و گوندەکەی خاپوور دەکرد. خەڵک ئیتـر، ئەترەشیان چووبوو و نەیاندەوێر نیزیکی ماڵەکانیان ببنەوە. جێـی متمانـە نەبوو. گاشەبەرد هاکا بەربێتەوە. خەڵـک، ئیتـر دەسـت و دڵـیان یـەکی نەدەگرت. ڕدێن‌سپی و گەورەپیاوان پێیان وابوو، هەبێ و نەبێ ئەم بەڵایـە ئاکامی کردەوەکانی خۆیانە. گاشەبەردی زەبەلاح سێبەری گـرانی سـام و پەکی بەسەر گوندا کێشابوو. ماوەیەک ڕابوارد، بەڵام بەرد ئیتر لە جێگـای خۆی نەبزووت، خەڵک ئۆخژنیان بە دڵا هات و نوێژی شوکریان بە جێ هێنا و گەڕانەوە گوند و ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێ‌کردەوە. بەڵام هـەر لـە مەترسیدا بوون و شەو خەویان لێ نەدەکەوت. چووکە دەنگێکی نائاسـایی هەمووی لە ماڵ و گوند دەردەپەڕاند!

ڕۆژێک یەکێک لە پیرەپیاوانی دێ، بە هەر دووک چاوی خۆی دیتبووی دوو ماری زەنگی لە ژێر گاشەبەردەوە دەرهاتن و هێندێ بە دەور بەردەکەدا گەڕان و هەمیسان گەڕانەوە ژێر بەردەکە. ئیتر خەڵک وایان دەزانی. بەرد، بەڵامی خودایییە، دوو مارەکەشیان بە خێوی بەردەکە دەزانی و لەسەر فتوای گەورەپیاوانی گوند، بڕیار درا، هەموو ڕۆژێک، بە نۆبە، ماڵێک خـۆراک بـۆ مارەکان ببات. ئەم کارە دەبووە هۆی دڵنەرمی بەردەکە. لە بن بەردەکەدا دوو سەکویان چێ کرد و بە نۆبە ژەمەنانیان بۆ مارەکان دەبرد. بە هەڵکەوت ئەگەر کەسێ ئەم ئەرکەی لـە بـیر چووبایـە، گاشـەبەرد، لەسـەر خڕکـە و خیزەڵان هێندێ دەخشی و ئەرکەکەی وە بیر دەهێنانەوە.

* * *

ساڵگارێک ڕابوارد. پیرە پیاوان و بەساڵاچوان لەگەڵ هووشە و فیشـەی مارەکان و خشکە و پشکەی گاشەبەردا ڕاهاتبوون. بەڵام نەوەی نوێ، لـەم

بارودۆخە نـاڕازی بـوون. پێکـەوە دادەنیشـتن، بـە چپـە و سـرتە دەنگـی ناڕەزایـەتی خۆیـان بـە گـوێی یـەکتردا دەچرپانـد و بـە شـوێن ڕێگـای چارەسەرکردنی ئەو بەڵایەدا دەگەڕان، دەیانگوت:

ـ ئاخر تاکەی لە ژێر سێبەری مەرگ و ترسدا بژین؟ تاکەی بەرهەمی کار و ڕەنجمان لە گەرووی ئەو مارە زەنگیانە کەین و...

چەند کەسـێکیان کوێرەسـەوادێکیان هـەبوو. دەور و بـەر گـەڕابـوون. سەربەستی گوندەکانی‌تریان دیبوو و دەیانویست، کۆت و زنجیری ئەم سام و ترسە لە دەست و پێ و گەردن بپسێنن. تاکوو سەرئەنجام، یـەکێک لـە لاوەکان، کە بۆ فرۆشتنی بەرهەم چووبووە شار، گەڕایەوە و مزگێنی پێ دان، ڕێگای ڕزگاری دیتۆتەوە. لە شاردا پاڵەوانێکی دیتبوو. شـانی وا، باڵـی وا، گۆپاڵی وا! زنجیر دەپسێنێ. مار ئەفسوون دەکات و ڕوستەمێکە و لە تاریف نایە.

سەرەتا، ڕدێن‌سپی و گەورە پیاوانی گوند دژی ئەم قسانە ڕادەوەستان و بە توندی لاوەکانیان دەمکوت دەکرد. بەڵام شەوێک گاشەبەرد، بە گرم و هۆڕ، هەمیسان چەند میترێک خزایە پێش، ئیتر بڕیار درا بە دوای پاڵەواندا بچن.

* * *

لاوەکانی گوند، پاڵەوانیان لە گۆشەیەکی شاردا دیتەوە. خەڵک دەورەیان دابوو. پاڵەوانی چی؟ باڵای بەرز و سینگی ئەستوور، دوو باسکی وەک دوو کۆڵەکە و هەر لاقێکی بە قەدەر ساقەتی دارە. پەڵگیک لە ژێر تاشەبەردێکدا ڕاکشابوو. سێ لاوی بەهێز، تاشەبەردەکەیان، بە کوتک، لـەسـەر سـینگی دەشکاند. پاڵەوان سەرکەوتووانە هەستا، ڕشتەیەکی زنجیری بە دەور خۆیدا ئاڵاند. خۆی بۆ گرمۆڵە کرد و سەری هەڵبڕی. هاوارێکی کرد و زۆری بـۆ

خۆی هێنا. دەمارەکانی وەک سوجەمار دەرپەڕی بوون خەڵک چەپڵەیان بۆ لێدا و لە هەر لایەکەوە، سکەی پووڵیان بۆ هاویشت. پاڵەوان شاگەشکە ببوو. پووڵەکانی کۆ دەکردەوە و دوعای خێری بۆ خەڵکەکە دەکرد. لاوانی گوند زیاتر لە هەموو کەس پووڵیان بەسەر پاڵەواندا باراند، پاڵەوان تەکانێکی بە خۆدا و زنجیرەکەی پچڕاند.

دوای ئەوە، دەرکەی سندووقێکی کردەوە، دوو ماری زەنگی سەریان لە سندووقەکەوە دەرهێنا و بە هەر و گیف، لە عەرد خشان. پاڵەوان خەتێکی بە دەوریاندا کێشا، ویردێکی خوێند. مارەکان وەک بزمار کرابن، لە جێی خۆیان چەقین و پەپکەیان بەست.

پاڵەوان چەند چەشمەی‌تری گێڕا. پووڵێکی‌تری کۆ کردەوە و ماڵئاوایی لە خەڵک کرد. خەڵک بڵاوەیان کرد. پاڵەوان، کەل و پەلەکەی کۆ کردەوە و بە کۆڵیدادا وەڕێکەوت. لاوەکان شوێنی کەوتن. پاڵەوان، ڕووی کردە بیابان، گەیشتە ماڵە ڕووخاوەیەک. لاوەکان خۆیانگەیاندێ. پاڵەوان هەر کە ئەوانی دیت لە ترسان، زبانی بەسترا. پێی وابوو، دز و ڕێگرن و تەمایان لە پووڵەکەی کردووە. هات هەڵێ. بەڵام لاوەکان، لەسەر ڕێگای چەقین. بە ڕەنگ هەڵبزرکاوی گوتی:

ـ چیتان دەوێ؟

یەکێک لە لاوەکان گوتی:

ـ ئەی پاڵەوانی خاوەن‌شکۆ! ئێمە لە گوندێکی دوورەوە هاتووینە خزمەتت، هیوادارم نائومێدمان نەکەی! یەکێ‌تریان گوتی:

ـ تووشی بەڵایەک بوون، تەنیا تۆ دەتوانی ڕزگارمان بکەی!

پاڵەوان، پێی وابوو تیتاڵی پێ دەکەن، گوتی:

ـ لێم گەڕێن بابە، خۆ من ڕشقەن جاڕی ئێوە نیم، دەستم لێ هەڵگرن!

لاوەکان یەکدەنگ گوتیان:

- ئەی پاڵەوانی بێهاوتا، بە هەزار هیوا و ئاواتەوە هاتووین. خەڵکی گوندەکەمان چاوەڕمانی جەنابتن و ئێمە نوێنەری ئەوانین دەست مەنێ بە روومانەوە، دڵمان مەشکێنە!

پاڵەوان گوتی:

- بیکەن بە خاتری خودا ئازارم مەدەن، هانێ، هەرچم هەیە بۆ ئێوە. ئەمجار، یەکێ لە لاوەکان، بە ئەدەبەوە لە بەرانبەری پاڵەواندا ڕاوەستا و حاڵ حەکایەتی تاشەبەرد و مارەکانی گێڕایەوە. ئیتر پاڵەوان دڵنیابوو، زانی بەخت رووی تێکردووە. گوتی:

- زۆر باشە، زۆر باشە. من بۆ خزمەتت ئامادەم، جا، ڕێ کەون با بڕۆین!

* * *

ورد و درشت، ژن و پیاو، کوڕ و کاڵ، بە تێکڕایی خەڵکی گوند، بۆ پێشوازی لە پاڵەوان چووبوون. دەوڵ و زوڕنایان لێدەدا، بە چەپڵەڕێزان و شادی، پاڵەوانیان هێنایە ناو گوند. مەڕێکیان لەبەر پێی پاڵەواندا قوربانی کرد و بە خوێنەکەی دەر و دیواری گوندیان نەخشاند. پاڵەوان بە سەرسووڕمان و ناباوەڕییەوە لەو گۆبەند و شاییەی دەڕوانی و لە خۆشیان پای وە عەرز نەدەکەوت. هەتا ئێستا، هەرگیز ڕێزی وای لێ نەگیرابوو. شاگەشکە ببوو. بە فیز و لە خوبایی، دەستێکی لە کەلەکەی نابوو و بە لەقاندنی سەر و بزووتنی قامکی جوابی خەڵکی دەدایەوە.

پاش کورتەوچانێک، پاڵەوان لە پێش، خەڵک بە دویادا، بەرەو لای گاشەبەرد، وە ڕێ کەوتن. کاتێ گەیشتنە نیزیکی بەردەکە، خەڵک بە ڕیز ڕاوەستان، هێندێ دەستیان بەرەو ئاسمان هەڵبڕیبوو و دوعایان دەکرد. پاڵەوان، ماوەیەک لە بەردەکەی ڕوانی، ئەمجار بە چەند شەقاو خۆی گەیاندە

پاڵ گاشەبەرد. یەکێ هاواری کرد:
ـ پاڵەوان! ئاگات لە مارەکان بێ. یەکێتر گوتی: خودا پشت و پەنات بێ.
لای ئێوارە بوو. مارەکان بۆ خواردنی ژەمەن، لە کون وە دەر کەوتبوون. پاڵەوان بە دیتنی مارەکان بەزەییەکی هاتێ. پاڵەوان ئەم لا و لای گاشەبەردەکە گەڕا. دەستێکی خستە ژێر گاشەبەرد و سووکە زۆرێکی کرد؛ لەبەر خویەوە گوتی:
ـ چەندە ساویلکەن!
خەریک بوو، دەم بکاتەوە و ڕێگای لە ناو بردنی بەردەکە بە خەڵک بڵێ. بەڵام ژیانی تاڵ و نالەباری خۆی هاتەوە پێش چاو؛ تەنیا و ئاوارە، ماڵ‌لەکۆڵ، هەر ڕۆژە لە شارێک، نە ژنێ، نە منداڵێ، نە ماڵێ، نە بژیوێ، هیچی نەبوو. وەک عەنتەرەکەی لۆتی ساڵح، بۆ خەڵک دەوری دەگێڕا. خەڵک پێی پێدەکەنین، بە سووکەوە لێی دەڕوانین. هەتا پوولێکی ڕەشیان بۆ دەهاویشت. عارەقەی ڕەش و سووری دەردەدا. ئەگەر جار و بار ئاڵقەی لەحیم‌کراوی زنجیرەکە، لە کاتی خۆیدا، نەکرابایەوە، ئیتر خەڵک دەوریان چۆڵ دەکرد و دەبوایە سەری بێ‌شێو بنێتەوە. بەڵام ئێستا، ئەو خەڵکە ساویلکە، ئەویان بە پارێزەر و ڕزگارکەری خۆیان دەزانی، لەبەر خۆیەوە گوتی:
ـ پاڵەوان! بەخت بە پێی خۆی هاتووە، بە فیڕۆی نەدەی.
پاڵەوان هەستایە سەر پێ و ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی:
ـ ئەم بەردە، دەماری لە خاکدایە، هەڵناقەندرێ، کاری من نییە!
خەڵک بە پاڕانەوەوە گوتیان:
ـ پاڵەوان! ئەم بەردە بێ‌ڕیشەیە. لەسەر خڕکە و خیزەڵانە. ئەگەر بتەوێ دەتوانی.

پاڵەوان گوتی:

ـ نا، کاری من نییە. یەکێکی‌تر بدۆزنەوە. پاڵەوان زۆرن.

پاڵەوان با ئانقەست کەوتە ڕێ بڕوات. خەڵک پێشیان پێ‌گرت و گوتیان:

پاڵەوانی خاوەن شکۆ! هیوای ئەو خەڵکە هەژارە تۆی، بە جێمان مەهێڵە. تەنیا تۆ دەتوانی لەم بەڵایە ڕزگارمان بکەی!

پاڵەوان گوتی:

ـ هێزێکی زۆری دەوێ. من ماوەیەک نەخۆش بوومە، کز و لاواز بووم. ماوەیەک لازمە هەتا هێز و توانام وەدەست بێنمەوە.

گوتیان:

ـ بەجێمان مەهێڵە. تۆ چی بڵێی سەرمان لە ڕێت دایە!

پاڵەوان گوتی:

ـ لانی‌کەم دەبێ یەک‌ساڵ بخۆم و بنووم. هەتا هێزەکەی جارانم وە دەست بێنمەوە. خەڵک مەرجەکەی پاڵەوانیان قەبووڵ کرد و بڕیار درا هەر ڕۆژە، بە نۆبە، یەکێک خۆراکی پاڵەوان وە ئەستۆ بگرێ. ئیتر بە خێو کردنی پاڵەوان دەستی پێ‌کرد. زگی پاڵەوان وەک هۆڕێکی بێ‌بن و قووڵ تێر نەدەبوو، هەرچییان تێی دەئاخنی هەر قوڕەی دەهات. خەڵک پەیتا‌ـپەیتا خۆراکیان بۆ دەهێنا، دوای ماوەیەک تۆوی مریشک و کەلەباب لە ئاوایی بڕا. پاڵەوان و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قەڵەوتر دەبوو و باڵای دەکرد. دەتگوت فووی دەدەن. سینگی ببوو بە قەد تاشەبەردێک دوو باسکی وەک ساقەتی درەخت. ئیتر پاڵەوان لە ناو ئەو خانووە بۆیان تەرخان کردبوو و نەدەگونجا. هۆدەیەکی گەورەیان بۆچێ کرد. دوای شەش‌مانگ، نە پەز، نە بزن، نە گا، هیچیان بە دهستەوە نەما و هەموویان کرد بە گەرووی پاڵەواندا. پاڵەوان دەیخوارد و دەنووست. هەر کە بە خەبەر دەهاتەوە دەینەڕاند، برسیمە،

خوراک بێنن!

سەرئەنجام پاڵەوان وای لێهات میچی ژوورەکەی ڕووخاند و سـەری وە دەر کەوت. ئەوەندە زل و باڵابەرز ببوو، خەڵک لە ژێر پێیـدا بـوون. لێـی دەترسان و زاتی نیزیکبوونەوەیان نەبوو. سەرئەنجام، یەکساڵ دوایی هات. خەڵک هیچیان بە دەستەوە نەمابوو. زگیان بە پشتیانەوە نووسابوو.

ـ ئەی پاڵەوانی خاوەنشکۆ! ئەی پاڵەوانی پاڵەوانان! ئیتر ئەلوەعدە وەفا!

پاڵەوان پێکەنی، دۆڵ و دەشت و چیا دەنگی دایەوە. دواى ئەوە خـوی ڕاتەکاند. هەستایە سەر پێی. زەوی لە ژێر پێیدا دەلەرزی. هەتا لـە گونـد وەدەرکەوت، چەند خانووی ڕماند. چەند ژن و زارۆک لە ژێر پێیدا تلەقانەوە. خەڵک وە دوای پاڵەوان کەوتن. کاتێ پاڵەوان گەیشتە پەنای بەردەکە، بە سووکی لە بەردەکەی ڕوانی. مارەکان سەریان دەرهێنـا بـوو. پاڵـەوان بـە تووڕەییەوە، هەر دوو مارەکەی گرتن و خواردنی. دەنگـی دەوڵ و زوڕنـا و چەپڵە و شادی لە هەموو لایەکەوە بەرزەوە بوو. پاڵەوان دەستی خستە ژێر گاشەبەرد و نرکاندی. دەشت و چیا کەوتە لەرزە. گاشەبەردی هـەتا سـەر سەری هەڵبڕی و لە دۆڵـێکی قووڵـی هاویشـت. خەڵـک لـە شـادی ئـەو سەرکەوتنەدا، هەڵدەپەڕین. پاڵەوان، دەستێکی بە زگیدا هێنا. هەستی بە برسێتی کرد. لە جێگای بەتاڵی گاشەبەردەکەدا، دانیشـت. مانـدوو بـوو. باوشکێکی دا، دوو مارە زەنگییەکـە، شـەڕیان لـە زاری دەهێنـا. پاڵـەوان نەڕاندی:

ـ برسیمە، یاڵلا، زوو کەن...خۆراک... خۆراک

## چەمەری

گۆمی لیخن، بە ئارامی و بێدەنگ «بارام»ی قووت دا. ویستبووی شیرینکاری بکا، لەسەر پردەکە بە کەللەوە خۆی فڕیدابووە نێو گۆمەکە و سەری چەقیبووە نێو لم و قوڕەکە و...

ڕۆژی هەینی بوو، قەراخ و دەور و بەری گۆمەکە قەڵەباڵغ بوو. لۆتی سالحی دەهۆڵژەنیان هێنابوو؛ کە دەنگی دەهۆڵ، ئاوەکە بلەرێنێتەوە و تەرمی خنکاو بکەوێتە سەر ئاو. وەک پەنجەی دەست، خەڵک ڕاوەستا بوون، پاڵیان بە یەکترەوە دەنا و لەسەر شانی یەکترەوە سەریان دەکێشا. کوڕ و کاڵ، ژن و پیاو، چەند لاوێکی لێهاتووش، لە نێو گۆمەکەدا بۆ تەرمەکە دەگەڕان. ناوبەناو سەریان لە ئاوەکە دەردەهێنا، نە فەسێکیان تازە دەکردەوە و هەمیسان دەچوونەوە ژێر ئاوەکە.

لە گۆشەیەکا، پاتۆڵە دڕاو و کراسە خۆڵاوی و دەمپاییەکان و دەستەی بلیتەکەی کەوتبوون. نیوسەعاتێ پێش، دەنگی ئەو ناوەی پڕ کردبوو:

ـ «سەتهەزار تمەن! ئاغە! خانم! سەتهەزار تمەن! دەستم خاسە چوارەشەمبە ڕۆژی خۆشبەختییە!». منداڵان گاڵتەیان پێدەکرد. مرۆڤێکی شێتۆکە بوو. هەمیشە لیکی بە دەم و لۆسیدا شۆڕ ببۆوە.هەر بۆیە دائیمە بەرۆکی خووسابوو. لووتی ئەوەندە بە سەرقۆڵی سڕیبوو، سەرقۆڵی گەمرەی هەڵێنابوو. هەمیشە لێوی بە زەردەخەنەیەکی گەمژانەوە نێوە ئاوەڵا بوو.

دەهات و دەچوو. بلیتی دەفرۆشت. هەرگیز دەستی سواڵی درێژ نەدەکردەوە. منداڵان دەورەیان دەدا، هەر پێدەکەنی. کاتێکیش زۆریان ئازار دەدا سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و بە دەنگە گڕەکەی هاواری دەکرد:

«ئەی خوا مشتێ مەرگ!»

ئێستا، ئەوە بارام بوو، لە بن گۆمەکەدا، لە ئامێزی مەرگدا خەوتبوو.

کەس لەم ڕووداوە ناڕەحەت نەبوو. خنکانەکەی لای خەڵکەوە ڕووداوێکی گرینگ نەبوو. تەنیا لۆتی ساڵحی دەوڵژەن، بە دەم دەوڵ ژەنینەوە، جاربەجار، چاوەکانی دەسڕیەوە. لۆتی ساڵح بەردەوام زگی دەوڵەکەی دەکوتا. لاوانی مەلەوان بەردەوام بە شوێن تەرمەکەدا دەگەڕان بە بێڕاگەیاندن کێبەرکێ و خۆنواندنیان ڕێکخستبوو. دەچوونە سەر سەکۆی پردەکە و بە سەرەوە خۆیان دە گۆمەکە دەهاویشت. کچی جوان زۆر بوون.

یەکێ بە هانکەهانک، خۆی گەیاندە خەڵکەکە و لە یەکێکی پرسی:

ـ چەوگە؟

تازە گەیشتبوو. کابرا ئاشێرەی بۆ دەوڵەکە کرد و وتی:

ـ زەماوەنە!

چەند کەسێ، شریخ و هۆڕ، پێکەنین و کابرای تازەوارید، چاوی دەرپەڕاند و گوتی:

ـ شۆخیمان بوو؟

لە یەکێکیتری پرسی: براگیان! توخوا چەوگە؟

وتی: کورە هیچێ.

وتی: تۆیش بە شێتمان ئەزانی برا! ئەی ئەم خەڵکە بۆچە جەمەو بووگن؟

ـ ئێژن یەکنەفەر خنکیاگە. کورە بێخەیاڵی بە.

یەکێ لە مەلەوانەکان، سەری لە ئاوەکە دەرهێنا و هاواری کرد:

ـ ها لێرە، دۆزیمەوە!

جم و جووڵ کەوتە نێو خەڵکەکە. ئەوانەی لە پشتەوە ڕاوەستا بوون، تەوژمیان هێنا. چەند کەسێ لە پێشەوە کەوتنە نێو ئاوەکە و هاواریان بەرزەوە بوو. چەند جنێوێکی چارواداری، ئال و وێر کرا. لۆتی ساڵح دەهۆڵەکەی دانا، لەسەر پەنجەی پێی هەڵترووشکا و لە قوتوو سێگارەکەی سێگارێکی پێچا و مژێکی قووڵی لێدا.

ژنێک وتی: ئێژن شاگرد مەدرەسەس توخوا، دایکی بمرێ! ئێژن کلاس دوازدەس!

کابرایەک ئاوری دایەوە و بە پێکەنینەوە وتی:

ـ کوڕە، ڕەحمە لە باوکت! بارامە... بارامەشێت...ها...ها تواشاکە، ئەوەیچە لیباسەکانی.

ئامبۆلانس سەری هەڵدا، قیژاندی، دڕی بە خەڵکەکەدا و لە قەراغ ئاوەکە، ڕاوەستا. شۆفێری ئامبۆلانسەکە دابەزی و وتی:

ـ کوا مەیتەکە؟

یەکێ وتی: ها ناو ئاوا!

شۆفێر وتی: کێیە؟

ـ کەس نییە، بارامە!

ـ ئەی باوا! ئەم لامەزەبە مردنیشی مایەی زەحمەتە!

شۆفێر ئەمەی وت و لەسەر کاپووتی ماشینەکە دانیشت و سیگارێکی داگیراند. لەپڕ شاخەی پێکەنین بەرزەوە بوو. هێندێ لە پێکەنینا پیرانیان کردبوو. مەلەوان، لاشەی سەگێکی هێنابووە سەر ئاوەکە. یەکێ وتی:

ـ کوڕە! بارام بەر لە مردن عیسان بوو!

لاوێکی فیزن وتی:

ـ گاهەس مەسخ بووگە!

پیرەپیاوێک وتی:

ـ کفر مەکە ڕۆڵە، بەسەزوان، هەرچێ بوو، موسڵمان بوو!

لۆتی ساڵح، قوونە سیگارەکەی هاوێشتە نێو ئاوەکە و دیسان دەوڵەکەی کردەوە شان.

شۆفێری ئامبۆلانس، تفێکی کردە زەوی و گوتی:

ـ ئەمەیچە جومعەی ئێمە، ئەی خوا بیوڕێ!

کابرایەک، کە پاکەتێکی بە دەستەوە بوو، بە هاواڵەکەیی وت:

ـ تواشای چە ئەکەی، بارامە ئیتر، حەوسەڵەت هەس! با بچین ئاوجۆوەکان گەرم ئەون!

کچێکی جوان و لەبەردڵان بە دستەخوشکەکەیی وت:

ـ ئەو کوڕە ئەوینی؟

وە ئاشیرەی بە یەکێ لەو لاوە مەلەوانەکان کرد. دەستە خوشکەکەی وتی:

ـ ئەو هوولە، قژ سوورە؟

ـ ئەرێ... ئەرێ. چەنێ قەشەنگە! چە بەژن و باڵایەکی هەس.

ژنێک وتی: بەو بەختە هاوسای ئێمە بوو. دایکێکی کوێر و دوو خوێشکی هەس، نانئاوەر ماڵ بوو.

هەمان لاوی مەلەوانی هوولی قژسوور، دەستی هەڵێنا و وتی:

ـ دۆزیمەوە! هالێرە!

دیسان جموجووڵێک کەوتە نێو خەڵکەکە. لۆتی ساڵح دەهۆڵەکەی دانا، بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو ئاقارەدا کێشا. هەناسە لە نێو سینگا حەپەسا. دوای نەختێ چاوەڕوانی، لاوی مەلەوان، تەرمی بارامی هێنا سەر ئاوەکە.

خەڵکەکە هرووژمیان برد. چەند کەسێ کەوتن، دوو کەس دەستەو یەخە بوون. یەکێ هاواری کرد:

ـ باوەحیزگەل مردم!

کەوتبووە ژێر پێ. لاوی قژسوور تەرمەکەی گەیاندە قارخ گۆمەکە. لاوێکی بالابەرز بوو. ئەندامێکی لەباری بوو. خەڵکەکە لاویان دەورە دا، چەپڵەیان بۆ لێدا و لەسەر شانیان دانا و کەوتنە دوای. تەرمەکەی بارام، هەڵمسابوو. کەسی بە لاوە نەما، تەنیا چاوەکانی دەیڕوانی و هەمان زەردەخەنەی گەمژانەی لەسەر لێو بوو. سەری، بە لادا کەوتبوو و بەو زەردەخەنەی گەمژانەوە، لە خەڵکەکەی دەڕوانی. لۆتی ساڵح بە دەستماڵەکەی فرمێسکەکانی سڕییەوە. شۆفێری ئامبۆلانسەکە وتی:

ـ ئەرێ برا کەسێ نییە تەکما ئەم کۆڵە مەینەتە بخەینە ناو ئامبۆلانس.

خەڵکەکە، لە دەور لاوە قژ سوورەکە کۆ ببوونەوە و بەردەوام چەپڵەیان بۆ لێدەدا. لۆتی ساڵح یارمەتی شۆفێری ئامبولانسەکەی دا و تەرمەکەیان دە ئامبولانسەکە هاویشت. پاسەوانێک کە تازە گەیشتبوو، جل و بەرگ و دەستە و بلیتەکەی هەڵگرت و بە شۆفێرەکەی وت:

ـ لوتف کە منیش بگەینەوە شار.

شۆفێرەکە وتی:

ـ فەرموو سەرکار! فەرموو، بێرە بان!

ئامبۆلانس قیژاندی و کەوتە ڕێ.

لۆتی ساڵح دەهۆڵەکەی هەڵگرت، تەماشایەکی لاوە قژ سوورەکەی کرد کە بە شانازییەوە پێدەکەنی و ئاورێکی بۆ ئامبۆلانسەکە داوە کە بە زریکە و هۆڕ دوور دەبۆوە. لەپڕ بە هەموو هێزەوە، لە دەهۆڵەکەی کوتا، بە نەزمی چەمەری؛ ئێوارەی لێڵی جومعەی تاڵی بە شەوەوە تەقەڵ دەدا.

## کارەسات

کاتێ تەراکتۆر گەیشتە نێو گوند و لەبەر مالاندا ڕاوەستا، گەورە و بچووک، کوڕ و کاڵ لە دەوری هالان. پێیان سەیر بوو. هێندێکیان هەوەڵجار بوو شتی وایان دەدی. میرزا عەلی دووکاندار کەڵەبابێکی لەبەر پای تەراکتۆردا لە زەوی دا و سەربڕی. دەستی لە خوێنی کەڵەبابەکە ڕۆ کرد و پەنجە خوێناوییەکەی بە سپەری تەراکتۆرەکەدا هێنا. دادە حەلیمە خێزانی میرزا عەلی، دەستبەجێ نوشتەیەکی لە فەرمانی ماشینەکە هالاند دوعایەکی خوێند و پفی بەم لا و لای خۆیدا کرد. مندال بە دەوری تەراکتۆرەکەدا دخولانەوە. کەریم مۆڕەی لێیاندەکرد و ئاگای لێ بوو دەستی پێدا نەهێنن و نەچنە کۆلی. پیرەپیاوان ئەو سەنعەتەیان پێ سەیر بوو و سەلواتیان دەدا و کەریم لە حالێکدا بە سیلەی چاو ئاگای لە مندالان بوو هەژدەر هەژدەر، قسەی دەکرد:

ـ یەک سەعاتە کاری بیست جووت گا دەکا. نرخیشی هەرزانە. سەعاتێ سەتتمەن. جا تۆخودا سەتتمەن پووڵە؟ هەم جووت دەکا، هەم گێرە... تەماشای تیخەکانی بکەن. دڵ و جەرگی زەوین دەردەکێشێ.

مام سالح، لە سەر بانی ڕووبەڕوو ڕۆنیشتبوو. قومی لە مۆدنە درێژەکەی دەدا و لە خەڵکەکەی دەڕوانی. دڵی گیرا بوو. لە چەند ڕۆژ لەمەوبەرەوە کە مقۆمقۆی هاتنی تەراکتۆر کەوتبووە نێو خەڵک، هەستی بە دڵتەنگی دەکرد.

لە ژێر لێوەوە وتی:

ـ کەری جەرجاڵە. بەرکەتی زەوین پێشێل دەکا. ئەی خوا گای بۆچی خەلق کردووە. ئای لە تەماح. بلێ میرزا حەلی! ڕا و ڕووتی خەڵکت بە دووکانداری و سوود و سەلەم بەس نەبوو؟

کا سلێمان لە نێو کۆڵانەکەوە سەری هەڵبڕی و کوتی:

ـ مام ساڵە لە چیدای؟ لەو سەربانە چی دەکەی پیاو، وەرە سەیری سەنعەتی خودا بکە.

مام ساڵح پفێکی بە مۆدنەکەیدا کرد، ئاخنیە ژێر شاڵەکەی و کوتی:

ـ کوڕە سلێمان! کفر مەکە با خودا لەمە زیاتر غەزەبمان لێ نەگرێ، خودای چی؟ هی ئیبریکایە، ئیبریکا!

ـ دەڵێن سەحاتێ کاری بیستجووت گا دەکا.

مام ساڵح گوتی:

ـ کەری جەرجاڵە، کەری جەرجاڵە، کەری جەرجاڵ. پەکوو، پەکوو! چۆن خەڵکی لێ کو بۆتەوە! شێخ حیسام دەفەرمێ: کاتێ کەری جەرجاڵ دێ خەڵکی کافر و بێئیمان شوێنی دەکەون و تەرسی کەرەکە بە جێ خورما دەخۆن.

ئەمەش هەر ئەو فێڵەیە، پەکوو... پەکوو!

کا سلێمان کوتی: عیلمی بەشەر چۆتە سەر، مام ساڵە!

مام ساڵح هەستا و تۆز و خۆڵی لە خۆی تەکاند و گوتی:

ـ عیلی بەشەر قەت ناگاتە عیلمی خودا. خودا خۆی لە قورحاندا دەفەرمێ زەوی بە گا بکێڵن. بە ڕەنجی بازوو نان دەربێنن. تەواو بوو و بڕایەوە. مەگین باب و باپیرانمان تەراکتۆر و تەڕەماشیان هەبوو؟ سەگ لەو نانەی ڕی چوار تیکە ئاسن پەیدای دەکا.

کا سلێمان گوتی:

ـ ماڵتە! هەر لە ئەلحانەوە خەڵک نۆبە دەگرن، ئیتر کێ ئاوڕی نیر و ئاموور دەداتەوە!

مام ساڵح بە تووڕەییەوە گوتی:

ـ موویەکی گابۆر بە سەت لەوانە ناگۆڕمەوە.

کا سلێمان کوتی:

ـ زەمانە گۆڕاوە مام ساڵە، زەمانە...

مام ساڵح ڕووی وەرگێڕا و کەوتە ڕێ.

* * *

خالید گوتی:

ـ بابە گیان! ئەوڕۆ چوومە کن میرزا حەلی.

هەر دوو چاوی مام ساڵح دەرپەڕی.

خالید درێژەی بە قسەکەی دا.

ـ خەڵکی هەموو نۆبە دەگرن، سەحاتێ سەتتمەن، وەڵڵا هەرزانە. ئیتر گا کەوتە پشت کەندوو!

مام ساڵح تەقیەوە:

ـ زارت ببەستە. کەم قسەی قۆڕ کە هەتیوە پیسە! من قەت دایکم بە دەس بێگانەوە نادەم. زەوین دایکی عیسانە! گا مێردی زەوینە. جارێکی کە لەم قسانەت لێ نەبیسم. مردووەکانمان لە نێو قەبردا دەلەرزن.

خالید لە عاستی باوکی ڕاوەستا.

ـ بابە گیان! بار و دۆخی دنیا گۆڕاوە. ئەتۆ ئاگات لە دنیا نییە. هەر بە ڕبەکەی خۆت دەیپێوی. خەڵکی هەموو بە تەراکتۆر زەوی دەکێڵن. دایکەزەوی لە باوکەگا تەڵاقی ئەستاند و مێردی بە تەراکتۆر کردووە! مام

سالح قوتووە سیغارەکەی لە تەپڵی سەری خالید کوتا:
- هەستە لەبەر چاوم ون بە، بێژوو...

* * *

- هۆ... هۆ... هۆ... حە... حە... بەرە... بەرە... دە بابم بە سایەقەت بێ... حە... حە... هۆو... هۆو... دەنگی مام سالح بوو. گایەکانی بەرەو پێش دەئاژوان. گاسن سینگی نەرمی زەوینی هەڵدەدڕی. کلوەخاک لە ژێر پێی مامسالحدا ورد دەبوون و مام سالح شاگەشکە دەبوو. لە مەزرای (ئەحمەد بابەخان) کە نووسابوو بە مەزراکەی مام سالحەوە، تەراکتۆر، وەک بەراز دەیبۆڕاند و لە ناو تەپ و تۆزی خۆیدا ون ببوو. نەڕڕە و بۆڕەی تەراکتۆر دەنگی مام سالحی دەخواردەوە. کەریم جاربەجار لە سەر تەراکتۆرەکە بۆ مام سالحی دەڕوانی و پێدەکەنی.

بانگی نیوەڕۆ، مەزراکەیی (ئەحمەد بابەخان) بە تەواوی کێڵدرابوو، تەراکتۆر کاری چەند ڕۆژی جووت و گای بە نیوەڕۆژێک تەواو کردبوو. کەریم لە تەراکتۆرەکە دابەزی. دوگمەی شالوارەکەی کردەوە و بە پێیەوە میزی کرد. لە پشت تەراکتۆرەکەوە لە مام سالحی ڕوانی. گایەکانی بەرەڵلا کردبوو. نیر و ئاموور بە لادا کەوتبوون و مام سالح لەسەر شێوەردی نەرم و تەڕ دانیشتبوو. کەریم سەرێکی بۆ لەقاند و سەوار بوو.

* * *

بازاڕی فرۆشی گا گەرم ببوو. ئیتر کەس ئالفخۆرێکی زیادی لە ماڵ ڕانەدەگرت. هێندێ گایەکانیان دەفرۆشت و پوولەکەیان بۆ کرێی تەراکتۆر دەنا لاوە. کاتێ مام سالح بیستی (قادر) دەیهەوێ گایەکەی بفرۆشێ، خورپە کەوتە دڵی. ساڵەها بوو لەگەڵ قادرگابەگایان دەکرد. ئەگەر قادر گاکەی بفرۆشتبا، مام سالح بە تەنیا گایەک چۆن دەیتوانی زەوینەکانی بکێڵێ.

چووە کن قادر، قادر گوتی:
ـ تەنیا باڵم مام ساڵە! پێم ناکرێ. بە گایەک کارەکانم جێبەجێ نابێ. تەراکتۆریش کرێی دەوێ!
مام ساڵح گوتی:
ـ تۆیش کەوتیە شوێن کەری جەرجاڵ قادر! پەکوو...پەکوو!
قادر گوتی:
ـ زەمانە گۆڕاوە مام ساڵە! ماشین جێی بە گا تەنگ کردووە.
دوێنێ شەویش هەمیسان خالید لە ڕووی باوکیدا ڕاوەستابوو.
ـ بابە گیان! پیاو ئەگەر بیهەوێ بچێ بۆ شار بە ماشین زوو دەگا یان بە سواری وەڵاخ.
بابەگیان ئاخر ئیش کردن بە تراکتۆر چی داوە بە سەر دین و ئیمانمان. چی داوە بە مردووان، ئاخر لە کوێ نووسراوە، کێ گوتوویە کە کێڵانی زەوی واجبە بە گا بکرێ؟
مام ساڵح قیژاندبووی: بێدەنگ بە وەڵاخ!
مام ساڵح ئیتر چاوی بەرایی دیتنی تەراکتۆری نەدەدا. تەنانەت لە میرزاعەلی دووکاندار و کەریمی ڕانندەش بێزار ببوو. لە مزگەوت میرزا عەلی گوتبووی:
ـ مام ساڵە! بیستوومە ئەورۆ کارێکی ڕۆستەمانەت کردووە! لەگەڵ ماشینەکەماندا کێبەرکێ دەکەی؟
مام ساڵح گوتبووی:
ـ حەلی! کورە حەلی! بەزات و بێعەیبی خودا قەستەم، ئیمانم پتەوە، نابەزم. بەو تانە و تەشەرانەش غەیانەت بە داب و نەریتی باب و باپیرانم ناکەم. فیلەکەی تۆش بایی تووڕێکە!

خەڵکەکە دابوویان لە قاقای پێکەنین و میرزا عەلی گوتبووی:

ـ خەرفاوی پیاو! بۆخۆت دەڵێم زۆر لە قافڵە دوا کەوتووی!

قادر، گایەکی فرۆشت، مام ساڵح کەرەکەی دا بە تەمووی گایەکە و کێشایە ژێر نیڵ. خالید لە دەست بابی خەریک بوو شێت ببێ. چووە لای میرزا عەلی:

ـ چیبکەین میرزا؟ بابم نایەتە سەر ڕێگەی ڕاست. زۆر لە خەڵکی دواکەوتووین.

میرزا عەلی گوتی:

ـ شەو لەگەڵ کەریم بڕۆن زەوینەکانتان بکێڵن!

* * *

سەرانسەری زەوینەکە کێڵدرابوو. چاوی مام ساڵح پەڕیبوە تەوقی سەری. گایەکەی کردەوە و لە ژێر لێوەوە بۆڵاندی:

ـ ئەی هەتیوە پیسە! کاری خۆت کرد!

مام ساڵح لەسەر کلۆە نەرم و تەڕەکان دانیشت و پەنجەی هەڵپێکا. چاوێکی بە زەویدا خشاند:

ـ بەرازە خوێڕییە، چۆن زەوین ژێر و زەبەر دەکا!

سیغارێکی داگیرساند و قومێکی قووڵی لێدا. چاوەکانی ورد کردەوە و بۆ دووری ڕوانی؛ تەراکتۆر لە مەزرای «شێخ حیسام» کاری دەکرد. بزەیەکی تاڵ کەوتە سەر لێوی مام ساڵح.

* * *

لای ئێوارە، مام ساڵح سەواری وەڵاخەکە بوو. تەنافێکی لە گەردنی گایەکە ئاڵاندبوو و ئەوسەری تەنافەکەی بە دەستەوە گرتبوو. گایەکە تێر و تەسەل بە دوایدا دەهات. مام ساڵح قامێکی کۆنی لە ژێر لێوەوە دەخوێند.

قامەکە پڕ لە خەمی غەریبی و جودایی بـوو. دەنگـی تـەراکتۆر قامەکـەی نیوەقرت کـرد. مـام سالـح ئـاوڕێکی بـۆ دوا دایـەوە لـە گایەکـەی ڕوانی. تەراکتۆرەکە لە دوورەوە دەهات.

ـ هەی گابۆر... بابم بە سایەقەت بێ! لە بیرت نەچێ، سـبەینێ زوو بـۆ کێڵانی دێمەکەی سەرەوەی ئاوایی هەڵدەکشێن شوکور کەرەکەی جەرجاڵ پێی شاخ و کێوی نییە!

تەراکتۆر نێزیک دەبۆوە. مام ساڵح نەقیـزەی لـە سـەر ملـی بریـنداری کەرەکە کوتا. کەرەکە کەوتە یۆرغە. تەراکتۆر دەیبۆڕاند و دەهات. مام ساڵح نێوەڕاستی ڕێگەکەی گرتبوو. سیگناڵی تەراکتۆر قیژاندی. مام ساڵح وڕکی کردبوو:

ـ لانادەم! جا بزانین خودا بە کاممانی دەدا!

کەریم هاواری کرد:

ـ دە لادە مام ساڵح، گوێت گرانە!

مام ساڵح وەڵامی نەداوە. خۆی لێ گێل کرد. کەریم پێی لەسەر گاز توند کرد. لە پڕ گایەکە سڵەمایەوە. تەناف لە دەستی مام ساڵح بەربوو. گایەکە ڕەوی کرد و یەک ڕاست بەرەو ڕووی تەراکتۆر نایە غار. مام ساڵح سامی لێ نیشت:

ـ هەی... هەی... هەی!

گایەکە سەری دانەواندبوو و بەرەو تەراکتۆرەکە غاری دەدا... بۆڕاندی... وەک بیهەوێ شەڕ بکا. کـەریم پەشـۆکابوو. فەرمانەکـەی بـەملا و ئـەو لا دەسووڕاند. گایەکە ڕاوەستا. هێندێ سمکۆڵانی کرد و تەپ و تۆزی خستە ڕێ و بە هەموو هێزەوە هێرشی بردە سەر تەراکتۆرەکە. کەریم پێی لە سەر تورموز کوتا. گا، بە کەللەوە خۆی بە تەراکتۆرەکەدا دا. شاخەکانی شکان،

سەری شەق بوو. خوێن فیشقەی کرد، مـام سالـح ویشـک ببـوو. کـەریم هاواری کرد:

ـ خۆی هات... خۆی... خۆی بە تەراکتۆرەکەدا دا!

مام ساڵح خۆی گەیاند؛ گایەکە لاقە فڕکەیەکی کرد و هـەر دوو چـاوی مات بوون.

## سزای تاوان

بە هاتنی سەرۆکی دادگا، هەموو هەستانە سەر پێ. سالۆنی دادگا تژی لە خەڵک بوو. هێندێ بە هوی نەبوونی جێگا، لە پشت دەرکە و نێوی داڵان مابوونەوە. سەرۆکی دادگا، لە جێگای تایبەتی خۆی دانیشت. مونشی دادگا، دەنگی هەڵێنا و گوتی:

ـ تاوانبار بێنن.

تاوانباریان، کەلەبچەکراو، لە حاڵێکدا دوو قـەرەوڵ ئـەم لا و ئـەو لایـان گرتبوو، هێنایە ماڵەوە. لە هەر لاوە، دەنگی خەڵک.

ـ بیکووژن! لە سێدارەی بدەن!

ـ شیاوی مردنە، مەرگ و نەمان بۆ تاوانبار!

ـ ئەم جینایەتکارە بۆ پەند و عیبرەتی دیتران، بەردباران بکەن.

سەرۆکی دادگا، چەکوشە تایبەتییەکەی چەند جار لە سەر مێزەکە کوتا و گوتی:

ـ بێدەنگ! تکایە بێدەنگی ڕەعایەت بکەن. هەرکەسـێ نـەزمی دادگـا تێک بدات لە سالۆنی دادگا دەردەکرێ.

تاوانبار، پیاوێکی لاوازی نێونجی‌ساڵی ژاکاوی، سیما شەمزاو بوو. خەم و پەژارەی لێدەباری. بە ناو جەماعەتدا چاوێکی گێڕا. سـیمایەکی ناسـیاوی نەدی، هەموو تووڕە و گرژ و مۆن، لە دەم و چاویان غەزەب دەباری، دادستان

بە ڕقەوە لێ دەڕوانی و سمێڵەکانی لە ژێر ددانیدا دەکرۆژی. بریکارەکەی، پیرەپیاوێکی نەخۆش‌حاڵ بوو، وەنەوزی دەدا. غەڵبەغەڵبێ کەوتبووە نێـو خەڵکەکە، هێندێ مسـتی خۆیـان بـە تاوانبـار پیشـان دەدا، هێنـدێکیش مۆڕەیـان لـێ دەکـرد. دەڵـێی دەیانهەویسـت هـەر کـە حـوکمی دادگـاه ڕاگەیاندرا، دەست‌بەجێ بـە دەسـتی خۆیـان تاوانبـار لـە سـێدارە بـدەن. سەرەڕای ئەم دۆخەش، تاوانبار ئارام و لەسەرەخۆ هەستی بـە ئارامشـێکی قووڵ، لە دەروونی خۆیـدا دەکـرد. بـە هـەر حـاڵ تـا چەنـد سـاتێکی‌تـر چارەنووسی دیاری دەکرا... بۆ... سەرۆکی دادگا، بە چەکوچەکەی، چەند جار مێزەکەی وە نالە هێنا و گوتی:

ـ دادگاه ڕەسمییە، بێدەنگ بن! تاوانبار هەڵسێ!

تاوانبار هەستایە سەر پێ.

ـ تاوانبار خۆی بناسێنێ: نێو، شۆرەت، نازناو!

!............

ـ تۆ تاوانباری بە چەند تاوانی سەلمێندراو، ئایا پێتیان ڕاگەیاندووە!

ـ بەڵێ قوربان، پێیان ڕاگەیاندووم.

ـ جەنابی دادستان، تکایە، (کەیفەرخاست)ەکە، بخوێننەوە.

دادستان، ڕابوو. بە قین و ڕقەوە لە سەر تاپای تاوانباری ڕوانی و دەستی پێکرد.

ـ لە سیمای ئەم پیاوە تاوانبارە جینایەت و تاوان دەبارێ.

بریکار، لەپڕ ڕاپەڕی و بە دەنگێکی ناسک گوتی:

ـ ئیحرازم هەیە جەنابی حاکم، ئیحترازم هەیە!

سەرۆکی دادگا گوتی:

ـ ئیحتراز ڕەوایە. جەنابی دادستان کەیفەرخاستەکەتان بخوێننەوە.

یەک نەفەر لەوپەڕی سالۆنەکەوە هاواری کرد.

ـ تـەواوی خەڵـکی شـار ئـەم تاوانبـارە بەدفـەڕە دەناسـن، نیـازی بـە کەیفەرخاست و دادگا نییە،ئیعدامی بکەن!

بریکار گوتی:

ـ ئیحتراز! ئیحترازم هەیە.

سەرۆکی دادگا گوتی:

ـ بە تاوانی هەر تاوانبارێک بـە گـوێرەی یاسـایی ڕەسـیدەگی دەکـرێ، بێدەنگ بن. کێ بە ئێوە ئیزنی قسەکردنی داوە؟

دادستان،بە چەنـد وردەکۆکـە گـەرووی بـۆ سـاف کـرد و دەسـتی بـە خوێندنەوەی کەیفەرخاست کرد:

ـ ئەم تاوانبارە، جینایەتکارێکی زگماکییە. لە تەواوی قۆناغە ڕەشـەکانی ژیانیدا خاڵێکی ڕوون نابیندرێ. لە چاو هەڵێنانەوە مایەی خەم و پەژارە و دەردیسەری بنەماڵەکەی بووە. وەک پینەیەکی ناجۆر بە کەوای کۆمەڵگاوە نووساوە. بە وتەی ماموستاکانی قوتابخانەکەی، لاسارترین قوتـابی بـووە و بەردەوام پۆلی دەشێواند و مامۆستاکانی ئازار دەدا، چەقاوەسۆیەکی تەواو.

بریکار گوتی:

ـ ئیحترازم هەیە، جەنابی حاکم. ئێمـە، هـەموومان، تەنانـەت جـەنابی دادستان بۆخۆشـیان لـە قوتابخانـەدا تـا ڕادەیـەک لاسـاریمان کـردووە و مامۆستاکانمان ئازار داوە.

ـ ئیحتراز ڕەوا نییە، دانیشە جەنابی بریکار!

دادستان درێژەی پێ دا:

ـ هەر کە دەستی چەپ و ڕاستی خۆی ناسییەوە، بوو بـە جانـەوەرێکی جەهەندەمی! بە کەس ڕاگیر نەدەکرا، وەک جانەوەرێکی یاخی هەوسـاری

پەساند. بە وتەی ئەندامانی بنەماڵەکەی چەند جارێـک، ورکـە پووڵـی لـە گیرفانی بابی دزیوە. چەند جارێک لە ماڵ هەڵاتووە و ئەو باوکە ڕۆژ ڕەشەی بە دوایدا ئاوارەی ئەم شار و ئەو شار بووە. لە هەمان تەمەنی دا، دژی داب و نەریتی کۆمەڵ ڕاپەڕیوە، ئیزنم بدەن...

لە نێو کاغەزەکانی سەر میزەکەیدا کوتەکاغەزێکی هەڵگرت و...

ـ ئەم بەڵگە، نامەی تاقمی شاعیرانی بەڕێزی شارەکەمان لەو زەمانەدایە. شکایەتنامەیە و داوای سزادانی تاوانباریان کردووە. ئەم ناپیاوە لەو تەمەنەیدا، دژی بنەما ئەدەبییەکانی زەمانی هەستاوە و لە نێو شاردا تووی تەفرەقەی چاندووە. نێوانی شاعیرانی تێکداوە و دڵی زۆر شاعیری دڵبەستەی بنەما پیرۆزەکانی شکاندووە و بە جێی شێعر، ورینەی، بە نێو شێعری نەو ڕەواج داوە! ئەم شکایەتنامەیانە بۆ سەرۆکی دایرەی ڕۆشنبیری نووسیوە و...

بریکار سەری هەڵبڕی و گوتی:

ـ قوربان، وەڵاهی ئیحترازم هەیە. شێعر نوێ، هەرچەند پەسەندی خۆشم نییە بەڵام تاوانبار بێچارە بە پێی جەوانی.

ـ ڕەوایە...

دادستان:

ـ قوتابخانە و دەرسی نایـە تاقـەوە، داب و نـەریتی پێشـینیان و بـاب و باپیرانی خۆی پێشێل کرد و چووە نێو تاقمی چەواشەی (هیپی). قژی بەر داوە، بە ئەنقەست لیباسی کـۆن و دڕاوی لەبـەر کـرد و بـە جێـی کـەوش سەرپایی ... و تێکەڵ بە هیپییەکان بوو!

چپە و سرتە کەوتە نێو خەڵکەکە.

سەرۆکی دادگا گوتی:

ـ ئەو تاقمە دز و جەردە بوون؟ نێویان چی بوو؟ چیپی؟

ـ قوربان هیپی. تاقمێکی جەوانی چارەڕەشـی ئیمریکـایی و ئورووپـایی بوون، دەستەدەستە لە ئەوپەڕی دنیاوە دەهاتن بۆ وڵاتە ڕۆژهەڵاتەکان، وە دوای ئارامش دەگەڕان، لە ژیانی ماشینی و دنیـای سـەرمایەداری عـارز و وەڕەز ببوون. زۆر جەوانی ڕۆژهەڵاتیشیان بە دەردی خۆیان برد. ئامانجیان گەیشتن بە کێوەکانی هیمالیا و نپال بوو. لە فەلسەفەی بوودا و بەتایبەت «نیروانا»کەی پەیڕەوییان دەکرد!

سەرۆک دادگا گوتی:

ــ بـۆ خـۆمیش دەمـزانی، ئـەم باسـە ببـڕەوە و بگـەڕێوە سـەر کەیفەرخاستەکەت.

ـ قوربان، ئەم تاوانبارە، بە داخـەوە لـە بەسـتێنی ئـەدەبیات و هونـەردا خاوەنی بەهرەیەکی سەیر بوو. بەڵام بە جێی درێژەدانی ڕێگای مەفاخری میللی وەک حافیز و سەعدی و حەزرەتی مەولانا، بەردی دە گۆمی زەین و بیری لاوان دەهاویشت و دەی‌شڵەقاندن. لە چەند نامەیەکدا کە زەمیمەی پەروەندەیە نووسیویە: دەبێ شێعر و ئەدەبیات لە دەستی چینی چەوساواندا بێ بە چەکی خەبات! ئەڵبەت هێند لاسار و مەلعوون بوو، لە هیچ ئێـوارە شێعر و کۆڕی ئەدەبی پیاوماقووڵاندا ڕێیان نەدەدا و ئەگەریش بـە لـەونێ بیتوانیبا بچێتە کۆڕ و کۆ بوونەوەیەک هەر زوو وەدەریان دەنا. بەڵام قوربان، بەرهەمەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە چەواشەکاندا بڵاو دەبووە.

سەرۆکی دادگا گوتی:

ـ هیچ بەرخوردێکیان لەگەڵ نەکرد؟

ـ ئەی چۆن قوربان! چەند جارێک ساواک گرتی و زیندانیان کرد. بەڵام هەر کە ئازاد دەبوو، دۆخ هەمان دۆخ.

ـ باشە، لە کەیفەرخاستەکەت دوور مەکەوە.

ـ بە کردەوە ناشیرینەکانی خۆی بوو بە هۆی دیقی باوک و دایکی و جا کە دایک و باب مردن کەوتە سەر و کـلاوی خـۆی. لەسـەر هـیچ کارێـک سەقامی نەدەگرت. شەیتانی دەروونی بەردەوام هانی دەدا. دەڵێی خولقابوو، بۆ «نا» گوتن و دژایەتی لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵـگا بـە پێچەوانـەی ڕەوتی جووبار مەلەی دەکرد. ڕشقەنی بە بایەخەکان دەکرد و هەر چـی کۆمـەڵ «نەهی» لێ دەکرد، ئەم ئەنجامی دەدا. کاری خەراپ نەما نـەیکا. تلیـاکی دەکێشا. حەرامە شەربەتانی دەخوارد، مەستی دەکرد. خوێڕی و بەرەڵلا... چەند جارێکیش خۆی بە دەستی عیشقەوە دا. عیشقەکەیشی وەک بنیادەم نەبوو. لە نێو ئەم و هەموو کیژۆڵە نازارانەی شارەکەماندا، چـوو گـیرۆدەی عیشقی کچە قەرەچییەکی سۆزمانی بوو.

بریکار گوتی:

ـ لە ڕەژیمی ڕابردوودا قوربان، زۆر کەس لەم کارانەیان...

سەرۆکی دادگا:

ـ بێدەنگ، دەی جەنابی دادستان، ئیتر چی؟

ـ بەڵام گەورەترین تاوان و جینایەتی، تکایە بەری خـۆ بـدەن، جـەنابی حاکم. ئەم جانەوەرە، ئەم دەعبا دڕندەیە سەرەڕای ئەو هەموو تاوانە...

لە گۆشە و کەناری دادگاوە، چەند دەنگێک تێکەڵ یەکتر دەبوون.

ـ بیکووژن...

ـ سێدارە...

ـ بەردباران!

دادستان:

ـ ژنی هێنا. کچێکی سادە و بێئـەزموونی فریـو دا. ئـەویش نـەک لـە شارەکەی خۆمان، لە ئەوپەڕی وڵات. لە شارێکی دوور دەست، نازانم بە چ

ئەفسوونێکی ئەهریمەنی، ئەو کچە بەستەزمانەی خستە داو و ڕەواندی!

بریکار:

- ئیحترازم هەیە، فریوی نەدا، کچەکەش ئەمی خۆش دەویست، پێوەندییەکەیان پێوەندییەکی ئەویندارانە بوو.

دادستان:

- نەخێر، من دەڵێم فریوی دا. لەسەر قسەی خۆمیش ڕاوەستاوم. ژیانێکی سەرانسەر خەم و پەژارەی بۆ ڕەخساند. بەوەش قانیع نەبوو. سێ منداڵی چێ کرد. ئایا جینایەت لەوە گەورەتر؟ بە جێگەی ئەوە ژیانێکی ڕاحەت بۆ ژن و منداڵەکانی فەراهەم بکا. هەر وە دوای فیکر و ئەندێشە و کردەوە نالەبارەکانی ڕابردوویەوە بوو، شێعری دەنووسی و خەیاڵبافی دەکرد، دژی کۆمەڵگا ڕادەپەڕی و دەچووە زیندان و ئەو ژنە داماوە لە نێو ئاوری چارەنووسی ئەمدا دەسووتا. بەری خۆ بدەن. لە ماوەی بیست ساڵ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئەو ژنە بێچارەدا، تاوانبار، دوازدە ساڵی لە بەندیخانە ڕابوارد. بە هەموو تاوانێک، سیاسی، دزی، شەڕ و داوا،ئەسڵەحەی بێ جەواز، لە ژێر پێی نانی یاسا و... دەیان تاوانی دیکە و گەورەترین تاوانی، پیاوکوژی...

- پیاوکوژی؟

بریکار:

- ئەم کارە، کارێکی تایبەتییە!

سەرۆکی دادگا:

- بێدەنگ!

- ئەم پیاوکوژە، کە ئێستا وەکوو مشک لە جێگەی تایبەتی تاوانبارانـدا ئاوەها مەزڵوومانە دانیشتووە. بە پێی پیلانێکی جینایەتکارانە، دەستی دایە خۆکوژی، خودای تەبارک و تەعالا، گیانی بە مرۆڤ بەخشیوە و جگە خۆی

کەس حەدی ئەوەی نییە، دەست درێژی بۆ بکات. تەنانەت ئەگەر گیـانی خۆشی بێ. بەکورتی ئەم گلاوە، لە درێژەی ژیـانی پـڕ لـە تـاوانی خۆیـدا، دەسـتی داوەتـە هـەموو کـردەوە پیسـەکان و جێگـای بـۆ لێبـوردن و لێخۆش‌بوونی نەهێشتوەتەوە. کەوایە، لە دادگای بەڕێز داوای بالاترین سزا بۆ تاوانبار دەکەم، سپاس!

دادستان ماندوو بوو؛ عارەقی نێـو تەوێڵـی خـۆی سـڕییەوە و لـە پـێش مێزەکەی دانیشتەوە و بە هەمان قین و ڕقەوە چاوی بڕییە تاوانبار، کە وەک بەردی ڕەق دانیشتبوو، سەرۆک دادگا ڕووی لە بریکار کرد و گوتی:

- جەنابی بریکار، وەک ئاخرین دیفاع لە تاوانبار ئەگەر دیفاعێکت هەیە، فەرموون! بریکار هەستا سەرپێ و گوتی:

- نەخێر قوربان... نەوەڵڵا!

ئەویش دانیشت. سەرۆک ڕووی کردە تاوانبار:

- دیفاعێک... میفاعێک؟!

تاوانبار بێئەوەی هەڵسێت گوتی:

- تەواوی کەن!

دەنگی دانیشتووان، تێکەڵ بە یەک ببوو، هەرا و هوریا و دەنگی تووڕەیی.

- تاوانەکانی سەلمێندراوە.

- لە سێدارەی بدەن.

- بەردەباران.

- تەناف بێنن!

- ئاوری دەن.

- ئەبەد، ئەبەدی بدەنێ.

سەرۆکی دادگا، چەند زەربەی بە سەر مێزەکەدا کوتا و گوتی:

- دادگا بۆ ڕاوێژ و مەشوەرەت، نیوسەعات ڕادەوەستێ!

* * *

سەرۆکی دادگا، گوتی:

هەموو هەستنە سەر پێ!

سەرۆکی دادگا، کوتە کاغەزێکی بەدەستەوە گرت و دەستی بە خوێندن کرد:

- تاوانەکانی تاوانبار بۆ دادگا سەلما و ئاشکرایە و تاوانبار مەحکووم دەکات!

دەنگی هەڵبڕی:

- سزای مەحکووم بێنن.

تاوانبار بە سەسووڕماوی سەری هەڵبڕی. چەند مەئمووری لەندەهوور، بارێکی گران، بە شکڵی گاشەبەردێکی زەلامیان هێنا سەحنی دادگا. بارەکە هێندە قورس بوو ئەو چەند مەئمووره بە دووی خۆیاندا دەیان کێشا.

سەرۆک گوتی: تاوانبار بێنن.

تاوانباریان بۆ لای بارەکە برد. مەئموورەکان بە هەزار ناری عەلی نقەنق، بارەکەیان لەسەر پشت تاوانبار نا و سفت و قایمیان کرد. تاوانبار قرمەی ئێسقانەکانی خۆی بیست. سەرۆکی دادگا، گوتی:

- دادگا بە لەبەرچاوگرتنی دان پێدانانی تاوانبار و ڕوون و ئاشکرا بوونی تاوانەکان و هەر وەها بە پێی دیفاعی بە جێگای جەنابی دادستان لە دەقی کەیفەرخاست و هەروەها لەبەرچاوگرتنی بیر و ڕای گشتی تاوانبار مەحکووم بە هەڵگرتنی باری گونا و تاوانەکانی خۆی دەکا. تاوانی مەحکووم ئەوەیە کە لە سەحنی دادگاوە تا گۆڕستانی شار باری تاوانەکانی بە کۆڵ بکێشێ.

* * *

لە دادگاوە تا گۆڕستانی شار زۆر دوور نییە، بەڵام تاوانبار ساڵەهایـە بـە پشتی کۆم و قاچی لەرزۆکەوە ڕێگە دەبڕێ!

## وجاخ

بەیانی زوو، بەدەنگی دایکم وەخەبەر هاتم:

ـ هەستە ڕۆڵە گیان، هەستە درەنگە، ئەو بێزمانانە،خەریکن شێت دەبن!

خەواڵوو هەستام، هاواری برایمە شوان، لە خوار گوندەوە دەهات.

ـ گەل ئەلوا... گەل ئەلوا!

لەسەر بانی بەرامبەرمان قاسپەی کەوەکانی حەمەی وەستا فەتاح دەستی پێ کرد. جگە کەوە لینییەکەی سەرپاکی کەوەکان لە قەفەزدا بوون. دەنگیان تەژی لە تاسەی هەڵفڕین و پەژارەی دیلی بوو. کەوی لینی ئازاد و سەربەست بەم لاولادا دەسووڕایەوە و بە لە خوبایی خۆی گیف دەکرد و بە سەرە کەوە دیلەکاندا دەیخوێند. لەسەر ئەم قەفەز بۆ ئەو قەفەز هەڵدەفڕێ و بای لە گەروو دەکرد. کەوە دیلەکان بە چاوە سوور و خەماوییەکانیانەوە، لە کێوی بەرامبەریان دەڕوانی.

لەسەر بانجێڵەکەمان ڕاوەستابووم. چەندم پێ خۆش بوو. بە ساچمەزەن، کەڵلەی کەوە لینییەکە، بپەڕێنم. بە دەنگی دایکم وە خۆ هاتمەوە.

ـ ڕۆڵە گیان! درەنگە. ئەوە چ دەکەی لەو بانە؟

حەمەی وەستا فەتاح سەری هەڵدا بزەیەکی سەر کەوتوانە سمێڵە قنجەکانی تا لای چاوی هەڵبڕیبوو. کەوە لێنییەکەی گرت و دەستی نوازشێکی بە سەرداهێنا و مشتێ دانەی ڕژاندە بەری و گوتی:

ـ زندە بە کەلەت، کەوە جوانەکەم، ئافەریمت لێ بێ. جا بزانم ئێمـڕۆ چ دەکەی؟!

کەوە دیلەکان، سەریان بە ناو یەکدا کردبوو. بڕێ جار ئاوڕێکیان لە کەوی لینی دەدایەوە چاویان پڕ لە نەفرەت و ڕق بوو. حەمە داوە تۆڕییەکەی پان کردەوە و دەستی کرد بە گرێ دانەوەی تاڵە پساوەکان، دیـار بـوو ئـەوڕۆ دەچووە ڕاوەکەو؛ هەمیشە لای ئێوارە دەچوو خۆی لـە کۆڵـیتەکەی سـەر کانیاوی (کانی ئاسکان) حەشار دەدا و کەوە لینییەکەی بەر هەڵا دەکـرد. کەوەکە دەپەڕیە سەر گاشـەبەردی لای کـانی، چـاوی دەنووقانـد و زاری دەکردەوە. جەلجەلە باڕە و گواری کەم تاوەز و بە بیستنی قاسپەی کەوی لینی، بەرەو کانی بەر دەبوونەوە. بێخەبەر لەوەی کە داوەتـۆڕی حەمـەی وەستا فەتاح ئامادەیە. هەر کە کەوەکان بە تـەمای دانـە و ئـاو دەهـاتن و لەسەر تۆڕەکە کۆ دەبوونەوە، حەمە دەست بە کار دەبوو شەقەی تۆڕ دەهات و...

حەمە پێ کەوە دیلەکانی بە شریت دەبەست. شەلوکوت و زامدارەکانی هەر لەوێ سەردەبڕی و باقیەکانی دەهێناوە بۆ ئاوایی و ئیتر بە نۆبە هـەر ڕۆژەیـەک دوانیـان دەکەوتنـە بـەر ڕەحمـەتی **چەقـۆ**...! خـەڵاتی کەوەلینییەکەش مشتێ دانە و پیاڵەی ئاو.

* * *

بیرەوەرییەکان وەک فیلمێکی سینەمایی لە مێشکمدا ڕیز دەبوون. کاتێ هەواڵـی مـەرگی باوکمیـان هێنـاوە. شـەش‌سـاڵان بـووم، کوێخاکـەریم، هەواڵەکەی هێنا. بۆخچەیەکی بە دەستەوە بوو و هەر لـە بـەر دەرکـەوە دایکمی بانگ کرد. هاجەر... هاجەر! ڕۆڵە هاجەر زەحمەت نەبێ.

دایکم لە جێی خۆی ویشک بوو، ڕەنگی هەڵبزرکا،وەک جاوگی سپی لێ

هات. جامانەکەی باوکمی ناسیەوە و بە دوو دەست لە تەختی سینگی خۆی کوتا و...

ـ مامەکەریم! چ قەوماوە. مامە کەریم بیکە بە خاتریخودا.... سلیمان چی بە سەر هاتووە؟ کوێخا کەریم سەری داخست و گوتی: هاجەر گیان، کچی مامی! ئەمن ڕووڕەشم ڕۆڵە، هەواڵێکی خەراپم پێیە! هەواڵەکە بەڵاو ببۆوە، خەڵک گەمارۆی دابووین.

دایکم خۆی دە قوڕ گرت. بسکە درێژەکانی چەپکچەپک بە مقەست بڕی. کوڵمەکانی بە نینووک ڕنی. چەمەر ئاوازێکی خەماوی چڕی؛ پڕ لە سۆز و گریان. چەمەر ئاوازێک کە کەس، تا ئەو کات نەیبیستبوو!

کوێخاکەریم بۆخچەکەی دانا، مامم لێی پرسی: ئابرام کەی...

قڵپەی گریان، دەنگی خواردەوە. کوێخا گوتی: ئەمنیەکان دەڵێن، لە کرماشان لە داریان داوە! دەڵێ گەروویان دەگووشام خەریک بووم دەخنکام. لەپڕ فرمێسکەکانم بەربوونەوە و خۆم هاوێشتا باوەشی دایکم. هێشتا دوا قسەکانی باوکمم لە بیر بوو. کاتێ ئەمنیەکان، هەر دوو دەستیان لە پشتەوە کەلەبچە کردبوو و لەگەڵ هاوڕێکانیان دەیان بردن، کورتەساتێک، ئیزنیان دا لەگەڵ دایکم قسە بکات:

ـ هاجەر! خەمی منت نەبێ، شوکری خوا بکە وەجاخمان کوێر نییە!

من دەگریام، ڕەنگە ئەو کاتە دەمزانی کە ئیتر باوکم نابینمەوە.

نوشتایەوە، ماچێکی کردم و بە گوێمدا چرپاندی:

ـ پیاو ناگری. پیاو بە کوڕم، پیاو! ئاگات لە دایکت بێ.

(ئەول) دوای هاتنە گرتنی باوکم و هاوڕێکانی و کوژرانی هێندێکیان، سەری هەڵگرت و گوندی بەجێهێشت. چووە شار و بە جورێ کە دەیانگوت بوو بە پیاوی ساواک. دایکم دەیگوت:

ـ ئەولەی غەیان، وەک کەوی لینی باوکت و هاوڕێکانی فریو دا و...

دایکم دەیگوت: ئەولە هەوەڵ دەگەڵ بابت بوو، ساواک و ئەمنیە کردیانە کەوی دەستەمۆ!

لە دایکم دەپرسی: ـ دایە، ساواک چییە؟

دایکم دەیگوت: چووزانم ڕۆڵە گیان! جانـەوەرە! پیـاوخۆرە، پیـاوکوژە، دڕندەیە، خوێنخۆرە!

لە دایکم دەپرسی: دایەگیان، باوکم چی کردبوو، تاوانی چی بوو؟

دایکم دەیگوت: ڕۆژێک چەند کەسێ لە شارەوە هاتن هەموو مێرخاس و بەلەنگاز، جەوان و لەخۆبردوو، لە زوڵم و زۆر وەزالە هاتبوون. لەگەڵ بابت ناسـیاوییان بـوو. دەیـانگوت شـا زاڵـمە،سـتەمکار و نۆکـەری بێگانەیـە. دەیانهەویست دژی شا ڕابوەستن. تەفەنگیان هەڵگرت و ڕوویان کردە کێو. باوکیشت لەگەڵیان کەوت، ئەمنیـە و سـاواکی زۆریـان کوشـت. ئەولـەش لەگەڵیان بوو. تفاق و ئازۆخەی بۆیان کۆ دەکـردەوە. هـاتووچۆی ئـەملا و ئەولای دەکرد، ڕاسپاردەیان بوو. ئەمنیە و ساواک فریویان دا. ئەولە خۆی پێیان فرۆشت،خەیانەتی کرد.

* * *

کەوی لینی لەسەر یەکێ لە قەفەزەکان، بە فیز و لە خوبـایی، باڵـەکانی فش کردبووە، دەنگی دایکم:

ـ زوو بە ڕۆڵە گیان، زووبە! بەرخەگیان!

برایمە شوان، ڕانی وەبەر دابوو. ڕێگەی بەر ئاوایی لە تۆز و غوباردا نوقم ببوو. بە رقەوە لە کەوە لینییەکەم ڕوانی. هەناسەیەکم هەڵکێشا و لە دڵی خۆمدا گوتم: ئاخ، ئەولە سیخور!

لەو وەختەدا، حەمەی وەسـتافەتاح، چەقۆکـەی لـە گیرفـان دەرهێنـا،

دەرکەی قەفەز گەورەکەی کردەوە و کەوێکی کێشا دەرەوە و لە بەرچاو باقی کەوەکان، سەری بڕی.

ـ ئاخ! ئەولە سیخور!

ئەولە باڵەکانی فش کرد. پاڵێکی لێ دا و هات لەسەر خوێنەکە هەڵنیشت. پێی و دەندووکی لە خوێنەکە ڕۆ کرد!

دەم و چاوم شوشت، دڕەنگ بوو، بە پەلە چەند پارووێکم هەڵمەقووت کرد و هەستام. چوومە گەوڕ لە گوشەی کۆزی بەرخ و کاڕە ساواکاندا. ساچمە زەنەکەی باوکم هەڵگرت. لە کاتێکەوە کە توانیبووم، تفەنگەکە هەڵگرم و تیرئەنازی پێی بکەم، دایکم ئیزنی هەڵگرتنی پێی دابووم.

ساچمەزەنم کردە شان و حەیوانەکانم دایە بەر. دایکم گوتی:

ـ ئەو تفەنگە بۆ کوێ دەبەی ڕۆڵە!

ـ جێی پێ کەروێشکێکم دۆزیوەتەوە.

دەمزانی لای ئێوارە حەمەی وەستافەتاح بۆ کانی ئاسکان دەچێ و تۆڕەکەی لە ژێر خاکی بەر کۆڵیتەکەیدا پان دەکاتەوە و خۆی حەشار دەدا و...

* * *

لای ئێوارە حەیوانەکانم بەرەو دۆڵی کانی ئاسکان ئاژواند. دڵنیا بووم حەمەی وەستافەتاح لە کۆڵیتەکەدایە و چاوەڕوانی هاتنی جەلەکەوە. کەوی دەستەمۆ لەسەر تاشەبەردێک، سینگی دابووە پێش و قاسپەی لە دوڵ و دەری دەنگی دەدایەوە. ساچمە زەنم پڕ کرد. حەیوانەکانم بە بۆرە ئەسپارد و کەوتمە ڕێ. کاتێ گەیشتمە نزیکی کۆڵێت، خۆم لە پشت گاشەبەردێکدا شاردەوە. کەوەلینی دەیخوێند. کەناری بەرابەر جەلەیەک بارەکە و وەڵامیان دەدایەوە بە خۆمم گوت: هەموویان گەوارن، زوو فریو دەخۆن، ساویلکە و

بێئاوەزن.

مامم دەیگوت: ساواک و ئەمنیە لە لای کانی ئاسکان بۆ سـەیان دانـا و ئەولەیان خستە بەر. دەستەی شۆڕشگێڕ لە ئەولە دڵنیا بوون. ئەولە لە سەر کانی ڕاوەستا و کۆڵەکەی دانا و دەنگی هەڵبڕی. ئەوانیش وەک جاران، بە پێ درِدۆنگی ـ برسی و تینوو ـ وەکوو جەلەکەو بەرەو خوار بوونەوە. کاتێ نزیک بوونەوە، ئەولا ڕای کرد و خۆی لە پەنا تاشەبەردێک شاردەوە و ئەمنیە و ساواک لە چوار لاوە ئەوانی دایە بەر دەسـڕێژ. گـەمارۆ داربـوون. چەنـد کەسیان لێ کوژرا.

* * *

کەوەکە دەیخوێند. جەڵەکەوە لە نسارەوە بەرەو خوار، لە شەقەی باڵیان دا. کەوی لینی کاتێ ئەوان گەیشتنە لای کانیاوەکە، بە چەند قونە خـۆی گەیاندە سەر کەڵکەپاسارە کۆڵیتتەکە باوکم لە نـوای هـەموویان دەهـات. تفەنگەکەی بە دەستەوە گرتبوو. برسی بوو. تینـووی بـوو. ئەولـە لەسـەر کەڵکەپاسارەکە ڕاوەستا بوو:

ـ ئاخ ئەولە سیخوڕ!

قرمەی ساچمەزەن دەرەیکانیئاسکانی شڵەژاند. ئەولە بـە دەور خۆیـدا سووڕێکی خوارد و سەرەنگەر بوو. جەلەکەوی شڵەژاو، ڕوویان کردەوە نسار. ئەولە دوای چەند لاقە فرێ تۆپی. چاوەکانم بەست، ئۆخژن هات بە دڵما. دەنگی باوکم لە دوورەوە بیست:

ـ هاجەر! خەمی منت نەبێ، شوکری خودا بکە وەجاخمان کوێر نییە!

## گورگ

فەتەشێتە بە کووچە و کۆلاندا، سواری ئەسپ چێوییەکەی بووە و غار دەدا و منداڵە ورکە دوای کەوتوون. هەندێ جاریش تێی دەرووژێن و لێی دەدەن و ئازاری دەدەن، فەتە هەر کە ئێشی پێدەگا سەر بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکات: دایە!

تەنیا وشەی دایەی دەزانی، دەم و چاوی بریندار بوو دەور و بەری بیست ساڵە بوو. بالابەرز و خوشقەلافەت و ڕێکوپێک، بەلام چلکن. فەتە ببوە مایەی کایە و گاڵتەی منداڵە ورکە. ئازاری بۆ کەس نەبوو. بڕێجار مندالانی هار و هاج هێندە ئازاریان دەدا، ڕووی لە دەشت و دەران دەکرد. کاک ساڵح مجێوری مزگەوت زۆر جار لە دەستی مندالانی ڕزگار دەکرد. دەستی دەگرت و دەیبردەوە مزگەوت، بەلام تاقەتی نەدەگرت و هەر زوو خۆی لە کاک ساڵح بزر دەکرد. پێخاوس و جلوبەرگ دڕاو بوو. هەر کات برسی دەبوو بەر دەرکەی ماڵێکی دەگرت و بانگی دەکرد: دایە! ژنی خاوەن ماڵ دەرکەی دەکردەوە. فەتە دەمی دادەچەقاند، دەیوت: حەمحەم. ئیتر دەیانزانی فەتە برسییە و نانی دەوێ و بۆیان دەهێنا. هاوینان هەر کوێ بایە سەری دەنایەوە و وەرزە ساردەکانیش کاک ساڵح دەیبردە مزگەوت و لە پاڵ زۆپاکەدا دەیخەواند. کاک ساڵح زۆر جار لە بەرانبەریەوە دادەنیشت و لە چاوەکانی دەڕوانی، ئەو چاوانە زۆر ئاشنا بوون، بەلام کاک ساڵح نەیدەزانی

ئەو چاوانەی لە کوێ دیوە. چوار ساڵی پێش، ڕۆژێکی پاییزی لای ئێواران، لە بەر عەمارەتی کۆنی ئەربابی کە هەر ناوەکەی مابوو ببووە کـەلاوە،وەک هەمیشە چەند پیاوێکی لەسەر کۆتەرە دار و بەرد دانیشتبوون، قومـان لـە جغارە دەدا لە هەموو بابەتێکەوە قسەیان دەکرد. ئەو ڕۆژەش مەحیە داڵێ بەری بە بەردارەوە نەدەدا و درۆی زلزلی دەکرد، قومێکی قووڵی لە مۆدنە درێژە داربەلاڵووکییەکەی دا و وتی:

ـ بەزات و بێعەیبی خودا قەستەم، شەو هاتم بۆ مزگەوت و بۆ سەر ئـاو کاتێ هاتمە دەرەوە دەعبایەک سەر ڕێیەکەی پێ گرتبووم، پێ لە زەوی بوو سەری لە ئاسمان. بە فڕکە چووم قورعانەکەی مزگەوتم هێنا و وتم: ئـەی مەخلووقی عەجاباتی خودا! هەرچی هەی، مێردەزمەی، ڕمووزنی، جنی... بیکە بە خاتر ئەم قورعانە شیرینە ڕێگەم بدە بڕۆم. بـە خـوا تـا وام گـوت گەردەلوولێ هەڵیکرد و...

حەمەی کاحەبیب:

ـ حەک خودا غەزەبت لێگرێ بۆ ئەو درۆوە زلە،ئەی باشە ساڵحە مجێور لە کوێ بوو. ئەرێ برا کا ساڵح شتی وابووە؟ کاک ساڵح مجێوری مزگەوت ملێکی نایە لارەوە بە بزەوە وتی:

ـ کا حەمە مەحیە داڵێیە ئیتر.

حەمەی کاحەبیب وتی:

ـ عەرز باسیحات خۆمان بێت جێگەی درۆزن نێوەڕاستی جەهەندەمە.

بۆیە پێیان دەوت مەحیە داڵێ، ساڵێکیان شوان بوو، هێشتا خۆرەتاو بە ئاواییەوە بوو، مێگەلی هێناوە و وتی:

ـ بە زات و بێعەیبی خودا قەستەم، لەو بەر، قەلاگا، داڵێکم لێ پەیدا بوو، بە زات و بێعەیبی خودا قەستهم، هێندەی گوێرەیەکە بوو. ڕاست هـات و

چنگی لە دووباڵم توند کرد بەرەو ئاسمانی بردم، وەخت بوو زاڵەترەک بم. خواو ڕاستان کەوتمە بیر دۆعاکەی بن باخەڵم، دۆعاکەم دەرهێنا و وتم بە ئیزن و حوکمی ئەم دوعا شیرینەی حاجی کاکە شێخ، بمبەوە جێگای خۆم، بە زات و بێعەیبی خودا قەستەم، هێنامیەوە لە جێگاکەی خۆمی داناوە.

مەحیە داڵێ کە ئەو ڕۆژە مێگەلەکەی بە دوا شوانەکەی سپاردبوو، بە دەرفەتی دەزانی درۆکانی هەڵڕێژێ.

وتی: ئەوەم نەوتووە بۆتان پێرەکە چیم بەسەر هات. بە زات و بێعەیبی خودا قەستەم پێرەکە لە بان مەیان گەلەگورگێکم لێ ئاسەڵا بوو. کوڕە بزانە عەقڵی من تا کوێ بڕ ئەکا، هەر شەوی پێشووی چوومە لای حاجی مامۆستا و وتم: حاجی مامۆستا گیان! گورگە ناو. دەمبەسێکم بۆ بکە. ئایەتی دەمبەسی بە سەر چەقۆی کافرمانەکەم خوێندەوە. بە زات و بێعەیبی خودا قەستەم، چەقۆی کافرمانەکەم دەرهێنا و خۆم کوتایە نێو گەلەگورگ! لە چاو تroوکانێکا، نازانم زەوی قووتی دان،ئاسمان هەڵی‌کێشان، گورگ هەر... لە پڕ مەحیە داڵێ بەرزەپێ هەستا و وتی:

ـ بیسمیللاهی ڕەحمان و ڕەحیم.

زەلامێک لە سیلەی کۆڵانی پاڵ عەمارەتەوە پەیدا بوو و هەر کە گەیشتە لای پیاوەکان ڕاوەستا. مەحیە داڵێ دەستی بۆ دۆخینەکەی برد و وتی:

ـ دۆخینەکانتان بکەنەوە مێردەزمەیە، زۆر جار لە قەراخ قەبرستان دیومە!

حەمەی کا حەبیب وتی: عەرز باسیحات خۆمان بێت مەیکە هەرە، ڕوو ڕەشی لا خوا! غەریبەی سەیر و سەمەرە، لاوێکی تەمەن بیستساڵ، جلوبەرگ دڕاو و چڵکن و پێخاوس بوو.

کاک ساڵح، تەماشای چاوەکانی لاوی کرد، چەند ئاشنا بوو. نیگایەکی سەرگەردانی بوو. لە هەمووی دەڕوانی و لە کەسی نەدەڕوانی. مەحیە داڵێ

وتی: مێردەزمەیە!
سوفی کەریم گۆچانەکەی بە زەویدا کوتا و دوای چەند کۆخەیەک وتی: دا بەسە مەحیە! با بزانین ئەم بەندەی خودایە کێیە.
لەمکاتەدا دەرکەی ماڵی ڕووبەڕوو کرایەوە ژنێ هاتە دەرەوە. غەریبە هەر کە ژنەکەی بینی بە ناڵەیەکی پڕ لە ئێش و ئازارەوە وتی: دایە! حەم... حەم ئاماژەی بۆ دەمی کرد و دووپاتەی کردەوە: حەم، حەم...
ئافرەتەکە وتی: ئەی ڕۆ ئەم حۆڵە عەجایبە چییە؟
حەمەی کاحەبیب وتی: عەرز باسیحات خۆمان بێ، دیارە برسییە.
سۆفی کەریم وتی: حەلیمە، ڕۆڵە! خێرت دەگا یەک دوو نانی بۆ بێنە.
حەلیمە چووە ماڵەوە و کە گەڕایەوە، غەریبە وەها هەڵمەتێکی بۆ نانەکە کرد حەلیمە قیژاندی و ڕای کردە ماڵەوە. غەریبە لەسەر عەردە خۆڵە پۆتییەکە دانیشت و بە هەڵپەهەڵپ نانەکەی ئاودیو کرد.
حەمەی کاحەبیب وتی: عەرز باسیحات خۆمان بێ، دیارە شێتۆکەیە و لە هەر کوێ بێ لە ئاوایی خۆی ڕاویان ناوە.
سۆفی کەریم دوای چەند کۆخەیەک وتی: کوڕم بە خێر بۆ کوێ ئۆغر دەکەی؟
غەریبە هیچ وەڵامی نەدایەوە، هەر گوێشی لە لای سۆفی کەریم نەبوو.
مەحیە داڵێ وتی: بە زات و بێعەیبی خودا قەستەم ئەگەر لە ئاوایی دەری نەکەین دایدەکوتێ و ئیتر ئیفلاتوونیش نایجوێنێ.
کاک ساڵح وتی: باشە، ئەوە لەو ئاواییە بێ چە زیانێکی بۆ خەڵکی هەیە؟
حەمەی کا حەبیب وتی: عەرز باسیحات خۆمان بێ، جێگە و ڕێگەی دەوێ خۆ ویژدانمان قەبووڵ ناکات لە زستاندا لە دەرەوە بمێنێتەوە.
کاک ساڵح: مزگەوت خانووی خودایە و ئەو بەستەزمانەش بەندەی

خودایە. چی دەبێ لە زستان و هەوا ساردیدا، لە پاڵ سۆپەی مزگەوت بخەوێ.

چەند منداڵە ورکەی پەیدا ببوون. لە چاوە زیت و هاجەکانیان دەدا، دیار بوو حەزیان لە ئازاری ئەو غەریبەیە. غەریبە هەر کە منداڵەکانی دیت، هەر دوو لەپی بە دەم و چاوییەوە گرت.

سۆفی کەریم وتی: ڕۆڵە تو زمانت نییە؟

غەریبە بە ترسەوە لە منداڵەکانی دەڕوانی. کوڕێکی لاسار، ورکە بەردێکی بۆ هاویشت. بەردەکە وە سەری کەوت و هاواری کرد: دایە!

کاک ساڵح وتی: ئێرە چۆڵ کەن لکبێرمە ناقتانەوە.

منداڵ بڵاوەیان کرد. کاک ساڵح بۆ خۆیشی نەیدەزانی بۆچی ڕەحمی بۆ ئەم کوڕە شێتە نەناسراوە دەبزوێ. چاوەکانی... کاک ساڵح لە چاوەکانی ڕامابوو. ئیتر لەو ڕۆژە، لەو ئاواییە سەقامگیر بوو. وای لێهاتبوو خەڵکانی دەور و بەر ئەو ئاواییەیان بە ناو (فەتە)وە دەناسی. ناوی فەتەیان لەسەر دانا. کاک ساڵح جاربەجار دەیبرد و لە حەوزە خەڵوەتەکەی مزگەوتدا دەیشوشت، بەڵام هەر زوو نوقمی چڵک دەبوو.

* * *

کاک ساڵح، لە دوا سەفەریدا بۆ شار، دەستێ جلی نیمداری بۆ فەتە کڕیبوو. کاتێ جلەکانی لەبەر دەکرد لە بەرخۆیەوە دەیوت:

ـ ئاخ ئەگەر ئەو کارەساتە ڕووی نەدابایە. ئێستا منیش لە ژینگەی خۆم لە لای ژن و منداڵی خۆم بووم، هەتا هەتایە ویژدانم لە بێتاوانی ژنەکەم ئازارم دەدا. بوختان بوو کاتێ بەوم زانی سەری خۆم هەڵگرت. ئیتر لەو کاتەوە هەر ساڵ و دوو ساڵ ڕوو لە دێهاتێ دەکەم. نازانم کوڕە ساواکەم چی بەسەر هات. ئەگهر زیندوو بایە لە تەمەنی فەتەدا بوو دوای چەند ساڵ دەربەدەری

و دوورەولاتی کاتێ چوومەوە و هەواڵم پرسی، وڵامێکی سەرڕاستیان بە دەستمەوە نەدا، براکانم وتیان ون بووە و کەس نازانێ لە کوێیە، بەڵام خەڵک وتیان براکانی خێزانت کوشتیان، دەیانوت زۆڵە و دەبێ بمرێ.

* * *

لەبەر عەمارەت بوو بە زڵە و هەرا، فەتە خۆی پێ ڕانەگیرا، سواری ئەسپە چێوەکەی بوو و بە غار خۆی گەیاندە بەر عەمارەت. سەلیم شینەی ڕاوچی گوریسێکی لە ملی گورگێک بەستبوو و بە دوای خۆیدا دەیکێشا و دەیان منداڵ و مێرمنداڵ بە بەرد و دار لە گورگ ورووکا بوو، لە پای ڕاستی گورگ خوێن دەچوڕا. سەلیم شینە، مێخ تەوێڵەی سەر گوریسەکەی لە زەوی داکوتا. گورگ بە نیگایەکی هەراسان و دوو چاوی پڕ لە وەحشەت و نیگەرانی بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و هەر کە ئێشی پێدەگەیی، یان کەڵبە تیژەکانی نیشان دەدا و دەینووزاندەوە. کاتێ فەتە هات هەموو گورگیان لە بیر چوو. فەتە بەو جل‌وبەرگە و بەسەر شانی کرا و دەم و چاوی شۆردراوە، سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا:

مەحیە داڵێ وتی: بە زات و بێ‌عەیبی خودا قەستەم نەمناسییەوە، بە خوا برا قۆزە. هەر کەسە و قسەیەکی دەکرد. فەتە یەکڕاست چوو بۆ لای گورگەکە. چاوی لە چاوی گورگ بڕی. هەر کە بەردێکیان لە گورگ دەدا هەستی دەکرد لە ئەوی دەدەن.

ئەحمەد باوە خان وتی: ئەرێ سەلیم ئەم گورگەت لە کوێ هێناوە.

سەلیم وەک سەردارێکی سەرکەوتوو، دەستێکی کرد بە ژێر پشتوێنەکەیدا و بەرخەبەبەری پڕ لە بار کرد و وتی: بەسەر یەکێ لە تەڵەکانما کەوتبوو.

فەتە چاوی لە گورگ هەڵنەدەگرت، وردە‌ـ وردە لە گورگ نزیک دەبۆوە.

ـ کۆڵە مەینەت هەڵسە لەوێ دەخوات! فەتە جووڵەی نەکرد. یەکێ وتی: لە داری بدەین.

کەریم سەعی وتی: ناوەڵڵا نەوتی لە سەر کەین و ئاوری دەین.

فەتە غەرقی چاوەکانی گورگ بوو. دەنگی گورگ لـە دەروونیـا دەنگـی دەدایەوە.

ـ فەتە ڕزگارم کە... نامناسیتەوە، تەماشای چاوەکانم بکە.

مەحیە داڵێ وتی: بە زات و بێعەیبی خودا قەستەم، جارێکی تەڵەم بـۆ وردەنەچیران دانابوو، کاتی بەیانی چوومە سەر تەڵە دەبینم ورچێکی پێوە بووە.

یەکێ وتی: کوڕە کا مەحیە بۆ خاتری خودا، ئەو وڵاتە ورچی کوانێ.

مەحیە وتی: جا چوزانم. ڕێگەی هەتڵە کردووە، بڕوام پێ ناکەن. فرۆتم بە لۆتی، هەر کە ڕێگەیان کەوتە ئێرە لێیان بپرسە!

کاک ساڵح هات و لەسەر کۆتەرە دارێ دانیشت و وتی:

ـ فەتە ڕۆڵە هەڵسە، گازت لێدەگرێ.

فەتە هاواری کرد: دایە!

هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا و حەمەی کاحەبیب وتی:

ـ عەرز باسیحات خۆمان بێ، لێی تێکچووە. بێقەزا بێ هەر وتت شێت تەواوە.

سەلیم شینە وتی: دەمەوێ هەر دوو چاوی نیشانە بگرم، بە دوو گوللە، هەر دوو چاوی دەپێکم، گرەویش دەکەم!

کەریم سەعی وتی: ناوەڵڵا ئاوری تێبەردەین.

پلکەڕەعنا وتی: جەرگ و سپڵەکەی بسووتێنن.

کچێکی جوان لـە پلکـە ڕەعنـای پرسـی: بـۆچی جـەرگ و سپڵـەکەی

دەسووتێنن؟ پلکە ڕەعنا، بە سرتە شتێکی بە گوێچکەی کچدا دەچرپانـد، کچە، لە شەرمان سوور هەڵگەڕا. فەتە هەر بە تەواوی لە گورگ نزیک بۆوە. نوقمی چاوەکانی گورگ ببوو. لەپڕ هاتە بیری: سێ‌چوال سالان بوو، باوکی و دوو برای دایکی، دایکیان خستبووە سووچێکی ماڵ و بە مست و بە دار و بە شەپ لێیان دەدا، چاوە هەراسان و نیگەرانەکانی هێنایەوە یاد،دایکێ بە چاو لە مێرد و براکانی دەپاڕایەوە و بەردەوام دەیوت: بەخوا بێ‌تاوانم، بە خـودا بوختانیان بۆ هەڵبەستووم.

دەرکەکەیان داخستبوو کەس هاوار و ناڵەی دایکـی نەبیسـێ و فریـای نەکەوێ. ئەم بە واق‌وڕمانەوە سەیر ئەو دیمەنە سـامناکەی دەکـرد. ئیتـر تاقەتی نەگرت ڕایکرد و خوی خستە باوەشی دایکی. چاوەکانی دایکی پڕ لە ترس و فرمێسک و پاڕانەوە بوو.

یـەکێ لـە خاڵـەکانی بـە غەزەبـەوە پلـی گـرت و فـڕەی دایـە ئەوبـەر ژوورەکەی. سەری دای لە دیوارەکە و بۆ ماوەیەک بوورایەوە. کاتێ وە هۆش هاتەوە چاوەکانی ڕەشکە و پەشکەیان دەکرد و سەری وە گێژەوە دەچوو. دایکی بێ‌دەنگ ببوو، ئەوانیش دەستیان لە لێدانی هەڵـگرتبوو و لـە نـاو خۆیاندا سرتەیان بوو. ڕای کرد و خۆی خستەوە باوەشـی دایکـی. دایکـی نەدەجوولا، چاوەکانی تاقمی بنمیچـی ژوورەکـەوە مۆڵـەق مـابوو، زمـانی کەوتبووە لا لغاوەی دەمی. بە گریانەوە هاواری کرد: دایە گیان.

سەلیم شینە، لە چەند مەتری گورگەکەوە ڕاوەستا و وتی:

ـ دە هەڵستە شێتە!

گورگ وتی لە بیرت چوو چییان لێ‌کردم. فەتە مەهێڵە جارێکی‌دیکەش، بمکوژنەوە. فەتە لە چاوی گورگ و کاک ساڵح لە چاوی فەتەدا غەرق ببوو. لەپڕ چاوەکانی ناسییەوە. چاوەکانی کەژاڵی خێزانی قوڵپەی گریانی ئەوکی

پێکرد. هەتا هات هەڵسێ. فەتە پڕ بە گەروو هاواری کرد: دایە گیان!
پڕی دایە مێخ تەویلەکەی لە زەوی هەڵکەند و بە هەموو هێزەوە نایە غار، گورگەکەش وەک بزانێ مەبەستی فەتە بەو پێیە بریندارەیەوە، لە فەتە دوا نەکەوت. هێندە گورگ و فەتە لێک نزیک بوون فەتە هەستی بە گەرمی هەناسەکانی گورگ دەکرد. کاک ساڵح نەڕاندی: نەکەی سەلیم، جەماڵی کوڕم! نەکەی.
تەقە دفەنگی دەنگی کاک ساڵحی خواردەوە و فەتە بە ڕوودا کەوت و خوێن لە کەڕاکەیەوە فیشقەی کرد. دوو جار دەمی داچەقاند و گیانی دەرچوو. گورگ لەسەر تەرمەکەی فەتە ڕاوەستا. سەلیم شینە دوو هەنگاوی مابوو بگا بە گورگ. تفەنگەکەی خستە سەر دەست. گورگ بە قەڵمبازێک ئاوقەی سلیم بوو و کەڵبەکانی لە گەردەنی سەلیم گیر توند کرد و چەند جار ڕایتڵەکاند و شادەمار و قوڕوقڕاچەی هەڵدڕی. سەلیم، خۆی بە ناو خاک و خۆڵدا دەخولپاندەوە و هاواری دەکرد، بەڵام گورگ هەتا گیانی دەرنەچوو تەرمەکەی جێ نەهێشت. کاتێ سەلیم ساردەوە بوو گورگ گەڕاوە سەر تەرمەکەی فەتە و تێرتێر دەموچاوی لستەوە و شەلانشەلان بەرەو دۆڵدێ هەڵکشا...

انتشارات علمی کالج



ISBN 9786005827569
9786005827569

انتشارات علمی کالج



ISBN 9786005827569

9786005827569